یەکەمین گۆڤاری کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی
لە کوردستاندا

لە پێناو گەلێکی خاوەن بڕیاردا

بڕیار

58

ساڵی پێنجەم
نیسانی
2013

مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لەوانەوە فێربووم!!

ژیانت بگۆڕە..
تۆ شایەنی باشترینی!

قوتابییەکی زیرەك

نەکەی بڕۆی!

گەڕێ لە هەندەران هاتوویتەوە؟!

نرخی ژیان !!

گەنجانو ئارەزووی هاوسەرگیری..

لەگەڵ صابری شاعیردا

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

لە شەوێکی زستاندا ، کاتێك پاشا بە لای دەروازەی شاردا تێپەڕی، چاوی بە پاسەوانی دەروازەکە کەوتو پێی گوت: ئەوە تۆ بەو جلوبەرگانەتەوە سەرمات نییە؟

پاسەوانەکەش گوتی: گەورەم من لەگەڵ ئەم سەرمایەدا ڕاهاتووم!

پادشا: نابێت، سەرمات دەبێت، فەرمان دەدەم جلوبەرگی گەرمت بۆبێنن تا سەرمات نەبێت!

بەڵام پاشا بیری چوو....

بەیانییەك لەبەردەمی دەروازەکەدا لاشەی پاسەوانەکەیان دۆزییەوە کە لەسەرمانا ڕەق هەڵاتبوو!

لەسەر دیواری دەروازەکەش نوسیبووی: گەورەم من بەسەرما ڕاهاتبووم، بەڵام بەڵێنی جلوبەرگە گەرمەکانت، بەم دەردەی بردم!

ئەم لاپەڕەیە بە سپۆنسەری
گروپی کۆمپانیاکانی ڕەسەن بڵاو دەکرێتەوە
RASAN
Group

NO. 58

The first Magazine Specialized in Management and Human Development in Kurdistan

لە پێناو گەلێکی خاوەن بڕیاردا

بڕیار

مانگنامەیەکی تایبەتە بە کارگێڕی و گەشەپێدانی مرۆیی

سالی پێنجەم - ژمارە 58 - نیسانی 2013

کارگێڕی و بازاڕسازی

5

خاوەنی ئیمتیاز

ئەندازیار: مەسعود تاهیر ڕۆژبەیانی

سەرنووسەر

عادل محەممەد شێخانی

sarnosar@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین

بەرزان ئەبوبەکر

دەستەی نووسەران

هاژە شێروانی - پەری شێخ کەریم

پەیمان بەرزنجی - بێگەرد فارس

محەممەد مێرگەیی - وەهاب حەسیب

محمد هاشم محمد - ئەسکەندەر ڕەحیم

ڕاوێژکاری یاسایی

پارێزەر: ئازاد محێدین

بەشی هونەریو دیزاین

قەیدار ڕەحیم

پشتیوان عبدالرحمن

8

13

ناونیشانی گۆڤار

سلێمانی - شەقامی سالم -تەلاری جەمالی حاجی عەلی- نهۆمی سێیەم- نزیك پردی خەسرەو خاڵ

٣١٩٣٩٤٦ - ٠٧٧٠٢١٧٨٦٨٢

هەولێر - شەقامی تاران - کۆمپانیای ڕەسەن - نزیك وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون

٠٧٥٠٤٤٦٣٢٣٠

E-mail: bryarmagazin@gmail.com

بەشی ڕیکلام: گۆران جەمیل ٠٧٧١٠٢٧٩٧١٨ - ٠٧٤٨٠١١٢٧٨٧

بۆ دەستکەوتنی بەرهەمەکانی بڕیار لەشاری هەولێرو دەرووبەری

٠٧٥٠ ٥٢٥ ٣٠٣٥ - ٠٧٥٠ ٤٧٦ ٣٧٠٧

14

دابەشکردن: کۆمپانیای پەیك
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

چاپ: کۆمپانیای پیرەمێرد

نرخ 2500 دینار

دیسان بەهارێکی نوێ‌و هەناسەیەکی نوێ بۆ ژیان*

ئەگەر هەموو دەرگاکانمان بە ڕوودا دابخرێت، ئەوا دەرگای میهری کردگار هەرگیز بە ڕوومانـدا داناخرێت، پروشەی باران، نمەی شەونمی سەر پەڕەی گوڵ، سروەی بەری بەیانی‌و چریکەی بولبول‌و بۆنی گوڵاوی گوڵزاری بەهارو خوڕەی ئاوی کانیاوەکان، دیمەنگەلێکی هێندە دڵڕفێنن، دڵی مرۆڤ دێننە سەما!

پیرەمێرد وتەنی: وشکە سۆفی دێنێتە گۆرانی!

بەهاری ئەمساڵیش، نۆبەهارێکی بێ هاوتایەو دەمێکە کوردستان، وەها وەرزێکی بەخۆیەوە نەبینیوە!

هەلێکی زێڕینە بۆئەوەی پشوویەك بە ناخمان بدەین‌و داوە ئاڵتونییەکانی تیشکی خۆر، دڵ‌و دەروونمان ڕووناک بکاتەوەو بە تەواوی هەستکردن بە گەورەیی سۆزو میهرەبانی خوداوەند، دەستی سوپاس هەڵبڕین‌و ستایشی پەروەردگار بکەین!

چونکە کاتێك ئەو دەیەوێت بە میهرو ئەوینی خۆی خەڵاتمان بکات، ئیتر کەس ناتوانێت، ڕێبەند بێت!

سەرچاوەی شادمانی‌و سەعادەتی مە، خوداوەندی گەورەیە، لە تاریکترین شەودا، چرای هیوامان بۆ هەڵدەکات، لە دژوارترین بارودۆخدا دەروازەی ڕزگاری‌و ئاسودەییمان بۆ دەکاتەوە.

زۆر گرنگە ئێمەش سود لەو دەرفەتە خودایانە وەربگرین‌و لەگەڵ هاتنی بەهاری نوێدا، هەناسەیەکی نوێ بۆ ژیانێکی نوێ بە سییەکانمان هەڵمژین‌و خۆشی‌و شادمانی‌و هیوا بە میهرو سۆزی خودایی، هەموو کونج‌و کەلەبەری دڵەکانمان داپۆشێت.

با هێندە خەم لە ڕابردوو، چوار مێخەی هەستو نەستمان نەکێشێ‌و لە خۆشییەکانی ژیان مەحروممان نەکات، با هێندە دنیا بە کوڵماندا نەدەین‌و بە لافو گەزافی ئەهلی دونیا خەمبار نەبین! با چاومان لە باق‌و بریقی تەفرەداری ئەم دنیایە نەبێت! ئەوان بەڕاستی مەحرومن!!

خودای گەورە حیکمەتی خۆی هەیەو هیچ کارێکی بێ حیکمەت نییە!

هەرگیز مەهێڵن وەهم‌و خەیاڵی خراپ ئاسمانی هیواتان لێڵکەن.

خۆشبەختی ئێمە لە دڵەکانماندایە، ئەو دڵانەی کە جگە لە پەروەردگار، کەس سوڵتانی بەسەردا نییە!

سەرچاوەی دڵنیایی‌و ئاسودەییمان لەو باوەڕەوەیە کە لامان وایە هیچ کارێك بێ ویستی خوای گەورە نابێت!

لە بەرامبەریشدا، ئەوەی لەسەر ئێمەیە کارەکانمان بە ڕێك‌وپێکی ئەنجام بدەین‌و بەرەو ئامانجەکانمان هەنگاو بنێین‌و ڕانەوەستین!

خۆشەویستان بەهارەو تا دەتوانن لە خەڵاتی کردگار بەهرەمەندبن‌و خۆشی‌و شادی لە نێو خۆتان‌و ماڵ‌و منداڵ‌و دەوروبەرتاندا پەخش بکەنەوە. ئێوە موژدە بەخش‌و شادی هێن‌و خەفەتبەرن، لەگەڵ تاهیر بەگیشدا بڵێن:

چەمەن یەکبارە خامۆشە، خرۆشی بولبولان بابێ
دڵ ئەمرۆ ماتو خامۆشە، خودا فەصڵی گوڵان بابێ

*لەبەرگرنگی بابەتەکەو هەبوونی چەند هەڵەیەکی چاپ، بەباشمانزانی یەکەم دڵۆپ دووبارە بکرێتەوە، بە هیوای بەهارێکی خۆش بۆ هەموو لایەك..

کارگێڕی بە گوفتار

واز لە هاوڕێ مەهێنە ئەگەر پشتیشی تێکردیت، ڕوو مەدە بە دوژمن ئەگەر سوپاسیشی کردیت.

عومەری کوڕی عەبدول عەزیز

من لە خودی خۆم ڕازی نیم، ئیتر بۆچی زەمی خەڵکی بکەم.

ڕەبیعی کوڕی خوسەیم

یەکەمین ناونیشانی شکۆداری، قوربانیدانە بە ڕۆح.

مەدام دۆستایل

قژی سپی، ئەرشیفی ڕابردووە.

ئیدگار ئالان پو

هەندێك بە پیری لە دایك دەبن، هەندێکیش بە لاوی دەمرن.

شەکیب ئەرسەلان

مرۆڤی بێ دوژمن، کەسێکی بێ نرخە!

پەندێکی سربی

هێزی هاوکاری، بنیاتنەری بەختیارییە!

پیاوێکی حەکیم لە گوندێکی هەژار لای دا، بە سیمای کوخە بچکۆلەکانی گوند، زانی کە گوندنیشنەکان زۆر هەژارن.

حەکیم زۆر هیلاكو ماندوو بوو، زۆری برسی بوو، سەفەر برستی لێ بڕیبوو، لە یەکێك لە کوخەکان نزیکبووەوەو لە دەرگای داو پاشان داوای خواردنو خواردنەوەی کرد، خاوەنی کوخەکە پێی گوت: من شتێکم نییە لە خۆم زیاد بێت، بڕۆ بەڕێی خۆتدا!

لە دەرگای دووەمیداو هەمان وەڵامی دەستکەوت.

بەرەو لای کوخی سێیەم هەنگاوی نا، لەوێدا ئافرەتێكو چەند منداڵێکی چاوپێکەوت، کاتێك داوای خواردنی لە ئافرەتەکە کرد، لە وەڵامدا گوتی: من چۆن بتوانم خواردن بە تۆ بدەم، لە کاتێکدا بە هەزار دەردە سەری دەتوانم منداڵەکانم بەخێو بکەم!

حەکیمەکە زانی کە ئافرەتەکە دەیەوێت یارمەتی بدات، بەڵام دەستی کورتەو هیچی بۆ ناکرێت!

لەبەرئەوە لێی پرسی: ئایا مەنجەڵێکی چێشتلێنانت لا دەست دەکەوێت؟!

ئافرەتەکە گوتی: بەڵێ، پاشان مەنجەڵێکی گەورەی بۆ هێنا.

حەکیمەکە گوتی: من بەردێکی ئەفسوناویم پێیە، هەرکاتێك بیخەمە نێو ئاوی کوڵاوەوە شۆربایەکی ئەفسوناویمان پێدەبەخشێت!

ئافرەتەکە مەنجەڵەکەی خستە سەر ئاگر، دەنگۆی شۆربا ئەفسوناوییەکە لە نێو گونددا دەنگی دایەوە، پۆل، پۆل، خەڵکی بۆ تەماشاکردنی لە دەوری مەنجەڵەکە کۆبوونەوە، بۆئەوەی بە چاوی خۆیان ببینن کە چۆن ئاوە کوڵاوەکە دەگۆڕێت بە شۆربایەکی بەتام!

کابرای حەکیم بەردەکەی خستە نێو ئاوە کوڵاوەکەو بە کەوچکێك تامی کردو گوتی: تامی زۆر خۆشە ئەگەر هەندێك گێزەرمان هەبا، ئەوا تامی خۆشتر دەبوو، بە ئافرەتەکەی گوت: تۆ هیچ گێزەرێك شك نابەیت؟!

ئافرەتەکە گوتی: بەڵێ، شکی دەبەم، چەند گێزەرێکمان هەیە، پاشان گێزەرەکانی هێناو حەکیم وردی کردو کردییە نێو مەنجەڵەکە.

جارێکی تر حەکیم تامی شۆرباکەی کردو گوتی: زۆر خۆشە، بەڵام ئەگەر هەندێك پیازمان هەبا، ئەوا زۆر بەلەزەتتر دەبوو!

ئافرەتەکە پیازی نەبوو، بەڵام یەکێك لە دراوسێکان پەیدای کردو هێنای! دواتر حەکیم داوای خوێو پەتاتەو چەند شتێکی تری کردو هەرکەسەو شتێکی بۆ شۆرباکە ئامادەکرد، تا لە کۆتاییدا شۆربایەکی بێوێنەی لێ دەرچوو!!

خەڵکی گوند دەستیان کرد بە دابەشکردنی شۆربا بەلەزەتەکە، بەوپەڕی شادمانییەوە تامی ئەو شۆربا بەلەزەتەیان دەکرد.

ئافرەتەکە ئاوڕی دایەوە بۆ لای کابرای حەکیم تا سوپاسی بکات، بەڵام بینی کابرا ونبووە، خەڵکی گوندەکەش وانەیەکی گەورە فێربوون!

دوای ئەو ڕووداوە هەموو شەوێك لە نێوەڕاستی گوندەکەدا مەنجەڵەکەیان دەخستە سەر ئاگرو ئیتر لە برسێتی ڕزگاریان بوو!

لەم چیرۆکەوە فێردەبین کە:

١- بە هاوکاریو هەرەوەزی، دەتوانین شادمانیو بەختەوەری بۆ هەمووان بەدەستبهێنین.

٢- خەڵکی گوندەکە خۆیانو منداڵەکانیان لە برسا دەیاننالاند، بەڵام کاتێك هەموو تواناو داهاتەکانی خۆیان بەیەکەوە خستەگەڕ، هەموویان سوودمەندبوونو لە برسێتی ڕزگاریان بوو.

٣- بەشداریکردنو هاوکاریکردنمان بۆ یەکتری شتێکی زۆر جوانە، دەتوانین بیرۆکەی جوانو خزمەتی گەورە پێشکەش بە یەکتر بکەین.

٤- دانیشتووانی گوندەکە برسیو هەژارو بێهێزبوون، بەڵام کاتێك تواناکانیان یەکخست، بوون بە گوندێکی بەهێز.

٥- لە مێژە پێشینانمان دەڵێن: هێز لە یەکێتی دایە، برا لە پشت برا بێت مەگەر قەزا لەلای خودا بێت، تەنها پەنجەیەك هیچی پێناکرێت، کە کردت بە پێنج کێ بەرگەی دەگرێت، دەبا ئەم وتانە لە بیر نەکەینو لە ژیانی ڕۆژانەماندا کاریان پێبکەین.

٦- لەوانەیە هەریەکێك لە ئێمە بە تەنها خۆی بەکەم بزانێت! بەڵام ئەگەر هەمووومان بە یەکەوە کاربکەین، ئەوا بێگومان گروپێکی زۆر بەهێزمان لێ پێکدێت.

٧- ژیان بە پێکەوە ژیانو هاوکارییەوە خۆشە، ئێمە مرۆڤین، ناتوانین بە تەنیاییو کەنارگیری بژین، دەبا باوەشی سۆزو خۆشەویستی بۆ یەکتر بکەینەوە!

تەنها بۆ سەرکردەکان

ئەگەر ناتەوێت سەرکردە بیت، ئەم لاپەڕەیە مەخوێنەرەوە!

من شکستم نەهێنا،
بەڵکو دە هەزار ڕێگام
دۆزییەوە کە کارناکەن!

ئەدیسۆن

ترست بۆ خۆت هەڵبگرە،
بەڵام کەسانی دەوروبەرت
بەشداربکە لە ئازایەتیدا!

ڕوبرت لویس

وەکو کەسێکی بێ وێنە هاتیتە
ئەم دنیایە، مەهێڵە لەسەر
وێنەی کەسێکی تر بمریت

.....

بە قوربانیدان نەك بە
خودپەرستی، دەستکەوتە
گەورەکان وەدیدێن!

ناپلیون هیل

کاتێك دەرگایەکی بەختەوەری
دادەخرێت، دەرگایەکی تر
دەکرێتەوە، بەڵام ئێمە زۆرکات هەر
تەماشای دەرگا داخراوەکە دەکەینو
دەرگاکەی تر فەرامۆش دەکەین.

هیلین کیلر

دەبێت ئامانجی دوورت
هەبێت، تا بیر لە وردە
شکستەکانت نەکەیتەوە!

چارلز نوبڵ

وەهاب حەسیب محەممەد

بەکارهێنانی کات..

بە فیڕۆدانو خۆ بە کۆیلەکردن لە کاتی جیاوازدا

کات نەك تەنها ئەو شمشێرەیە کە هەمووان دەبڕێت، تەنانەت ئەو ئامێرە نەبینراوە هەست پێکراوەیە، کە هەموومان وردو خاش دەکاتو دەمانکات بە پاودەر. ئەوەتا خودای تاکو تەنها دەفەموێت (والعصر إن الإنسان لفي خسر....).

کاتێك نوسینەکەی سیاسەتمەداری عێراقی (عادل عەبدول مەهدی)م خوێندەوە، بە باشمزانی وتارەکەی خوێنەرانی گۆڤاری (بڕیار) ببینن، ئەم چەند دێڕەم وەك وەڵامێك بۆ ئەو نوسینە یادداشت کرد. ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان، ئەوان کات وەك سەرمایەی ڕاستەقینە تەماشا دەکەن، بە خاتری ئەوەیە داوادەکەن تەنانەت لە دۆخە نائاساییەکانی وەك لە تەنگەژەی هاتوچۆشدا چالاکییەك ئەنجام بدرێت.

گەلی براینە، جیاوازییەکە لە نێوانی ئێمەو ئەواندا ئاسمانو زەوییە. بەڵام دەکرێت خاڵی هاوبەشی تیادا هەڵبگۆزرێتو دواتر سودی لێوەربگیرێت.

بەکارهێنانی کات.. بە فیرۆدانو خۆ بەکۆیلەکردن لە کاتی جیاوازدا

بە گوێرەی ڕووماڵێك، کە وەزارەتی پلاندانو نەتەوەیەکگرتوەکان پێی هەڵساون، ڕۆژانەی گەلی عێراق کە پێکدێت لە: ١٤٤٠ خولەك، عێراقیەکان تێکڕاو بەمشێوەیە وەبەرهێنانی تیادا دەکەن:

٦٦٦ خولەك بۆ خەووخواردن، بەمشێوەیە: (٥٧٤) خولەك بۆ نوستن، (٩٢) خولەك بۆ خواردن.

تەماشاکردنی تەلەفزیۆن (١٧٩) خولەك، ئامادەکردنی کاری ماڵ (١٧٦) خولەك. ئەو کارانەی باسکران تێکڕا (١٧) کاژێریان تیادا خەرجدەکرێت.

ئەو (٧) کاژێرەی دەمێنێتەوە عێراقییەکان بەمشێوەیە خەرجیدەکەن:

(١٣٠) خولەك بۆ کارکردن، کە (٣١) خولەکی لە چونو هاتنەوەی شوێنی کاردا تەواو دەبێت.

(٥٥) خولەك بۆ سەردانی کۆمەڵایەتی.

(٥٤) خولەك بۆ خوێندن، ئەو ماوەیە (٢٦) خولەکی لە پۆلدا تەواودەکرێت، ئەو (٢٨) خولەکەی کە دەمێنێتەوە لە بیرکردنەوە لە پێداویستی ماڵو لێکۆڵینەوە لە.... .

(٤٣) خولەك بۆ: چاودێری تەندروستیو کەسێتی لەوانە: خۆشۆرین، لەبەرکردنی پۆشاکو خۆڕازاندنەوە.

(٤٢) خولەك بۆ چالاکی ئایینی.

(٦٨) خولەك بۆ چالاکی جۆراو جۆر..

ئەوەی کە دەمێنێتەوە (٢٧) خولەکە، لە کاتی بەتاڵو کامەرانیو خۆشگوزەرانیدا خەرجدەکرێت.

بۆ نموونە: کاتێك لە ڕووی بەکارهێنانو بەفیرۆدانی کاتدا بەراوردێك دەکرێت لەگەڵ وڵاتێکی پێشکەوتووی وەك (ژاپۆن)، تێدەگەین ئێمە چەند دواکەوتووین.

کاتێك ئێمە (٩،٣٤) کاژێر بە خەو تەواو دەکەین، ئەوان تەنها (٧،٥٦) کاژێر لەو بوارەدا خەرجدەکەن. عێراقییەکان (٣،٥٩) کاژێر بە دیار تەلەفزیونەوە دادەنشین، ژاپۆنییەکان تەنها (٢،٢٠) کاژێر.

بەڵام یابانییەکان چەند بەرانبەری ئەو کاتانە خەرجدەکەن لە: کاری زانستیو وێژەییو ئاسودەیی ژیانیان، یان لە گەشەکردنی تواناو ئارەزووەکانو ڕامانیان لە خۆیانو دەووروبەریاندا.

لە کاتێکدا عێراقییەکان تەنها (١،٣٩) کاژێر لە کارکردندا خەرجدەکەن، ژاپۆنییەکان بۆ کارکردن (٣،٢٩) کاژێریان داناوە. تێفکرەو ئەو کارانە بەراوردبکە بە: کاری تەندروستی، خێزان، هۆکارەکانی گواستنەوەو نیشتەجێبوون. گشت ئەو کارانەی باسکران بەراوردکارییەکەیان لە ڕووی چەندایەتیەوە بوو.

ئەگەر بارودۆخەکە لە ڕووی چۆنایەتیەوە تاوتوێ بکەین، ئەوا ماوەکە زیاتر دووردەکەوێتەوەو قەبارەی بۆ شاییەکە فراوانتر دەبێت.

ئەو کاتانەی مرۆڤ لە قوتابخانە، کارکردنو هۆشیاری تەندروستیدا بەسەرییان دەبات کارێکی گرنگە، بەڵام گرنگتر لەوانە ئەوەیە: ئادەمیزاد بە پەروەردەیەکی تەندروست پەروەردە بکرێتو کارێکی بەرهەمداری هەبێت بەشێوەیەك داهاتێکی گونجاوی بۆ دەستەبەر بکات، کە لە ژیاندا مایەی دڵنیایی ڕاستەقینەی بێت. هەروەها پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی بکات، دواتر ڕەنگدانەوەی لەسەر چاودێری تەندروستی خۆیو خانەوادەکەی هەبێت.

ڕاستەو بارودۆخی ئاسایشی وڵات: (بەتایبەت لە ناوەڕاستو باشوور) هۆکارن لە تێکدانو ناشیرنکردنی چرکە ساتەکانی ژیانمان لە بواری وەبەرهێناندا، هۆکارن لە ڕووکردنە خەوتنو مانەوەمان لە ماڵەوەداو وەبەرهێنان لەو بوارانەدا، بەڵام ئەم شێواندنە زۆر لەوە ئاڵۆزترە، تەنها پەیوەست بکرێت بە لایەنی ئاسایشەوە، هۆکارەکەی تەواوی تێگەیشتنی فەلسەفەی دەوڵەتە لە چەمکی هاوڵاتی، هەڵسوکەوتی هاوڵاتییە لەگەڵ خۆیو خانەوادەو کۆمەڵگاکەی.

لە کۆتاییدا بەهای ژیانو پەروەردەمان، لایەنی کۆمەڵایەتی، شێوازی سیستەمو دابو نەریت بەرپرسن لەو ناهاوسەنگییە.

دەرئەنجامی کۆتایی چاك بەکارهێنانی کاتە، بەشێوەیەك مایەی بەدیهێنانی مادیو مەعنەوی مرۆڤانەمان بێت، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئازادی، بەرپرسیارێتی خۆمانو تواناکانمان، لەسەرحسابی جۆرەها کاتی بەفیرۆدراو، کاری پوچگەراو خۆ بەکۆیلەکردن، کە بەجۆرەها شێوە کۆتو بەندیان کردووین.

500 بیرۆکەی قەشەنگ
بۆ ڕێکخستنی هەموو شتێك...

هۆشو بیر

٢٧٠- ئەرێ ئەو شتە لە کوێیە؟

بۆ ساتێك بیربکەرەوە: ئایا شتانێك هەن کە هەمووجار شوێنەکانیت لە بیربچێتەوەو بە شوێنیاندا بگەڕێیت؟ ئایا ئەم حاڵەتە بەردەوامە؟ ئەگەر بەو جۆرە بوو، ئەوا پێویستت بە دیاریکردنی شوێنێکی تایبەتە بۆ ئەو شتەو ئیتر فێر دەبیت هەمووجارێك لەوێدا ئەو شتە دابنێیت.

٢٧١- نیشانەیەك لای دەرگاکە:

ئەگەر پێش لە ماڵ دەرچوونت ترسی لە بیرچوونی کارێکی گرنگت هەبوو، ئەوا لە پشت دەرگای حەوشەوە نیشانەیەك دابنێ ئەو کارەت بیربخاتەوە، لەوانەیە بتەوێ کوژاندنەوەی گڵۆپەکان، یان فڕێدانی زبڵی ئەو ڕۆژەت لەیاد بێت، بەڵام ئەگەر کێشەکەت لەبیرچوونی خودی شتێك بوو نەك لە بیرکردنی کارێك، ئەوا ئەو شتە ئەگەر کتێبێکە، یان ئامێرێکی ماڵەکەتەو دەتەوێ لەگەڵ خۆت بیبەیت بۆ چاککردن، ئەوا ئەو ئامێرە لە پشت دەرگاکەوە دابنێ، یان هەڵیواسە بە دەسکی دەرگاکەداو بێگومان بەوجۆرە لە یادی ناکەیت.

٢٧٢- تا ڕۆژانە یادت بێتەوە:

لە پشت دەرگای حەوشە، یان دەرگای سەرەکییەوە، بزمارێکی گەورە هەڵواسەو کۆمەڵێك کاغەزی پێوەبکەو هەر تێبینییەکی گرنگت هەبوو لەسەر ئەو کاغەزانە ڕۆژانە بیاننوسە، بەو جۆرە هەمیشە تێبینییەکانت لەبەرچاوت دەبن، چونکە هەر کات لە ماڵ دەرچوویت ئەو کاغەزانە دەبینیت.

٢٧٣- ڕێگایەکی تر بۆ یادهێنانەوە:

جۆرە تەختەیەکی نوسین هەیە کە بە ئاسانی ئەو شتانە دەسڕێنەوە کە لەسەری دەنوسرێن، ئەم تەختەیە هەمان مەبەستی ئەو کاغەزانە دێنێتە دی کە لە بڕگەی پێشوودا باسکران، بەڵام لەمیاندا ناتوانیت تێبینییەکانت لەگەڵ خۆت ببەیتە دەرەوە، دەتوانی لەگەڵ بەکارهێنانی ئەم تەختەیە، لەسەر کاغەزێکیش لیستێك بۆ ئیشو کارەکانی ڕۆژانەت بکەیتو لەگەڵ خۆت بیبەیتە دەرەوەو ئەو کاتە بەکارهێنانی تەختەکەو لیستەکە پێکەوە دڵنیایی زۆرترت پێدەبەخشن.

٢٧٤- یادهێنانەوەیەك بۆ بەیانیان:

بۆئەوەی سەرلەبەیانی سبەینێ یەکێك لە کارە گرنگەکانت بیر نەچێت، وەك پوچەڵکردنەوەی سەردانی پزیشکێك، یان گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی، ئەم تێبینیە لە پارچە کاغەزێکدا بنوسەو لەسەر جوڕنە (حەوز)ی گەرماوی ماڵەکەت دایبنێ، بێگومان سەرلەبەیانی کە چویتە حەمام بۆ خۆشۆردن، ئەگەر بەدەم خەویشەوە بووە چاوت بە کاغەزەکە دەکەوێتو ئەو کارەت دێتەوە یاد.

٢٧٥- تەپکەی یادهێنانەوە:

هەر شتێکت هەبوو کە سەرلەبەیانی لەگەڵ خۆت بیبەیتە دەرەوە، وەك کۆمەڵێك نامە، یان جلوبەرگێك بۆ شتنو ئوتو، ئەوا لەبەردەم دەرگای ژووری خەوتنەکەدا دایبنێ، بۆئەوەی لەگەڵ چوونە دەرەوەت چاوت پێی بکەوێت، بە جۆرێك دایبنێ کەسێکی تر پێی پیانەنێت.

٢٧٦- خۆ شۆردنت پیرۆزبێت:

ئەگەر لە ناوەڕاستی خۆشتنو لە ژێر ئاوی دوشەکەدا شتێکی گرنگ هات بە یادتا، ئەوا شوشە، یان دەبەی شامپۆکە لە شوێنێکی دیاری حەمامەکەدا وەك نیشانە دابنێ، تا کاتێ لە خۆشۆردن دەبیتەوە، چاوت پێی بکەوێتو بێتەوە یادت بۆچی لەوێدا داتناوە.

ن: شیری بایکۆسفی..
و. بۆ عەرەبی: محمد عنان..
و. بۆ کوردی: زانکۆ قەرەداغی

٢٧٧- ژمارەی نهێنی جانتاکەت:

ئەگەر ژمارەی نهێنی کردنەوەی جانتاکەت، یان کۆمپیوتەرەکەت زوو زوو بیردەچێتەوە، ئەوا ژمارەیەك هەڵبژێرە کە پەیوەندی بە خۆتەوە هەبێت، وەك ڕۆژی لە دایکبوونی هاوڕێکەت، یان ژمارە تەلەفۆنی هاوڕێیەکت، یان ژمارە حسابی بانك، ئەگەر ئەم ژمارانەت لەبەربوو چاکتر وایە ڕۆژی لە دایکبوونی خۆت بەکارنەهێنی، چونکە لەوانەیە بێت بە خەیاڵی دزێکداو جانتاکەت، یان کۆمپیوتەرەکەتی پێ بکاتەوە.

٢٧٨- لە یاد ناکات:

ئەگەر لەو کەسانەی کە شتیان لە یاد دەچێت، ئەوا پشت بە هۆشوبیری خۆت مەبەستە، یان دەفتەری دیدارەکانت سیخناخ کردبێت بە بەرواری دیدارو ئیشو کار، خۆت لەسەرئەوە ڕابهێنە کە هەر دیدارو ئیشو کارێکت ئەنجامدا لە ئەجەندەی دیدارەکانتدا تۆماری بکە. ڕەنگە ئەم شێوازە جۆرێك لە زۆرەملێی تێدابێت، بەڵام جێگا بۆ پەشیمانیو حەسرەت ناهێڵێتەوە.

٢٧٩- کلیلەکانم لە کوێ دانا؟

ئەگەر گرفتت هەبوو لە هاتنەوە یادی ئەو شوێنەی کە شتومەکە تایبەتەکانی خۆتی لێ دادەنێیت، وەك خشڵو دیکۆمێنتە گرنگەکانو کلیلو چاویلکەکەت، ئەوا لە کۆمپیوتەرەکەتدا فایلێك بکەرەوە لە ژێر ناونیشانی (لەوێدایە)، لەو فایلەدا ئەگەر شوێنی شتێکت گۆڕی، یان شتێکی تازەت لە شوێنێکدا دانا تۆماربکە، دەتوانی پاسۆردێك بۆ ئەم فایلە دابنێیت ئەگەر ویستت فایلەکە نهێنی بێت، ئەگەر کۆمپیوتەرت نەبوو لە فایلێکی ئاساییدا ئەو زانیاریانە تۆماربکە.

کاروباری گشتی

٢٨٠- تا چەترەکەت بپارێزی:

ئەگەری ئەوە هەیە چەترەکەت بزربکەیت، ئەگەر لە سوچێکدا داتنا، یان هەڵتواسی بە بزماری پشتی دەرگایەکدا، ڕەنگە زۆرجار پێویستت بەوە هەبێت چەترەکەت دابنێیتو دەستەکانت ئازادبن، چەند ڕێگەیەك هەیە سودی لێوەردەگیرێت.

١- چەترێکی گەورە بەکاربهێنە لەو جۆرەی بە فایشێك هەڵدەواسرێت بە شاندا.

٢- چەترێکی بچوك بەکاربهێنە کە بتوانی لە جانتای کتێب، یان لە گیرفانی پاڵتۆکەتدا دایبنێیت.

٣- هەوڵبدە هەڵیواسی بە پشتێنەکەتدا.

٤- پەتێك بە درێژی ٦٠سم ئامادەبکەو کۆتاییەکەی ببەستە بە شانتەوەو چەترەکەتی پیا هەڵواسە.

٢٨١- لەبری فلیمێك دوان:

هەمیشە فیلمێکی زیادەت بۆ کامێراکەت پێبێت، کە دوا وێنەی هەر فیلمێکت گرت، بەکرەی فیلمەکە لە کامێراکە دەربهێنەو بیخەرە قوتوی ئەو فیلمە تازەیەوە کە دەیخەیتە کامێراکەو لەسەر کارتۆن (قوتو)ی فیلمەکە بەروارو زانیاری سەبارەت بە فیلمەکە بنوسە، ئەگەر دەتەوێت دواتر تووشی ماندوێتیو سەرلێتێکچوون نەبیت.

٢٨٢- هەڵوێستێکی جیاواز:

ئەگەر پێتوابوو توشی ڕووداوێك بوویت کە ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی یاساییت دەکاتەوە، یان سکاڵایەك، ئەوا دەستبەجێ درێژەی ئەو ڕووداوە گەرماوگەرم تۆماربکە، بە جۆرێك بەروارو کاتو ناوی کەسەکانو گفتوگۆو قسەکانیانو هەموو شتێکی تر کە پێتوایە بەسوودە لەخۆ بگرێت.

٢٨٣- دەرگای سەرەکی ماڵەوە (مدخل المنزل):

لە دیوی ناوەوەی دەرگای سەرەکی ماڵەوە مێزێکی بچوك دابنێ، بۆئەوەی بتوانی لە کاتی پێویستدا دەستکێشو کڵاوی لەسەر دابنێیتو لەسەر مێزەکە ئاوێنەیەك دابنێ تا لە کاتی لەماڵ دەرچوون، یان گەڕانەوە بۆ ماڵەوە سەیرێکی ڕوخساری خۆت بکەیت، دەتوانیت لە هەمان شوێندا چەند بزمارێك لەسەر دیوارەکە دابکوتیت بۆ هەڵواسینی چەترو خاولیو بەرماڵو لە ژێر مێزەکەشدا قەڵچەو پارچە پەڕۆیەك بۆ سڕینی پێڵاوەکانت دابنێ.

٢٨٤- سنگێکی (بزمارێکی) گەورە لای دەرگای حەوشە:

لای دەرگای حەوشە بزمارێکی گەورە دابکوتە بۆ هەڵواسینی ئەو عەلاگەو زەرفانەی لە بازاڕ دەیانهێنیتەوە، یان چەترەکەت بۆئەوەی دەستت ئازاد بێتو کلیلەکانت لە گیرفانت دەرکەیتو دەرگاکە بکەیتەوە.

دارایی - پارە (ماڵو سامان)

٢٨٥- یەکەمجار شتە گرنگەکان:

بۆئەوەی زانیاریت دەربارەی ئەو چەکانە بیر نەچێتەوە کە دەیاننوسیتو بەدواداچوونیان بۆ دەکەیت، ئەوا هەموو زانیارییەکان لە تۆماری چەکەکاندا بنوسە، پێش ئەوەی چەکەکە خۆی بنوسیت.

٢٨٦- مانگ بە مانگ:

بنەماکانی ژمێریاری فێری ئەوەمان دەکات کە سەرەتای هەرمانگێك لاپەڕەیەکی تازە بکەینەوە، هەروەها لە کۆتایی هەموو ساڵێکدا دەفتەرێکی تازە بۆ تۆمارکردنی چەکە بانکییەکان بکەینەوە. ئەم شێوازە کار ئاسانی دەکات بۆ دۆزینەوەی هەر پارەدانێکی پێشترو دووریشمان دەخاتەوە لە دووجار پارەدان، هەروەها ئاسانکاری دەکات بۆ ئامادەکردنی حساباتی باج.

٢٨٧- قەڵەمی چەکەکان:

کاتێك دەچیت بۆ بانك بۆ وەرگرتنی چەکێك، لەگەڵ خۆت پسوڵەی بانكو لیستی سپاردنو ئامێرێکی حاسبەی گیرفانو قەڵەمو دەفتەری چەکەکانت ببە، کە دەگەیتە بانك لەبری ئەوەی بچی بۆ لای یەکێ لە مێزەکانو لەوێ وەك خەڵکەکانی تر چەکەکەت پڕبکەیتەوە، ڕاستەوخۆ بچۆ ڕیزەکەوەو تا سەرە دەگاتە تۆ، چەکەکەت پڕبکەرەوەو لیستی ڕەسیدەکەت بنوسە. کاتێك دەگەیت بە پەنجەرەی پارە وەرگرتن هەموو کارەکانت تەواو کردووەو چەکەکەت ئامادەیە.

٢٨٨- پارەڕاکێشانی میکانیکی (ئالی):

هەندێك کەس پێیان وایە لە ڕاکێشانی پارەدا لە ڕێی بانکی ئەلکترۆنییەوە، پێویست بە تۆمارکردنی بڕی پارەی ڕاکێشراو، یان دانراو ناکات، ئەمەش دەبێتە هۆی لە دەستدانی توانایان بۆ بە شوێناچوونی جموجۆڵی حساباتەکانیان. چارەسەری ئەوەش بەوە دەبێ هەموو وەسڵەکانی ڕاکێشانو سپاردنی پارە لە ڕێی سیستمی ئالییەوە لای خۆت بپارێزیتو هەتا تەواوی زانیارییەکانی ئەم وەسڵانە لە دەفتەری چەکەکانتا تۆمار نەکەیت لەناویان نەبەیت.

٢٨٩- پێداچوونەوە:

هەرکاتێك دەرخستەی حساباتی مانگانەت لە بانکەوە پێگەیشت، دەستبەجێ پێداچوونەوەی دەفتەری چەکەکانت بکەو لەوە دڵنیابە کە هەردوکیان چونیەکن، ئەگەر نەتزانی ئەم پێداچوونەوەیە چۆن ئەنجامبدەیت، ئەو نوسراوە بخوێنەرەوە کە لەسەر پشتی کاغەزی دەرخستەکە نوسراوە، تا بزانیت چاکترین ڕێگا بۆ ئەم کردارە چییە؟ ئەم کرداری پێداچوونەوەیە سودی باشی دەبێت ئەگەر هەردولاتان (تۆو بانك) هەموو کردە بانکیەکانیان بە وردی تۆمارکردبێتو پارێزگاریتان لەو تۆمارە کردبێت. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە حاسبە بەکاربهێنیتو ناتوانیت لێی بێنازبیت.

کلیله جیاوازەکان!

ئا: م. هاژە شێروانی

کلیلی پێنجەم:

پەیوەندیکردن: ڕێگایە بەرەو پەرەپێدانی خود !

- چۆن کاریگەری دەخەیتە سەر خەڵكو دەبیت بە کەسێکی سەرنجڕاکێشو خۆشەویست؟

- چۆن بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ کەسانی تر دەکەیت، بۆئەوەی خۆشەویستیو متمانەیان بە دەستبهێنیو بتوانیت قەناعەتیان پێبکەیت بە بیرو ڕاکانتو کاریگەر بیت لەسەریان؟

- (ئەندرۆ کارینجی) خاوەنی کۆمپانیاکانی ئاسن بوو لە ئەمریکاو ساڵانە یەك ملیۆن دۆلاری دەبەخشی بە (شارلز شواب) کە دەکاتە (٣٠٠٠ دۆلار لە ڕۆژێکدا).

لەبەرچی؟ ئایا لەبەرئەوەی (شواب) کەسێکی بلیمەت بوو؟ نەخێر.. ئایا لەبەرئەوەی زۆر زیاتری دەزانی لەسەر دروستکردنی ئاسن بە بەراورد بە کەسانی تر؟ بێگومان نەخێر.. چونکە لە نێو کارمەندەکانی هەبوو کە لەو زاناترو شارەزاتر بوو! کەواتە هۆکارەکەی چی بوو؟

- هۆکارەکە لەوەدا خۆی دەبینیەوە کە توانایەکی ناوازەی هەبوو لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا، بە جۆرێك کە وتویەتی: من وادادەنێم کە تواناداریم لەسەر گەرموگوڕکردنی هەستی کارمەندەکان گەورەترین پسپۆڕی منە، من هەرگیز ڕەخنە لە هیچ کەس ناگرم.

- ئەگەر هاتوو فێربوویت کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسانی تردا دەکەیت، ئەوا بەمشێوەیە ٨٥٪ی ڕێگای سەرکەوتنت بڕیوە، ٩٩٪ی ڕێگای بەختەوەربوونی کەسانی تریش.

- ١٥٪ی سەرکەوتن دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهێنان لەسەر تەکنەلۆژیا بۆ عەقڵو کارامەیی لە ئەدای پیشەییداو لە ٨٥٪ی سەرکەوتنیش دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری خودی کەسێتیو تواناداری لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵك بە سەرکەوتوویی.

هەروەك دەبینین کە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵك هونەرێکە لە گرنگترین هونەرەکان، بە ڕوانین لە جیاوازی کەسایەتی، چونکە هەرگیز ئاسان نییە کە ڕێزگرتنی کەسانی ترت دەستبکەوێت لە بەرامبەردا، زۆر ئاسانە کە هەموو ئەمانە لەدەستبدەیت، کە لەم بارەیەشەوە وتویانە (وێرانکردن هەمیشە ساناتر بووە لە بنیاتنان)...

ئەگەر توانیت کە بنیاتنانێکی باش بکەیت لە باش ڕەفتارکردن، یەکەمجار وادەکات تۆ بەختەوەر بیت، چونکە هەست بە خۆشەویستی خەڵك دەکەیت بۆ خۆتو هاندانیان بۆ تێکەڵاوبوون لەگەڵتداو هەستکردنیان بە چێژی ڕەفتارو مامەڵەکردن لەگەڵتدا.

ئەم ڕاهێنانەش بۆ ناسینی تواناکانتە لەسەر پەیوەندیکردن:

ئەو وەڵامەش هەڵبژێرە کە لەگەڵ مەیلت دەگونجێت لەم پرسیارانەی داهاتوو:

دەستەواژەکان: أ- (زۆر کەم). ب- (هەندێجار). ج (بەزۆری)

١- کاتێك کەسێك قسەم لەگەڵ دەکات، هەست بە خۆشی دەکەم، کە نۆرەم دێت لە قسەکردن.

٢- هاوڕێکانم بە کەسێکی گرنگو پڕ چالاکیم دادەنێن، لە هەر ئاهەنگێك، یان کۆبونەوەیەك.

٣- کاتێك هاوڕێکەم قسەم بۆ دەکات لەسەر ڕووداوێك، یا چیرۆکێك ئەوا تەرکیزم پەرت دەبێتو بە ئاگادێمەوە.

٤- ژمارەیەکی زۆر چیرۆكو ڕووداوم لەلایە کە دەتوانم هەر گفتوگۆیەکی پێبڕازێنمەوە.

٥- کاتێك بۆ یەکەمجار کەسێك دەبینیت، پرسیارگەلێکی لێدەکەیت لەسەر کەسێتیو ژیانی تایبەتی؟

٦- لە یەکەم چاوپێکەوتن لەگەڵ هەر کەسێك، ئەوا بەشی هەرە گەورەی گفتوگۆکردنەکە بەرمن دەکەوێت.

٧- ئایا تەرکیزت بە ئاگادێتەوە کاتێك لە نێوان کۆمەڵێك دانیشتوویت؟

٨- هەستدەکەم کە کەس پێم ناگات لە تواناداری لەسەر گفتوگۆکردن لە هەر کۆبونەوەیەك.

٩- کاتێك قسەدەکەم دەتوانم بیربکەمەوە لە بابەتی دوایی، کە حەزم پێیەتی قسەی لەسەر بکەم.

١٠- هەر بە ئەنقەست بە دەنگێکی بەرز قسەدەکەم.

١١- لە کاتی قسەکردن دەبینم بیرۆکەکانم بە ئاسانی هەڵدەقوڵێن.

١٢- ئایا ئامادەباشی دەکەیت لەوەی کە دەیڵێیت لە قسەکردنە ئاساییەکان؟

١٣- ئەگەر هاتوو گفتوگۆکە بێزارکەر بوو، دەتوانم بە ئاسانی بکشێمەوە؟

١٤- ڕێگە بە هەستو سۆزم دەدەم لە کاتی قسەکردنو ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دەستەواژەو دەربڕینەکانم.

١٥- کاتێك کە قسە لەگەڵ کەسێك دەکەم، هەست بە ئارامی دەروونی دەکەم؟

١٦- هەستدەکەم کە سەرنجی ئەو کەسە ڕادەکێشم کە قسەی لەگەڵ دەکەم؟

ئێستاش خودی خۆت بناسە:

- ئەگەر هاتوو زۆرینەی وەڵامەکانت (أ) بوو، ئەوا تۆ تواناداریو بەئاگاییت، بەڵام توانات لە گوێگرتن لەوەی کەسانی تر دەیڵێن سنووردارە، هەروەها توانادارییشت سنووردارە لە گفتوگۆکردن، بە باشی هەوڵبدە کە یەکەمجار زیاتر هێمن بیتو زۆر گرنگی بدەیت بە



حوکمی کەسانی تر لەسەر شێوازی قسەکردنت متمانەت بە خۆت بێتو پێشوەخت خۆت ئامادەی گفتوگۆکردن بکە، دەبینیت کە تواناکانت بەرەبەرە بەرەو پێشەوە دەچێت.

- ئەگەر هاتوو زۆرینەی وەڵامەکانت (ب) بوو- تۆ کەسێکی سەرکەوتوویت لە تواناکانت لە پەیوەندیکردن بە کەسانی تر، چونکە ئەم توانایەت ماوە ماوە دەگۆڕێت بە گوێرەی بۆنەکانو ئەو کەسەی کە قسەی لەگەڵ دەکەیتو ئەو بارودۆخەی کە ڕوبەرووی دەبیتەوە.

- ئەگەر هاتوو زۆرینەی وەڵامەکانت (ج) بوو: تۆ گفتوگۆکارو قسەکەرێکی لێهاتوویت، بەڵام گوێگرێکی باش نیت، چونکە خۆت سەرقاڵدەکەیت بەوەی کە دەیڵێیت، دڵنیاشبە لەوەی کە خەڵك حەزدەکەن کەسانی تر گوێیان بۆ بگرن، بە هەمان ڕادەی خۆشەویستیان بۆ گوێگرتن لە کەسانی تر، کەواتە هەوڵبدە کە تواناکانت پەرەپێبدەیت تا ببیتە گوێگرێکی باشیش.

ئێستا دەتوانین کە ناساندنێك بکەین بۆ پەیوەندیکردن: بریتییە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیاریو بیرۆکەکان لە نێوان تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەكو هەندێکیان، جا ئەگەر هاتوو ئەم بیرۆکانە سروشتێکی زانستی، یان پراکتیکی، یان کۆمەڵایەتی، یا کلتوری هەبێت، هەڵدەقوڵێت لە پێویستی تاکەکان بۆ قسەکردنو گوێگرتنو کارلێکردن لەگەڵ کەسانی تر.

پێکهاتەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن:

- پرۆسەی پەیوەندیکردن بە ساناترین شێوەی، بریتییە لە گواستنەوەی بیرۆکە، یان زانیاری واتا (پەیام) لە کەسێك (نێرەر) بۆ کەسێکی تر (وەرگر)، لە ڕێگایەکی دیاریکراو (کەناڵی پەیوەندیکردن) جیاواز دەبێت بە جیاوازی بارودۆخو پەیامەکەشی دەگوازرێتەوە لە ڕێگای کەناڵی پەیوەندیکردن لەسەر شێوەی هێمای تێگەیشتراو لە نێوان وەرگر، یان هێمای بەربڵاو لە کۆمەڵگا، یان ئەو شارستانییەتەی کە هەیەتی.

هەروەها دەبینین کە پرۆسەی پەیوەندیکردن ئەم کارانە دەکات:

- گواستنەوەی پەیام لە لایەك بۆ لایەکی تر.
- پێشوازیکردن لە واتاکانو پاراستنی.
- شیکردنەوەی داتاکانو هەڵێنجانی زانیاری لێی.
- کاریگەری کردنە سەر پرۆسەکانی فسیۆلۆژی جەستەو گۆڕینی.
- کاریگەری خستنەسەر کەسانی ترو ئاراستەکردنیان.

ڕێسا بنەڕەتیەکانی مامەلەکردن لەگەڵ خەڵکیش ئەمانەن:

١- پابەندبوون بە زەردەخەنەیەکی پرشنگدار:

- پێویستە وشەی ستایشی ڕاستگۆ بەکاربهێنیت لەگەڵ ناوهێنانی باشییەکان.

- هەوڵبدە کە گرنگیدانت بە کەسانی تر هەستی پێبکرێت، بەوەی کە لەگەڵیان بیتو ئاگاداربیت بە هەواڵو بارودۆخیان.

- دووربکەوە لە موجادەلەکردن، چونکە دەبێتە عینادبوونی بەرامبەرەکەت.

- بیانوو بۆ بەرامبەرەکەت بهێنەوە.

- لە یادت بێت کە ناوی کەسی بەرامبەرت لە لای ئەو جوانترینو گرنگترین دەنگە کە حەز دەکات گوێبیستی بێت جا بە هەر زمانێك بێت.

- گوێگرێکی باش بەو کەسانی تر هانبدە لەسەرئەوەی کە لەسەر خۆیان قسە بکەن.

- لە چوارچێوەی گرنگیدانەکانی بەرامبەرەکەت قسە بکە.

بۆئەوەی هاندەری خەڵك بیت بۆ سەرکەوتن، کەمتر ستایش بکە کە دەیبینیتو دڵسۆزبە لە هەڵسەنگاندنتو زیادەڕۆیی بکە لە مەدحکردنو بڵاوکردنەوەی هیوا لە دەروونیان بە ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ کارامەییە شاراوەکانیان.

٢- چۆن کەسانی تر هاندەدەیت بۆ پشتگیری بیروڕاکانت؟

تاکە ڕێگا بۆ سوودمەندبوون لە هەر موجادەلەیەك، بریتییە لە دوورکەوتنەوە لێی، ڕێزگرتنت بۆ بیروڕای کەسانی تر دەربخەو بە بەرامبەرەکەشتت مەڵێ کە تۆ هەڵەیت، لە پاڵ ئەنجامدانی ئەمانە:

- داننان بە هەڵەکانت.
- بە شێوازێکی باش دەستپێبکە.
- وابکە کەسی بەرامبەر بڵێت: بەڵێ، بەڵێ هەر ئێستا.
- بواربدە کەسانی تر زۆرترین قسەبکەن.
- وابکە کە کەسی بەرامبەر هەست بکات، کە ئەم بیرۆکەیە هی ئەوە.
- هەوڵبدە بە دڵسۆزییەوە سەیری بیروڕاو ڕوانینی کەسانی تر بکەیت.
- بیرۆکەکانت بەشێوەیەکی کاریگەر بخەڕوو.

٣- هونەری گوێگرتنو بیستن فێرببە:

هەر وەك ئەوەی ئارەزوو دەکەیت قسەکەرێکی باش بیت، پێویستە کە هونەری گوێگرتنیشت باش بێت بۆ بەرامبەرەکەت، پچڕاندنی وادەکات کە بیرۆکەکانی لە دەستبچێتو کۆنترۆڵی لەسەر قسەکردنی نەمێنێت، لە دوایدا وادەکەیت کە هەست بە ئیحراجی بکات لێت، خۆی بە بچووك بێتە پێش چاو، بەمجۆرە لێتدووردەکەوێتەوە.. بەڵام گوێگرتنت بۆی متمانەکردنو هەستکردن بە گرنگیدانی تۆو گرنگی قسەکردن لەگەڵت پێدەدات.

هەرگیزیش لەم کۆششەم ساناترو کاریگەرتر نەدۆزیوەتەوە لە ڕاکێشانی دڵی کەسانی تر بە گوێگرتن لێیان، کاتێك کە هەست بە تەنگی دەکەین لە شتێك، یان هەر ئەوەتە نەماوە لە خۆشیدا باڵبگرین ئا لەم کاتەدا بەرەو لای کێ دەچیت؟ بە دڵنیاییەوە بۆ لای ئەو کەسەی کە گوێت لێدەگرێت هەتا ئەگەر جیاوازی تەمەن، یان ئایدیا، یا هەر شتێکی ترتان هەبێت، لەگەڵ ئەو کەسەی کە گوێگرتنی باشە ئەوا تۆ پێت وایە کە لەو باشتر کەسی تر نییە، کەواتە چ ئەزمونێکی ئازاربەخشە، یان زۆر دڵخۆشکەرە، لە یادتە کە کاتێکی زۆرت پێویست بووە بۆئەوەی بزانیت چی دەڵێیت. بە دڵنیاییەوە نا، چونکە ناوەکەی بە چرکەیەك بە بیت بێتەوەو ڕوانینێکی پشکنینداریش لەسەر هاوڕێیەکانمان (ئەوانەی کە خۆشمان دەوێن)، دەبینین کە ئەوان هاوبەشن لە سیفەتی گوێگرتن لێمان، هەر بۆیە خۆشمان دەوێن.

٤- چۆن دەبیتە بیسەرێکی باش؟

أ- بیستن بە چاوەکان: کە بیسەرێکی باش بیت مانای ئەوە نییە کە تەنها بە گوێیەکانت بیسەربیت بەڵکو بەچاوەکانیشت! ئەمەش گاڵتەکردن نییە، چونکە توێژینەوە گەلێك ئەوەی دەرخستووە کە بیسەرەکان سەیری چاوی قسەکەر دەکەن، کە ئەمەش وادەکات ئەم چینە، یان تەرکیزو بەدواداچوونیان زیاتر بێت بە بەراورد بە چینی دووەم کە زۆر حەساوەترن لە قسەکردن.

ب- کارلێکردنو نواندن: کارلێك ببە لەگەڵ ئەوەی کە بە ڕاستگۆیی دەوترێت بە بێ نواندنو لە یادت بێت کە زۆرێك لە خەڵکی هەن کە زمانزانیو قسەکردنیان لەسەرووی پێشبینیەکانە.

کێ لە پشیلەکەی دا ؟!!

ڕابەر ئەحمەد وەرتێ

سـکرتێری بەڕێوەبەرێك، خراپو تورە دەبێت، بەڕێوەبەرەکەش خاوەنی هیچ جۆرە شارەزاییەکی جوان نابێت، بۆئەوەی بە هۆیەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەلکیدا بکات، بەشێوەیەکی مرۆڤانەو جوامێرانە، لە کارەکەشیدا لێهاتووییو شارەزاییەکی ئەوتۆی نەبوو، هەربۆیەش زۆرێك لە ئەرکو کارەکانی لەسەر کەڵەکە ببوونو بۆی ڕایی نەدەکران..

ڕۆژێك هاوار بەسەر سکتێرەکەیدا دەکاتو بە تووڕەییەوە بانگی دەکات، سکرتێرەکەش ئامادە دەبێتو دەڵێت: فەرموو، بەڕێوەبەرەکە هاوار دەکاتو دەڵێت: پەیوەندیم بە نووسینگەکەتەوە کرد، وەڵامت نەدایەوە! سکرتێرەکەش دەڵێت: ببوورە لە نووسینگەکەی تەنیشتم بووم، بەڕێوەبەرەکە بە توڕەییەوە هاواری بەسەردا کردو پێی گوت: هەمـوو جارێك ببوورە، ببوورە، بڕۆ ئەم کاغەزانەم بۆ بەرە لای سەرۆکی بەشی چاککردنەوە، بە توڕەییەوە پێشی گوت: بەپەلە تەواویان بکەو دوایان مەخە..

سەرۆکی بەشی چاککردن، هەڵسوکەوتی سکرتێرەکەی بەدڵ نابێتو دەڵێت: بەچاوان، بەڵام بەشێوەیەکی جوانو گونجاو کاغەزەکان دابنێ!!

سـکرتێرەکەش دەڵێت: گونجاو، یان نەگونجاو، گرنگ ئەوەیە زوو تەواویان بکەیت..

بەم شێوەیە قسەیەك لەوو قسەیەك لەم، دەبێتە دەنگەدەنگیان، پاشان سکرتێرەکە دەگەڕێتەوە بۆ نووسینگەکەی، دوای دووکاتژمێر یەك لە فەرمانبەرە ئاساییەکانی بەشی چاککردنەوە، دەچێتە لای سەرۆکی بەشەکەو دەڵێت: مۆڵەتم پێ بدە، بۆ ئەوەی بچم منداڵەکانم لە قوتابخانە بهێنمەوەو دوایی یەکسەر دەگەڕێمەوە، سەرۆکی بەشی چاککردنەوەش بەهۆی ئەوەی لەگەڵ سکرتێرەکەی بەڕێوەبەردا توشی دەمەقاڵێ ببوو، بەسەر فەرمانبەرەکەدا هاواردەکاتو دەڵێت: تۆ هەموو ڕۆژێك داوای مۆڵەت دەکەیتو دەڕۆیت!!

فەرمانبەرەکەش دەڵێت: ماوەی دە ساڵە من هەموو ڕۆژێك ئەمە کارمەو هەر ڕۆیشتووم، یەکەمجارو لەسەرەتاوە ڕازی نەبوویتایە.

سەرۆکی بەشەکەش دەڵێت: هیچ شتێك لەگەڵ تۆدا سوودی نییە، چاوسوورکردنەوە نەبێت، دەی بگەڕێرەوە بۆ نووسینگەکەت، فەرمانبەرە هەژارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ نووسینگەکەی لە هەڵسوکەوتی سەرۆکی بە شەکەشی سەرسام دەبێتو بەردەوامیش لە پەیوەندی کردندا دەبێت، بۆئەوەی کەسێك بدۆزێتەوەو منداڵەکانی لە قوتابخانەوە بۆ بەرێتەوە ماڵ، منداڵەکانیش دوای ئەوەی تەواوببوون، چاوەڕوانی باوکیان دەکەنو کاتێکی زۆر لەبەرگەرماو تیشکی خۆر بەسەردەبەن، تاوەکو یەکێك لە مامۆستاکان دەیانگەیەنێتەوە ماڵ..

بەرهەرحاڵ، فەرمانبەرەکە دەگەڕێتەوە ماڵەوەو زۆریش توڕەدەبێت، یەکێك لە منداڵە بچووکەکانی یارییەکی بەدەستەوە دەبێتو بەرەو ڕووی باوکی دێتو دەڵێ: بابە، بابە! مامۆستا ئەم شتەی دا پێم لەبەرئەوەی........

باوکەکەی نایەڵێ منداڵەکەی قسەکەی تەواوبکات، هاوار دەکاتو دەڵێت: وازم لێبێنەو بڕۆ بۆ لای دایکت، پاڵێکیشی پێوە دەنێت، منداڵەکەش دەستدەکات بە گریانو دەڕوات..

کاتێك منداڵەکە دووردەکەوێتەوە، پشیلە جوانەکەی بەرەو ڕووی دێتو خۆی لە قاچی دەخشێنێو بەدەوریدا دێتو دەچێت، منداڵەکەش لە داخا شەقێکی تێهەڵدەداتو دەیکێشێ بە دیوارەکەدا..

پرسیارەکە ئەوەیە: کێ شەقی لە پشیلەکە هەڵدا؟!

واگومان دەبەم لە وەڵامدا بڵێیت: منداڵەکە.

بەڵام وەڵامەکەت ڕەنگە هەڵەبێت! چونکە وەڵامی ڕاست: بەڕێوەبەرەکەیە! بۆچی دەڵێین بەڕێوەبەرەکەیە؟ لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرەکە بووە هۆی ئەوەی سکرتێرەکەو سەرۆکی بەشی چاککردنو فەرمانبەرەکەو پاشان منداڵەکە توڕەببن..

هۆکارەکەی چییە؟ بەڕێوەبەرەکە کۆمەڵێ کاری لەسەر خۆی کۆکردبووەوە، هەتا وای لێهات پێیان ڕانەدەگەیشتو فشاری دەروونی بۆ دروست ببوو، پاشان خۆی بۆ کۆنتڕۆڵ نەکراو بەڕووی سکرتێرەکەدا تەقییەوە..

سەیرە! بۆچی فێری ئەوە نابین کە کارەکان دابەش بکەین؟! بۆچی فێری ئەوە نابین کە کاتێك کارێکمان پێناکرێ، زۆر بەڕاشکاویو بێ ئەولاو ئەملا بڵێین: ئەمە لە توانای ئێمەدا نییەو ناتوانین ئەنجامی بدەین، لەبەرئەوە زۆر ڕەفتارو هەڵسوکەوتکردنمان زەرەرو زیان بە خەڵکانێکی دەوروبەرمان دەگەیەنێت، کە لایەنێکیش نین لە کێشەکەداو کاریگەی خراپو نەرێنی بە دوای خۆیدا دێنێت، لە بەرامبەر هەڵەیەك، یان نەتوانینی ئەنجامدانی کارێك بۆ دەوروبەرت، بەنەرمو نیانیو بەشێوازێکی جوان ڕەفتار بکەو داوای لێبوردن بکەو زۆر ئاساییە کە بڵێیت: ئەم کارە لە توانای مندا نییە.

پێشەوامان، (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرموێت: پاڵەوان ئەو کەسە نییە کە زۆرانبازو بەهێزە، بەڵکو پاڵەوان ئەو کەسەیە کە دەتوانێ لە کاتی توڕەبوندا کۆنتڕۆڵی خۆی بکات، واتە: توڕەییەکەی بخواتەوەو بیشارێتەوە، نەیرێژێت بەسەر دەوروبەریدا..

ئا: محەممەد مێرگەیی

کۆڕی زانست

لە دووکانی بەرگدرووداا!

لە سەردەمی ڕابردوو لە شاری دیمەشق هەواڵو ناوبانگی منداڵێکی بچووك بڵاوببووەوە، تەنانەت باسی ئەو گەیشتبووە ناوچە دوورەکانی دەوروبەریش. ئەو منداڵە لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری دیمەشق نەبوو، بەڵکو لەگەڵ خێزانەکەی هاتبوونە دیمەشقو لەوێ دەژیان. ناوبانگی ئەم منداڵە بەهۆی هێزی یادەوەریی‌و توانای زۆری بوو لە لەبەرکردن. لەو سەردەمەشدا خەڵك زۆر بایەخی بەو جۆرە منداڵە زیرەکانە دەدا، لە کۆڕو دانیشتنەکان باسو خواسیان لەبارەوە دەکرا. هەروەك لەلایەن زانا گەورەکانیشەوە سەرپەرشتی دەکران.

بۆیە کاتێك یەکێك لە زانا مەزنەکانی شاری حەلەب بە باسو هەواڵی ئەم منداڵەی زانی، بڕیاریدا بچێتو خۆی لە نزیکەوە ڕاستی ئەو باسە بزانێت. ئیتر ئەوەبوو بەرەو شاری دیمەشق کەوتەڕێ لە پێناو دیدەنی منداڵێکی بچکۆلە.

زانای پایەبەرز کە گەیشتە شار گەڕا تا لە بەرگدروویەك کە لە دوکانەکەی بوو پرسیاری کرد، سەبارەت بەو منداڵەی بە ناوبانگە بە زیرەکی‌و توانای لەبەرکردنو فێربووندا. بەرگدرووەکە پێی گوت: ئێستا لەگەڵ منداڵەکان لێرەوە تێدەپەڕێتو دەچێت بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز. بەمشێوە زانای بەڕێز لە لای بەرگدرووەکە دانیشتو چاوەڕێی هاتنی منداڵەکە بوو تا تێپەڕدەبێت.

پاش ئەوەی منداڵەکان بەوێدا هاتنو ئەو تەختانەیان بەدەستەوەبوو کە بۆ نووسین بەکاریان دەهێنا، ئەوەبوو منداڵە زیرەکەکەیان بانگکردو زانا بەڕێزەکە چەند فەرموودەیەکی بۆ خوێندەوەو ئەویش لەسەر تەختەکەی نووسییەوەو ئینجا پاش نووسینەوەیان بۆ جارێك تێڕامانێکی لە فەرموودەکان کردو دواتر تەختەکەی دایە زاناکەو پێی گوت: ئێستا گوێم لێبگرە با من ئەو فەرموودانەت بۆ بڵێمەوە، بەمجۆرە منداڵی بچوك تەنها بەو یەك جار تەماشاکردنەی فەرموودەکان توانی لەبەریان بکات، هەربۆیە فەرموودەکانی لەبەردەم زاناکە هەروەك چۆن نووسیبوونی خوێندەوە، بێئەوەی پیتێکی لەبیر بچێتەوە.

زاناکە هەر بەمە نەوەستا، بەڵکو بەردەوام بوو لە تاقیکردنەوەی کوڕەکە، چەندین فەرموودەو دەقی تری بۆ خوێندەوەو داوای لێکرد کە بیانخوێنێتەوە، لە هەر جارێکیشدا منداڵەکە تەماشای نووسینەکەی دەکردو بەخێرایی لەبەری دەکرد، پاشان بۆ زاناکەی دووبارە دەکردەوە، بێئەوەی پیتێکی لە یاد بچێت! زانای بەڕێز کە ئەمەی بە چاوی خۆی بینی زۆر سەرسام بوو بە منداڵەکە، بۆیە کەوتە قسەو بە کەسانی دەوروبەری گوت: (ئەگەر ئەم کوڕە خوا تەمەنی بداتو بمێنێت، ئەوا زۆر پایەبەرز دەبێت، چونکە هەرگیز لە شێوەی ئەم منداڵە نەبینراوە).

لە ڕاستیشدا هەر وابوو، قسەو پێشبینی زانا بەڕێزەکە ڕاست دەرچوو، منداڵەکە گەورەبوو، بوو بە یەکێك لە زانا هەرە ناودارەکانی موسڵمانان، ئەو زانا پایەبەرزەی کە بە (شێخولئیسلام ئیبنو تەیمیە) ناسراوە..

سەرچاوە: گۆڤاری ماجد، ژمارە ١٧٧٥، ساڵی ٢٠١٣

و . م . هاژە شێروانی

بەشی دووەمو کۆتایی

ستراتیژی
بازاڕسازی گشتگیر

چۆن لە ژمارەی ڕابردوو باسی هەر سێ توخمەکەی (دابەشکردنی بازاڕ، ستراتیژی بازاڕ، توێژینەوەی بازاڕ)مان کرد، لەم ژمارەیەش هەوڵدەدەین سێ توخمەکەی تری کۆتایی بابەتی ستراتیژی بازاڕسازی گشتگیر باس بکەین کە بریتین لە (نرخدانان، شوێن، زنجیرەی بەهاکان) بەمشێوەیەی خوارەوە:

٤- نرخدانان: دەڵێن بۆئەوەی بەرهەمەکەت بە نرخێکی دیاریکراو بفرۆشیت، سەرەتا دەبێت بەهاکەی بخەیتە ڕوو، بەهاش لێرەدا بە مانای خەملاندن بەکاردێت بۆ توانای بەرهەمەکە بە گشتی لەسەر پڕکردنەوەی ئارەزوو، پێداویستییەکانی کڕیار، چونکە کاتێك کە بەرهەمەکە بەهایەك، یا خزمەتێکی بەرزی هەیە، ئەوا دەبێتە جێگای ڕەزامەندی کڕیار. ئەمەش لەبەرئەوەی بەکاربەرەکان زیرەکنو هەڵبژاردنیشیان لەسەر بنەمای ڕەزامەندی دەبێت کە گونجاوە لەگەڵ نرخەکەی، ئەگەر هاتوو نرخی بوتڵێکی شوشە لە کۆکا کۆلا ٥ دۆلار بێت، بە نموونە لە هەمان کاتدا ١ لیتر بیبسی کۆلاش بە ١ دۆلار بێت، ئەوا لەمبارەدا فرۆشی کۆکاکۆلا کەمدەبێتەوە، ئەگەر هاتوو ئەم دوو بەرهەمە هەڵبژاردنەکانی بەردەستبوون لە بازاڕ، ئەوا لەمبارەدا ئەگەری بەرزبوونەوەی فرۆشی بیبسی بەرزترە. نرخیش لێرەدا بەمانای ئەوەی کڕیارەکەت ئامادەبێت کە نرخەکە بدات بەرامبەر بەرهەمەکەت، بە واتای ئەو بەهایەی کە دەیبینین گونجاوە بۆ بەرهەمەکەتو خزمەتەکەتو دەیهێنێت، بە شێوەیەکی گشتیش پەیوەندی نێوان نرخو کوالێتی هەیەو ئاماژە دەکات بەوەی کە تا کوالێتی بەرزبێتەوە ، نرخیش بەرزدەبێتەوە بەتایبەتی لەوەی کە پەیوەندیدارە بە خزمەتگوزارییە کەسیەکان، کە بەکاربەرەکانیش پێشبینی ئاستێکی بەرزدەکەن لە خزمەت، ئەگەر هاتوو تێچوونی پەیوەندیدار بەم خزمەتە تاڕادەیەك بەرزبوو بە بەراوورد بە خزمەتی هاوشێوەی کە پێشکەشی دەکرێت.

بازاڕسازەکانیش دەتوانن بڕیاربدەن کە بەرهەمو کاڵاکانیان بخەنە بازاڕ بە نرخێکی تاڕادەیەك بەرز لەسەرەتاکەی، تا ئاستی داواکاریشی لەسەر بگەڕێتەوە دواوە ئەوان هەڵدەستن بە دابەزاندنی نرخەکەی پلە بە پلە، بە زۆریش خاوەنەکانی ئەم بەرهەمە نوێیانە ئەم ستراتیژییەی نرخدانان بەکاردەهێنن، چونکە وادەکات کە تاکڕەوبن بە هۆی نوێگەری لە بەرهەمەکانیان کە لەوانەیە ببێتە هۆی فرۆشتنی ئەم بەرهەمە لە سەرەتاکەی بەنرخێکی بەرز. بەڵام بە تەنها دەرکەوتنی لاساییکارەکان ڕکابەرەکان دەڕژێنە ناو بازاڕو بەم نرخە دەستپێدەکەن کە بەردەوام دایدەبەزێنن، تاوەکو لەگەڵ نرخی گشتی بازاڕ گونجاو بێت. نموونەش لەسەری لە هەرێمی کوردستان (سوپەر مارکێتو فرۆشگاکان دەگرێتەوە کە ڕۆژانە ڕیکلامیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبینینو دەبیستین بەناوی هەرزانکردنی کاڵاکان).

سەرەڕای ئەمانە هەندێك لە بازاڕسازان لەوانەیە ستراتیژیەتی بڕینی بازاڕ بەکاربهێنن، کە هەڵدەستن بە خستنەڕووی بەرهەم، یا خزمەتەکە بە نرخێکی زۆر کەم، ئەمەش لە پێناو ئەوەی کە پشکی خۆیان لە بازاڕ دابڕنو وابینرێن کە پێشکەشکاری بەرهەمەکە، یا خزمەتەکەن بەم کەمیە، نموونەی کۆمپانیاکانی وول مارت لە ئەمریکا ئەم جۆری ستراتیژیەتە بەکاردەهێنێت، لە لای خۆشمان زنجیرە مارکێتەکانی تیم مارت دەگرێتەوە بە پێشکەشکردنی کەمترین نرخە لە کۆی گشتی.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە نرخدانان ئامێرێکی بەهێزو کاریگەرە لە کاتی دانانی ستراتیژیەتی بازاڕسازی لەگەڵ بارودۆخەکە بەوەی کە پەیوەندیدارە بە باری دارایی کۆمپانیا، نرخدانانی زۆر کەمیش لەوانەیە ببێتە هۆی گرفتی ئابووری، ئەگەر هاتوو تێچوونەکەی دانەپۆشی، هەرچی نرخدانانی زۆر بەرزیشە دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی داواکاریو فرۆشی بەرهەمەکە، یا خزمەتەکە، هەر وەك دەبێتە هۆی ئاستەنگو گرفتی ئابووری خراپ.

٥- شوێن: لەوانەیە کڕیار نەیەتە پێشەوەو خزمەتەکە، یا بەرهەمەکەمان نەکڕێت، ئەگەر نەیتوانی بە ئاسانی پێی بگات، هەر لە خاوەنی سوپەر مارکێتەکان بگرین کە گۆڤارو ڕۆژنامەکان، یان پارچە شیرینیەکان دەخەنە شوێنی نزیك لە کاشێرەکە تا دەگەین بە وێستگەی سووتەمەنی کە کەوتۆتە دەستە ڕاستی دەروازەی ڕێگایەکی گشتی، یان نۆرینگەیەکی پزیشکی ددان لە تەنیشت نۆرینگەی پزیشکی منداڵان، لەمەوە تێبینی ئەوەدەکەین کە شوێن چەندە کاریگەری هەیە لەسەر زیادکردنی ژمارەی کڕیارەکان، شوێنی گونجاویش یارمەتیدەرە لەسەر ئەوەی کە پرۆسەی فرۆشتن ساناترو حەساوەتر بکات لە لای کڕیارەکە، بە زۆریش وشەی دابەشکردن بەکاردەهێنین بە ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ توخمی شوێن (کە خۆی یەکێکە لە توخمەکانی ستراتیژی بازاڕسازی)، کە ئەو بڕیارانە دەگرێتەوە کە پێویستە دەربکرێت لە لایەن هەر کۆمپانیایەك بۆ زامنکردنی پەیوەندیکردن بە کڕیارەوە، کە دیاریکردنی شوێن، یان دابەشکردنیش بریتییە لە چۆنیەتی بەستنەوەی بازاڕسازی لە ڕێگای کڕیارەوە بە بەرهەمەکانو ئاسانکاری دەکات بۆ گەیشتن پێی، هەر کڕیارێکیش بە ئاسانی دەستی بگات بە بەرهەمەکە، یا خزمەتەکەو ماندوونەبێت ئەگەرەکانی کڕینی زیاتر دەبێت کە دیارە بەمەشیان هەم فرۆشو هەم قازانجی کۆمپانیاش زیاد دەکات.

٦- زنجیرەی بەهای تەواوکاری: هەموو ئەو لایەنانەی کە پێشووتر باسمانکردوون کە پلانی بازاڕسازی پێکدەهێنن، دەبینین ناکرێت جێبەجێیان بکەین بەوەی کە زۆرترین توانستو کارایی بدەن بەدەستەوە بە بێ تەواوکاریو کارکردنی سەرجەم لایەنەکان بەیەکەوەو لە یەك سیستەمی ڕێکخستراودا، بە شێوەیەکی گشتی، ئەم سیستەمە ئەم چالاکیانە دەگرێتەوە:

- ئالیەتی هاتنەناوەوەی کەرەستەی سەرەتایی بۆ ناو کۆمپانیا.
- پرۆسەکانو بەڕێوەبردنی بۆ دروستکردنی بەرهەم، یا ئامادەکردنی خزمەتەکە بۆ بەکاربەر.
- ئالیەتی دەرچوونو شێوازەکانی گەیاندنی خزمەتەکە، یا بەرهەمەکە بە کڕیار، وەکو (سیستەمی دابەشکردن، بارکردنو گواستنەوەی بەرهەمەکان بۆ فرۆشگاو شوێنەکانی فرۆشتنی بە تاك).
- بازاڕسازیو فرۆشتنو دروستکردنی بەهایەك.
- خزمەتەکە: هاوتابوونی ئاستی بەرهەمەکە، یا ئەدای خزمەتەکە لەگەڵ پێشبینیو هیواکانی کڕیار.
- ژێرخانی سەرەکی کۆمپانیا کە هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی بۆنەوەی بگات بەوپەڕی خزمەتکردن.
- بەڕێوەبردنی سەرچاوەی مرۆیی بە پێکهێنانی هەرەمێك بۆ کارمەندەکانی کۆمپانیا، کە ئەمەشیان دامەزراندنو مەشقپێکردنو پێشبڕکێو پێدانی قەرەبوو و پاداشتو مووچەکان بگرێتەوە).
- تەکنەلۆژیاو بەکارهێنانی تا ئەوەی کە کڕیار هەست بە کوالێتیو بەهاکەی بکات.

چاوەڕوانمان بن، لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر

ڕۆژانی ٤/٢ — ١١/٤/ ٢٠١٣

بڕیار خۆشحاڵە بە دیداری دۆستانو خۆشەویستانی..

بڕیار



نوێترین بڵاوکراوەی گۆڤاری بڕیار..

گوڵاوی گوڵزاری وشەو پەیڤی جوان..

گەشەپێدان

22

19

32

29



دوای تەواوبوونی چاپی یەکەمو
لەسەر داوای خوێنەرانی ئازیز،
کتێبی (کارگێڕی بەچیرۆک)
لە بەرگێکی قەشەنگداو لە چاپی دووەمدا
دێتە بەردەستی ئێوەی خۆشەویست..



زمانی جەستە

بەشی دووەم

گرنگی فێربوونی زمانی جەستە:

١- پتەوکردنی متمانە بە خودو کۆنترۆڵکردنی هەموو هەستێکی نەرێنیو گەیشتن بە بەرزترین پلەی کاریگەری لە ڕێگای جوڵەو هێما ئەرێنییەکانەوە.

٢- پاشەکەوتکردنی کات لە تێگەیاندنی خەڵكو شارەزابوون لە هەواداریو ئارەزووەکانیانو ئاکارو ڕەفتاریان، پێش ئەوەی وتەیەك بدرکێنن.

٣- هۆکارێکی گرنگە بۆ دۆزینەوەی درۆو ساختەی کەسانی دەوروبەر، ئەم کارەش لە زۆر قەیرانو گرفتی گەورە دەمانپارێزێت.

٤- پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان پتەوو بەهێز دەکات.

٥- هۆکارێکی باشە بۆ دانوستانو قەناعەتکردن، چونکە لە ڕێگای ئەو زمانەوە زۆر شتی بەرامبەرمان بۆ دەردەکەوێت.

٦- لە ڕێگای ئەم زمانەوە وتەو کرداری ئامانجدارو بە مەبەست لە پێچەوانەکەی جیا دەکەیتەوە.

کاریگەری دیاری زمانی جەستە:

ئەگەر فەرمانێك بە منداڵەکانت، یا بە قوتابیەکانت بکەیتو بە زمانی جەستە پێچەوانەی زمانی وتە مامەڵە بکەیت، دەبینیت ئەوان ئەو فەرمانە جێبەجێ دەکەن کە بە زمانی جەستە داوات کردووە. چونکە توانای بینین بۆ وەرگرتن لە مرۆڤدا بەهێزترە لە گوێگرتن.

کەواتە: فێربوونی ئەم زمانە بۆ هەموومان پێویستە، مامۆستا، خوێندکار، کارمەندانو ڕاهێنەران، بازرگانانو خەڵکی بازاڕ بە گشتی، چونکە زمانێکی گرنگە بۆ پەیوەندی ڕۆژانەمان.

لەبەرئەوە پێویستە هەموومان ئەم زمانە فێربین، چونکە هەمووان پێویستمان پێی دەبێتو بە شێوەیەکی خۆنەویست بەکاری دەهێنین.

هەروەها پێویستە ئەم زانستە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بخوێنرێتو هەموو دەزگاو کۆمپانیاو دامەزراوەکانیش لە هەردوو کەرتی گشتیو تایبەتدا، ئەندامانی خۆیانی لەسەر ڕابهێنن، بۆئەوەی باشترین ئەنجامیان لە پەیوەندییە مرۆییەکانو دانوستانو ڕێکەوتندا دەستبکەوێت.

ن: د.حسان شمسی پاشا
و: یەحیا محەممەد عەلی

سودەکانی چالاکی جەستەیی 3/1

١- چالاکی جەستەیی ڕێکخراو:

چالاکی جەستەیی ڕێکخراو کۆمەڵێك سودو کەڵکی هەیە، بۆ بەدەستهێنانی ئەم سودانە، تەنها پێویستت بە ئەنجامدانی چالاکی جەستەییە بە شێوەیەکی میانڕەوانە، بۆ نمونە ڕۆیشتنی تۆزێ خێرا، بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەی نیو کاژێر، تاکو لەو ئاستەش زیاتر بێ سودەکانی زیاتر دەبێت.

کەوابوو چالاکی جەستەیی ڕێکخراو:

- ئەگەری مردنی پێش وەخت بە ڕێژەیەکی گشتی، کەم دەکاتەوە.
- ئەگەری مردن بە هۆی نەخۆشیەکانی دڵو سەکتەی مێشك کەم دەکاتەوە.
- ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی کۆڵۆن کەم دەکاتەوە بە ڕێژەیەك دەگاتە (٢٠٪).
- ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە بە ڕێژەی (٥٠٪) کەم دەکاتەوە.
- یارمەتی زاڵبوون دەدات بەسەر کێشداو ئەگەری تووشبوون بە قەڵەوی بە ڕێژەی (٥٠٪) کەم دەکاتەوە.
- یارمەتی پاراستن دەدات لە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، کە ئەم دەردە پێنج یەکی جیهانی گرتووەتەوە، لە لای ئەوانەی لەسەرو تەمەنی باڵغ بوونەوەن.
- یارمەتی پاراستن دەدات لە کون بوونی ئێسك، ئەمەش ئەگەری تووشبوون بە شکانی ئێسکی کلاّوەی ئەژنۆ کەمدەکاتەوە لە لای ئافرەتان بە ڕێژەی لە (٥٠٪).
- ئەگەری تووشبوون بە ئازاری خوارەوەی پشت کەم دەکاتەوە.
- تەندروستی دەروونی بە دیاری دەبەخشێو دڵتەنگیو دوودڵیو هەستکردن بە نا ئاسودەییو تەنیایی کەم دەکاتەوە، بە جۆرێك تەنها چالاکییە جەستەییەکانی وەك: ڕێکردن، سەرکەوتن بەسەر پلیکانەکانو یاریکردن، هەست بە باشی دەکەین.
- یارمەتی پاراستن دەدات لە خوە خراپەکانو دیاردە دزێوەکانی بە تایبەت لەلای منداڵانو لاوان، وەك: خواردنەوە کهولییەکان، ئالودەبوونی ماددەی هۆشبەر، یان پەیڕەوکردنی سیستەمی خۆراکی ناتەندروست، یان هەڵەشەیی.
- چالاکی جەستەیی ڕێکخراو سود بە کۆمەڵگاو ئابوریش دەگەیەنێ، لە ڕێی دابەزاندنی ئەرکی پاراستنی تەندروستیو چاککردنی کاروباری قوتابخانەکانو کەمکردنەوەی ڕێژەی نەهاتنەوەی ئەو کەسانەی کاری خەڵکی ڕادەپەڕێنن.

٢- بۆچی ئێمە کەمتەرخەمین؟

ئەوەی جێی داخە، لەگەڵ ئەو هەموو سودو کەڵکەی کە وەرزشو چالاکی جەستەیی، هەیەتی کەمێك لە خەڵکی دەبینی پەیڕەوی بکاتو ئەنجامی بدات، بە هۆی چەند هۆکارێکەوە:

- بانگەشەی کەمی کات لەلای هەندێ کەس.
- نەبوونی پاڵنەری دەروونی.
- ئارەزووی پشودانو پاڵدانەوە لەلای ژمارەیەکی زۆری خەڵکی.
- نەبوونی شوێنی تایبەت بۆ ئەنجامدانی وەرزش کە نزیك بێت لە خەڵکییەوە لە نزیکی ماڵەکانیان، ئەمەش ڕەنگە هۆکارێکی گەورەبێ بۆ هەڵنەنانی خەڵکی تاکو وەرزش ئەنجام بدەن.

٢- چالاکی جەستەییو شێرپەنجە:

دەگونجێت ئەنجامدانی چالاکی جەستەیی بۆ ماوەی نیو کاژێر، بە شێوەیەکی بەردەوام هەموو ڕۆژێ ببێتە هۆی کەمکردنەوەی مەترسییەکانی تووشبوون بە شێرپەنجە، بە تایبەت شێرپەنجەی کۆڵۆنو مەمك.

- ڕێژەی شێرپەنجەی کۆڵۆن لەلای کەسانی چالاك بە ڕێژەی (٣٠٪) کەمدەکاتەوە.
- مەترسی شێرپەنجەی مەمك بە ڕێژەی (٣٠٪) دادەبەزێنێ.

لەوانەوە فێربووم!!

- لە منداڵەوە فێربووم: کە هەرگیز کۆڵ نەدەمو بێ هیوا نەبم، جا کۆسپو ڕێگرییەکان هەرچەند زۆربن.

منداڵ لە یەکەمو دووەم ساڵی تەمەنیدا، بۆ ڕۆیشتن لەسەر پێیەکانی بە دەیانو هەزاران جار هەوڵدەدات، تا بتوانێ فێری ڕاوەستانو ڕێکردن بێت، لەگەڵ ئەمەشدا تووشی زۆر نارەحەتیو ئازار دەبێت، ڕەنگە لەگەڵ کەوتنیشیدا بریندار ببێت، بەڵام ئەگەر منداڵ واز لە هەوڵدان بێنێت بە هۆی شکستە زۆرەکانیو ئەزییەتو ئازارەکانییەوە، ئەوا بە درێژایی ژیانی دەبێت بە گاگۆڵکێ لەسەر ئەژنۆکانی بڕوات.

بەڵام هیچ ڕۆژێك نەبووە منداڵێك واز لە خەونەکەی بهێنێتو دەست لە ئامانجەکەی هەڵبگرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێداگریو کۆڵنەدانو بەردەوامی وادەکات بگات بە ئامانجەکەی، باکی بە زۆری شکستەکان نییە، چونکە ئەو متمانەی تەواوی بە خۆیو تواناکانی هەیە.

- لە هاوڕێکەمەوە فێربووم: ناخۆشییەکان بەشێکی گرنگو دانەبڕاون لە ژیان.

ئەگەر سەیری هێڵکاری دڵ بکەین، شێوەی بەرزیو نزمی زۆری تێدا بەدی دەکەین، ئەم شێوەیە مانای ئەوەیە کە تۆ دەژیت، بەڵام هەرکاتێ شێوەی ئەو بەرزیو نزمییە گۆڕا بۆ هێڵێکی ڕاست، مانای ئەوەیە کە تۆ مردوویت.

ژیانی مرۆڤیش بە هەمان شێوە ئەگەر نشێویو ناخۆشیو نزمی نەبێت، تۆ ناتوانیت باڵ بگریتو بەرەو بەرزی بفڕیت.

ژیان ئەو کاتە ماناداره کە ناخۆشییەکان بوونیان هەبێت، پێم بڵێ: گەر گریان نەبێت، پێکەنین چ چێژێکی دەبێت؟ گەر نەخۆشی نەبێت، لەشساغی چ نرخێکی دەبێت؟ گەر دۆڕانو شکست نەبوایە، سەرکەوتن چ مانایەکی دەبوو؟ ئەوەی مانای بەخشیوەتە پێکەنینو لەشساغیو سەرکەوتن، دژەکانیانن کە بریتین لە گریانو نەخۆشیو شکست.

بەڵێ ئەگەر ناخۆشی نەبوایە، ئەسڵەن خۆشیو شادی هیچ مانایەکی نەدەبوو، دڵنیابە لەوە خۆشی کاتێك بەهای هەیەو لەزەت بەخشە کە ناخۆشی لەگەڵیدا هاوڕێ بێت، ئەو کات مرۆڤ وێڵو سەرگەردان دەبێت بۆ گەڕان بە شوێن ئاسوودەیی.

کەواتە چۆن خۆشییەکانی ژیانت قبوڵە، ئاواش ناخۆشیەکانیت قبوڵ بێتو بەبەشێکی دانەبڕاوی ژیانیان بزانە.

- لە مامۆستاکەمەوە فێربووم: من ڕووداوەکان دروست بکەم، نەوەك ڕووداوەکان من دروست بکەن.

ئاو لە پلەی کوڵانی ئاسایی خۆی، ئەگەر پەتاتەی تێبکەین کاریگەریو گەرمی ئاوەکە وا لە پەتاتەکە دەکات نەرم بێت، ئەگەر هێلکەی تێبکەین، بەپێچەوانەوە کاریگەریو گەرمی ئاوەکە وادەکات هێلکەکە توندو تۆڵترو بەهێزتر بێت، بەڵام ئەگەر قاوەمان خستە ناوییەوە، ئەوا تامو بۆنو ڕەنگی ئاوەکەمان بۆ دەگۆڕێت.

مرۆڤی لاواز وەکو پەتاتەکە وایە، لەگەڵ بوونی هەر کێشەو گرفتو ڕووداوێك لەناودەچێت.

مرۆڤی بەهێز وەکو هێلکە وایە، بە هۆی ناخۆشییەکانەوە توندوتۆڵتر دەبێت، بەهێزترو خۆڕاگرتر دەبێت، گوتراوە: ئەو گورزەی بەرم دەکەوێت، گەر لەناوم نەبات، ئەوا بەهێزترم دەکات.

مرۆڤی سەرکردە وەکو قاوە وایە، ناهێڵێت ڕووداوەکان کاریگەرییان لەسەر هەبێت، بەڵکو ئەو خۆی کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانو دەوروبەر جێدەهێڵێت.

ئارام نەبی مەحمود

نرخی ژیان !!

ژیـــان چیرۆکە ســـەیرەکە، تابلۆ ڕەنگینەکــە، گەوهەرە بە نرخەکــە، دەرفەتــە زێڕینەکــە، چۆن نرخی بزانینو ســودی لێوەربگریــن، ڕێگایەك کە تەنها ڕۆشــتنی بەرەوپێش تێدایەو بوارو دەرفەتــی ئەوەمان نییە بگەڕێینەوە بــۆ دواوەو ئەوەی نەمانکــردووە بیکەیــن، یان ئــەوەی کردومانە بیســڕینەوەو جۆرێکی تر ئەنجامی بدەین!

بەڕاســتی ســەیرە، زۆر شــت دەکرێت لە ژیانــدا جارێکی ترو بەشــێوەیەکی تر ئەنجامی بدەین، یــان ئەگەر جارێك لە ڕێگایەکــدا هەڵەیەکمان کــرد، بۆ جاری دووەم بــەو ڕێگایەدا نەڕۆینــەوە، یان ئەگەر لە نیوەی ڕێــگادا زانیمان ڕێگاکەمان هەڵەیــەو نامان گەیەنێتە جێگەی مەبەســت، لە نیوەی ڕێگادا بگەڕێینەوەو ڕێگا ڕاســتەکە هەڵبژێرین، بەڵام ژیان بەم جۆرە نییە، ئەو شــتانەی دەیکەین بواری گەڕانــەوەی نییە، یەکجار لــە دایك دەبین، یەکجــار گەنجیمان هەیە، یەکجــار دەتوانین بژیــن، زۆربــەی دەرفەتەکانی ژیــان هەر بەوجــۆرەن، تەنهاو تەنها یەکجار دەتوانین مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، دیمەنەکانی ژیان خۆبەخۆ بەوجۆرەن، یەکجار فرســەتی بینینیمان دەبێت، خۆئەگــەر کەمتەرخەمی بکەین، ڕەنگە چرکەیەك خەوبینینی دەرفەتێکمــان لە کیس بدات، یان تەنها چاو نوقاندنێك وابکات دیدگامــان ون بکات لە دۆزینەوەی ئــەو گەنجو خەزێنەی کە بەدوایدا وێڵین!

ئیــدی ژیانە! هەموو شــتێك تیایــدا نرخێکی خۆی هەیە، بــەڵام لــە کاتی خۆیــدا، بۆیە ئەگــەر دواکەوت ئــەوا نرخی نامێنێ. ئێمە وامان بیرکردۆتەوە کە ڕۆژەکان دەڕۆنو ساڵەکان تێدەپەڕن، هەمیشــە پرســیارمان کردووە ئەم شەقامە بۆ کوێ دەڕوا! بەڵام لە ڕاســتیدا ئەوەی دەڕوات ئێمەین، شــەقامەکان هــەر لە جێگــەی خۆیاندان، ئەوان هەر لــە جێگەی خۆیانن و ئەمڕۆو ســبەینێو دوێنێیان لەیەك دەچێ، هەر کات بمانەوێت

زاهیر زانا

سەرکەوتنی بەختەوەرانە..

بەرێز ئەحمەد

ئـەوان لە جێگـەی خۆیانن، ئەوەی لە جێگـەی خۆی نامێنێ ئێمەیـن، ئێمەیەك كە هەرگیز ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ دوێنێ، هەرگیز ناتوانین دەستكاری دوێنێ بكەین، ڕۆژەكان نەڕۆیشتوون دووبارە دەبنـەوە، وەرزەكان جارێكی تر دێنەوە، ئەوە ئێمەین كە ئەمڕۆمان نایەتەوە، دەڕۆین هەرگیز نایەینەوە!

زانیمان دەڕواو نایەتەوە، ئیتر ئەوەی گرنگە بیزانین بریتیە لەوەی جۆرێك ڕێگا نەگرینەبەر كە بگەینە كۆڵانێكی بنبەستو بواری گەڕانەوەمان نەبێ، ڕاستتر لەوەش جۆرێك بژین نرخی ڕاستەقینەی ژیان بزانین، ئەو ڕاستییە دەرك بكەین كە خۆرو مانگو زەویو بـارانو تەواوی كەون بۆ خزمەتو بەختەوەری ئێمە لە جوڵەدان نابێو ناكرێ ئێمە بەبێ ئاگایی بژینو نرخی ئـەم ژیانەمـان نەزانین، بە ئاگاییەوە هەنـگاو بنێ، چاوت لە ئاسـۆ ببڕە، سود لە یاداشـتی كەسانی پێش خۆت ببینە، یادت بێ، هەڵەی خۆمانو كەسانی تریش باشترین مامۆستان كارێكی بلیمەتانەیە بە باشترین شێوە لێیان سودمەندبینو بە هۆیەوە ڕێگا ڕاستەكان بدۆزینەوە.

ژیان زۆر بە نرخەو نابێت بە كەمتر لە نرخی بەهەشـت بیفرۆشـین، بەهەشـتێك لە ناخـی خۆماندا كە لـەم ژیانەدا دەسـتماندەكەوێت لە ڕێگەی بیرو كاروكـرداری باشو هەوڵو تێكۆشـان لە پێناوی سـودی خۆمانو كۆمەڵگاوە بەدەسـتمان دەكەوێـت، بەهەشـتێكیش كـە لـە كۆتاییـدا كە لـە ڕێگەی بەروبوومی كردارو گوفتاری دروسـتمانەوە پێی دەگەین، بۆیە نرخی ژیانی خۆت بزانە، ئاگاداری یەكە بە یەكەی هەناسەكانت بە، هیچ ترپەیەكی دڵت بە كەم مەزانەو قەدری هەر یەكەیان بگرەو شـتێكی بەسودو باشـی تێدا ئەنجامبدە، نەهێڵیت كاتت بێ سود بڕواو هەوڵبدە جێ پەنجەیەكی تیا بەجێبهێڵە، چونكە بەشـێكە لە ژیانـتو دەرفەتێكی نوێیە لـە بەردەمتدا، نرخی توانـاو لێهاتوییەكانت بگرە بە بەكارهێنانو خستنەگەڕیان، نرخی خۆشـیو ناخۆشیەكانی بزانە، چونكە بە هۆی ئەوانەوە دەزانین ژیانو لەشی ساغ چەند خۆشو شیرینە، قەدری هەموو ئـەوەی لە دەوروبەرتدان بزانە، لەبەرئەوەی بونت بەبێ ئەوان مەحاڵو ئەستەمە.

ژیانت زەوییەكە بزانە چی بینایەكی لەسەر بنیاد دەنێیت، بەرنامـەو نەخشـەو پلانت هەبێو ئامانجی گەورەو بەسـودو بەكەڵك هەڵبگرە، لەبەرئەوەی گەورەیی تۆی پێوە بەستراوە، لە پێناوی بەدیهێنانیدا هەوڵبدەو كۆشش بكەو ماندوببەو چێژیش لە هەموو هەنگاوەكانی ئەو ڕێیە وەربگرە، لە مردن مەترسـە، بەڵكو لەوە بترسـە كـە زیندوبیتو ئومێدو ئیـرادەت بمرێ! خۆت نوێ بكەرەوەو خۆت شـەحنو بارگاوی بكەرەوە بە وزەی باش، خۆت بەتاڵ بكەرەوە لە خەمو مەراقو فشارەكان! خۆتت خۆشـبوێو نرخی ژیـان بزانە، ڕقو كینەمەكە بەبار بەسـەر دڵو دەرونتەوەو سـەرقاڵو مەشغوڵی دەرفەتە زێڕینەكەبە كە ژیانتە! قەدرو نرخو بەهای ئەو بەخششە بزانەو تەنها بیری باش بكەرەوەو وتەی باش بڵێو كاری باش بكە.

ئەوەی لە ژیاندا بۆمان دێتە پێش بەختەوەری ئێمە دیاری نـاكات، بەڵكو زۆرتـر جۆری كاردانەوەی ئێمە لە ئاست ئەو ڕووداوانەیە كە ڕۆڵی سەرەكی دەگێڕن.

هەرچی بە مێشـك بدەیت، مێشـك ئەو شتەت بۆ دەكات، بۆیـە بە دڵێكی هیواوە بە دڵێكی بەختەوەرانە حەزو ئامانجو خەونەكانت بنیات بنێ.

ئەگەر لە سـەرەتای ئامانجو خەونەكانتەوە هەستی شكست لە ناو مێشـكو دەروونتدا دروسـتبكەی، ئەو كات هەوڵو سەركەوتن هیـچ بونێكی نابێت، دەبێ یەكەم ڕێگا بۆ بنیاتنانی سـەركەوتنو ئامانجەكانت هەسـتی بەختەوەری دروسـت بكەی لە ناو مێشكو دەروونتـدا.. هیـچ كات ڕێگە مـەدە كە شكسـتەكان بتڕوخێنن، شكسـت هیچ كات بوونی نییە، جیاوازی نێوان شكستو سەركەوتن ئەنجامدانو هەوڵدانی ئەو شـتەیە كە ئارادەیەك ڕاسـتە، لەگەڵ كردنی ئەو شـتەی كە بە تەواوی ڕاسـتە، ئەو كەسەی كە شكست دەهێنێـت، بێگومان هەوڵی داوە بـەڵام ڕێگایەكی تاقیكردووەتەوە كە ڕێژەی ڕاسـتیو سـەركەوتنەكەی كەمترە، بۆیە گرنگە بزانین چـۆن هەنـگاو دەنێین بۆ سـەركەوتن، نابێ سـەركەوتن هەر لە سنوری مێشـكتدا بهێڵیتەوە، دەبێ ئەو حەزە بە كردارو هەوڵدان كاری بۆ بكەی، سـەركەوتن مافی هەموو كەسـێكە لەبەردەسـتی هەمووانـدایـە، خودای گەورە كرمی داوەتـە هەموو چۆلەكەیەك، بـەڵام فڕێی نەداوەتە نـاو هێلانەكانیان. لەبەرئەوە سـەركەوتن بـەرەو لای تۆ نایـەت، دەبێت تۆ بەرەو سـەركەوتن بڕۆی، نابێ چاوەڕێـی هەلێـك بكەی، دەبێ خۆت ئەو هەلە دروسـت بكەیتو بیخوڵقێنی.

لـە كۆتاییـدا دەمەوێت بڵێم: كە هیـچ كات خۆت بە كەم مەزانە، هەركاتێك هەسـتت بـە كەمی كرد، ئەوا ئەم وتەیەت بیـر بێتـو هەمیشـە ئەم وتەیە بە خۆت بڵـێ: (ئەم جیهانە وەك ئامێرێـك وایە، منیش پارچەی ئەو ئامێرەم، هیچ كاتێك ئامێرێك بە پارچەی زیادەوە كار ناكات، كەواتە من پارچەیەكی زیادە نیمو سـودێكم هەیەو هۆیـەك هەیە كە من هاتوومەتە دونیاوە)!



ئایا کەسێکی فزوڵیت؟

ئایا هەستدەکەیت کە زۆربەی کات، کەسێکی فزوڵیتو حەزدەکەیت هەموو ئەو شتانە بزانیت کە لەدەوروبەرتدا ڕوودەدەن، ئەگەرچی پەیوەندیشیان بە تۆوە نەبێت؟ یاخود هەر لە بنەڕەتدا گرنگی بە هیچ شتێك نادەیت کە پەیوەندی بە تۆوە نەبێت؟ ئایا زۆربەی کات دەتەوێت نهێنیو شتە شاراوەکانی دەوروبەرت بزانیت؟

بۆئەوەی بزانیت تۆ کەسێکی فزوڵی، یان نا، ڕاشکاوانە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە، تا بزانی ڕێژەی فزوڵییەکەت چەندە؟

یەکەم: کاتێك کۆمپیوتەری یەکێك لە هاوکارەکانت بەکاردەهێنیت، دەبینیت ئیمەیلەکەی کراوەتەوە:

١- زۆر بە وردی سەیری ئیمەیلەکەی دەکەیتو بە نێو ناوەرۆکەکەیدا دەگەڕێیت؟

٢- بە دزییەوە سەیری هەندێك ئیمەیلی دەکەیت.

٣- ئیمەیلەکەی دادەخەیتەوەو سەیری ناکەیت.

دووەم: دەبینیت دیارییەك، یان چەپکە گوڵێك بۆ هاوکارێکت هاتووە، بەڵام هێشتا هاوکارەکەت نەگەیشتۆتە سەرکار:

١- دەستبەجێ دەڕۆیتو دەپرسیت کێ ئەو دیارییەی هێناوە، لە کەسایەتی دەکۆڵیتەوەو بە شوێن مەبەستەکەیدا دەگەڕێیت.

٢- تەنها سەیرێکی دیارییەکە دەکەیت، دەتەوێت بزانیت دیارییەکە چییەو ناوی کێی لەسەر نوسراوە؟

٣- هیچ گرنگییەکی پێنادەیتو سەرقاڵی کاری خۆت دەبیت.

سێیەم: ئەگەر لە بانکێك، یان هەر دامەزراوەیەکی حکومی بوویت، لە ڕیزەکەدا ڕاوەستاویتو چاوەڕێی نۆرەی خۆت دەکەیت، دوو کەس لە دوای تۆوە زۆر قسە دەکەن:

١- ئەوەندە بە بایەخەوە گوێ بۆ قسەکانیان دەگریت، کە ئاگات لە ڕیزەکەت نامێنێت.

٢- ئەگەر دەنگیان بەرز بوو، گوێیان بۆ دەگریت، ئەگەر دەنگیان نزم بوو، گرنگیان پێنادەیت.

٣- گرنگیان پێنادەیتو سەرقاڵی ئەنجامدانی کارەکەی خۆت دەبیت.

چوارەم: کاتێك لە گەڵ هاوڕێیەکت بە شەقامێکدا گوزەر دەکەیت، لە ناکاو هاوڕێکەت لەگەڵ کەسێکدا کە تۆ نایناسیت ڕادەوەستێو پێکەوە قسە دەکەن:

١- دەستبەجێ پرسیار لە کەسایەتی دەکەیت.

٢- چاوەڕێ دەکەیت تا گفتوگۆی نێوانیان تەواو دەبێت، پاشان پرسیاری لەبارەوە دەکەیت.

٣- هیچ گرنگی پێنادەیتو پرسیاری لە بارەوە ناکەیتو درێژە بە پیاسەکردنەکەتان دەدەن.

پێنجەم: کاتێك لە درەنگانێکی شەودا بە بەردەم ماڵێکدا تێدەپەڕیت، دەبینیت یەکێك لە ژوورەکانی ئەو ماڵە هێشتا ڕووناکەو گڵۆپەکانیان نەکوژاندوەتەوە:

١- ڕۆیشتنەکەت خاو دەکەیتەوە، دەتەوێت بزانیت بۆچی هێشتا ڕووناکی ژوورەکە نەکوژاوەتەوە.

٢- بە خێرایی سەیرێکی ژوورەکە دەکەیت، بەبێئەوەی ڕۆیشتنەکەت خاو بکەیتەوە.

٣- بەردەوام دەبیت لە ڕۆیشتنو گرنگی پێنادەیت.

شەشەم: ئەگەر سەردانی ماڵی هاوڕێیەکت کرد، لە کاتێکدا هاوڕێکەت چووەتە دەرەوە زەنگی تەلەفۆنەکەیان لێیدا:

١- دەستبەجێ وەڵام دەدەیتەوە، بۆئەوەی بزانیت کێیە تەلەفۆن دەکات.

٢- بانگی هاوڕێکەت دەکەیت، بۆئەوەی وەڵامی تەلەفۆنەکە بداتەوە.

٣- گوێی پێنادەیت، تا هاوڕێکەت دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە دەبیستێو دێت تا وەڵامی دەداتەوە.

حەوتەم: کاتێك کەسێك دادەمەزرێت لە فەرمانگەکەی تۆ، یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی، یەکەم پرسیار چییە کە ئاڕاستەی دەکەیت:

١- چۆن لێرە دامەزرایت، پێشتر چ کارێکت دەکرد.

٢- ئەمڕۆ بارودۆخو تەندروستیت چۆنە.

٣- هیچ پرسیارێکی لێناکەیت، تەنها بە ڕوویەکی خۆشەوە بە خێرهاتنی دەکەیت.

هەشتەم: کاتێك بە تەلەفۆنی نۆرماڵ قسە لەگەڵ هاوڕێیەکت دەکەیت، لە ناکاو هێڵەکان تێکەڵاو دەبنو دەنگی دوو کەس دەبیستی پێکەوە قسە دەکەن:

١- گوێ بۆ قسەکانیان دەگریت تا ئەو کاتەی تەواو دەبن.

٢- گوێ بۆ هەندێکی قسەکانیان دەگریتو پاشان تەلەفۆنەکە دادەخەیتەوە.

٣- دەستبەجێ تەلەفۆنەکە دادەخەیتەوە.

نۆیەم: ئەگەر لە کاتێکدا هاوسەرەکەت مۆبایلەکەی جێهێشتبوو، گوێت لە دەنگی هاتنی نامەیەك بوو:

١- دەستبەجێ دەیکەیتەوەو ناوەڕۆکەکەی دەخوێنیتەوە.

٢- چاوەڕێدەکەیت تا هاوسەرەکەت دەگەڕێتەوە، پاشان لە ناوەڕۆکی نامەکە دەپرسیت.

٣- نە سەیری نامەکە دەکەیت، نە لە ناوەڕۆکی نامەکەش دەپرسیت.

دەیەم: کاتێك ناکۆکییەك دەکەوێتە نێوان هاوڕێکەتو هاوسەرەکەیەوە:

١- داوای لێدەکەیت، کە هۆکاری ناکۆکیەکەیانت بۆ باس بکاتو چیرۆکەکەت لە سەرەتاوە بۆ بگێڕێتەوە.

٢- کاتێك بەسەرهاتو هۆکاری ناکۆکیەکەیانت بۆ دەگێڕێتەوە، دڵنەوایی دەکەیت، یارمەتی دەدەیت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکەیان.

٣-هاوخەمی دەبیت، بەڵام خۆت لەکاروباری ژیانیان هەڵناقورتێنیت.

ئەنجام:

خاڵی (١) (٣ نمرە).. خاڵی (٢) (٢ نمرە)، خاڵی (٣) (١ نمرە)..

- ئەگەر کۆی خاڵەکانت (١-١٠) خاڵ بوو:

ئەوا تۆ کەسێکی بە ڕەهایی فزوڵی نیت، بەڵکو بەڕێژەیەکی لە ڕادەبەدەر کەسێکی ئاساییتو دووریت لە نەخۆشی فزوڵیەوە، تەنها گرنگی بە کارەکەی خۆت دەدەیت، بەڵام کەسێکی داخراویت، گرنگی نادەیت بەوەی لە چواردەورت ڕوودەدات، هەوڵی پەرەپێدانی خۆت نادەیت، هەوڵنادەیت لەوە زیاتر شارەزا بیت، ئاگاداربە گەر بەو شێوەیە بیت ڕەنگە ببیتە کەسێکی گۆشەگیرو لە دەوروبەرت دابڕێیت، ئەوەش وادەکات لە کاتی پێویستدا یارمەتیدەرت نەبێت، هەوڵبدە گرنگی بە کەسانی دەوروبەرت بدەیت، بۆئەوەی لە کاتی پێویستدا کەسانێك هەبن هاوکاریت بکەن..

دووەم: ئەگەر کۆی خاڵەکانت (١١- ٢٠) خاڵ بوو:

تۆ کەسێکی حەز بە فێربوونو شارەزابوون دەکەیت، بەڵام نەگەیشتوویتە پلەی کەسێکی فزوڵی، کە کەسانی دەوروبەرت بێزارو نیگەران بکەیت، هەمیشە هەوڵدەدەیت، کە بە ئاگابیت لە چواردەورت، دەتەوێت بزانیت چی ڕوو دەدات، کەسێکی کۆمەڵایەتییت، دەوروبەرت حەز بە هاوڕێیەتیت دەکەن، چونکە هەمیشە هاوکارو یارمەتیدەریانیت..

سێیەم: ئەگەر کۆی خاڵەکانت (٢٠- ٣٠) خاڵ بوو:

تۆ تا ڕادەیەکی زۆر کەسێکی فزوڵی، هەمیشە حەزدەکەیت خۆت لە ژیانی کەسانی دەوروبەرت هەڵبقورتێنیت، ئەگەر شتێك ڕوویبداتو تۆ نەیزانی، هەست بە خەمو پەژارەو بێتاقەتی دەکەیت، ئەوەش وادەکات دەوروبەرت لێت دووربکەونەوەو حەز بە هاودەمیت نەکەن، لەبەرئەوە پێویستە کەمێك خۆت چاك بکەیت، هەوڵبدە زیاتر بە کارەکانی خۆتەوە سەرقاڵ بیت، تا خۆت دووچاری کێشەو گرفت نەکەیت.

بالۆل «٩»

پەیام

کامان شێتین؟

ڕۆژێك بالۆلی حەکیم، دەڕوات بۆ سەردانی یەکێك لە گۆڕستانەکانی شاری بەغداد، لە نێو گۆڕستانەکە دادەنیشێو دەکەوێتە جیهانی خەیاڵەوە، لەو کاتەدا خەلیفە هارون بە لای گۆڕستانەکەدا گوزەر دەکات، دەبینێت بالۆل بە تەنها لە گۆڕستان دانیشتووە، زۆر بە توڕەییەوە پێی دەڵێت: بالۆل تۆ کەی عاقڵ دەبیت؟

بالۆلیش سەردەکەوێتە سەر درەختێکی بەرزو بە دەنگێکی بەرز دەڵێت: ئەی هارون، ئەی شێت، تۆ کەی عاقڵ دەبیت؟

هارونیش لێی نزیك دەبێتەوەو دەچێتە ژێر درەختەکەوەو بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە دەڵێت: من شێتم، یان تۆ شێتی کە بە تەنها لە گۆڕستان دانیشتووی؟

بالۆل دەڵێت: من کەسێکی ژیرم، تۆش شێتی؟

هارون دەڵێت: چۆن؟

بالۆل: بە دەستی ئاماژە بۆ کۆشکەکانی هارون دەکاتو دەڵێت: چونکە من دەزانم ئەو کۆشکانە هەمیشەیی نین، کاتینو لەناودەچن، تەنها بۆماوەیەکی کەم خاوەنەکانیان لە نێویاندا دەحەسێنەوە، پاشان ئاماژەش بۆ گۆڕستانەکە دەکاتو دەڵێت: ئەمە ماڵی هەمیشەییو سەرەنجامی هەموو مرۆڤەکانە!

من دەمەوێت ئەم ماڵەم ئاوەدان بکەمەوە، پێش ماڵی دنیام، بەڵام تۆ کۆشکەکانی دنیات ئاوەدان دەکەیتەوە، ئەم ماڵەش (ئاماژە بۆ گۆڕەکە دەکات)، وێران دەکەیت، لەبەرئەوە ڕقت لەو ڕۆژەیە کە لە ئاوەدانیەوە دەگوێزرێیتەوە بۆ ماڵێکی وێرانە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانیت ئەوە سەرەنجامی هەموومانەو دەربازبوون لێی ئاستەمە! ئێستا کامان شێتین؟

بەبیستنی ئەم ئامۆژگارییانەی بالۆل، هارونە ڕەشید دڵی کەوتە جۆشو دەستیکرد بە گریانو هۆن هۆن فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوەو بە دەنگێکی پڕ لە گریان وتی: سوێند بە خودا تۆ ڕاستدەکەیت!!

پاشان وتی: ئەی بالۆل زیاتر ئامۆژگاریم بکە..

بالۆل: پەیامی خوای گەورە بەسە بۆ ئێمە، پەیوەست بە پێوەیو جێبەجێی بکە..

پاشان هارون وتی: ئایا داواکارییەکت هەیە تا بۆت جێبەجێ بکەم؟

بالۆل: بەڵێ، تەنها سێ داواکاریم هەیە، ئەگەر بتوانی بۆم جێبەجێ بکەیت. ئەوا زۆر سوپاست دەکەم..

هارون وتی: داواکانت بکە..

بالۆل: - دەمەوێت تەمەنم زیادبکەی؟ - لە فریشتەی گیان کێشان بمپارێزە؟ - دەمەوێت بمخەیتە بەهەشتەوەو لە دۆزەخ دوورم بخەیتەوە!!

هارون: ببورە ئەوانە لە توانای مندا نین!

بالۆل: کەواتە بزانە کە تۆ بەندەی، نەك پادشا، منیش هیچ پێویستییەکم بە بەڕێزتان نییە!



چۆن دەبیتە مامۆستایەکی سەرکەوتوو؟

ڕێگەکانی وانەوتنەوەی گشتی:

سەرەڕای بوونی ئەم چەندجۆرە جیاوازیە لە ڕێگەکانی وانەوتنەوەی تایبەت، بەڵام ڕێگەکانی وانەوتنەوەی گشتی لە چەند جۆرێك تێناپەڕێت، پێویستە ئەوە بڵێین: کە ڕێگەکانی وانەوتنەوەی گشتی دەتوانرێ لە چەند پسپۆرییەکی جیاوازدا بەکاربهێنرێ‌و هیچ کام لەم ڕێگایانە تایبەتنەکراوە بۆ پسپۆرییەکی دیاریکراو، لێرەدا گرنگترین جۆری ئەم ڕێگایانە دەخەینەڕوو لەگەڵ خستنەڕووی لایەنەکانی باشەو خراپەی هەریەکەیان.

جۆرەکانی ڕێگەکانی وانەوتنەوەی گشتی:

یەکەم: ڕێگەی وتنەوەو باسکردن:

ئەم ڕێگەیە کۆنترین‌و دیارترین جۆری ڕێگەی وانەوتنەوەیە، لە زۆربەی وانەو ئاستە جیاوازەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەم ڕێگایە پشت بەسێ لایەنی گرنگ دەبەستێت کە ئەوانیش:

١- زانیاری‌و شارەزایی پێویستی مامۆستایە دەربارەی بابەتی خوێندنی بڕیار لەسەردراو.

٢- لێهاتویی مامۆستا لە چۆنیەتی ڕێکخستنی بابەتە زانستییەکە بەشێوەی زنجیرەیی‌و ئاسان بۆئەوەی لە کاتی باسکردنیدا مامۆستا بتوانێت زانیارییەکان بە تەواوەتی بخاتەڕوو.

٣- لێهاتویی مامۆستا لە گێڕانەوەو قسەکردندا، هەروەها تێگەیاندنی سەرجەم خوێندکاران لە کاتی دیاریکراوی وانەکەدا.

مامۆستا لە بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیەدا بایەخ بە هێمنی‌و ئارامی پۆل دەدات بە شێوەیەك سەرجەم خوێندکارانی ناوپۆل بێدەنگی بپارێزن‌و توانای گوێگرتنیان لە مامۆستا هەبێت، لەم جۆرە ڕێگەیەدا مامۆستا تەوەری سەرەکی وانەوتنەوەیەو ئەرکی سەرەکی لە ئەستۆدایە لە بەرامبەردا خوێندکاران ڕۆڵی گوێگر دەگێڕن بە مەرجێك ئامادەباشیان تێدابێت لە هەرساتێکدا مامۆستا پرسیاریان ڕووبەڕوو بکاتەوە، یان داوای ڕوونکردنەوەو باسکردنی شتێکیان لێبکات.

دەتوانرێ بەمجۆرە پێناسەی ڕێگەی وتنەوەو باسکردن بکرێت کە: (بریتییە لە یەکێك لە ڕێگە گشتییەکانی وانەوتنەوە کە تێیدا مامۆستا هەڵدەستێت بە باسکردنی زانیارییەکان، یان بابەتی وانەکە بۆ خوێندکاران لەگەڵ بەکارهێنانی ئامرازی پێویستی فێرکاری، لە بەرامبەردا خوێندکاران وەکو گوێگر دادەنیشن‌و گوێ لە وتەکانی مامۆستا دەگرن‌و ئامادەی وەڵامدانەوە دەبن لە کاتێکدا

ماموٚستا داوایان لێبکات).

پەروەردەناسانو لایەنگرانی ڕێگەی وتنەوەو باسکردن چەند تایبەتمەندیو لایەنێکی باشەی ئەم ڕێگایەمان بۆ دەخەنەڕوو کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- کەمی تێچونی کات: زۆرجار ئەم ڕێگایە بە بەراوردکردن بە ڕێگەکانی تر کەمترین کاتی پێویستە بۆ گەیاندنی زانیارییەکانو ناوەرۆکی وانەیەك بە کۆمەڵێك خوێندکار، ئەمەش بەسودە بۆ ئەو بابەتانەی کە درێژنو ناوەڕۆکی زۆر هەڵدەگرن.

٢- کەمی ئامادەکارییە تایبەتییەکانی وانەوتنەوە: ئەم جۆرە ڕێگەیە لەوانەوتنەوە پێویستی بە کەمترین ئامادەکاری هەیە لە ڕووی دابینکردنو بەکارهێنانی ئامرازە فێرکارییەکان، زۆرجار تەنیا پێویست بە بەکارهێنانی کتێبو تەختەڕەش دەکات.

٣- فێرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران: لە ڕێگەی ئەم ڕێگەیەوە ماموٚستا دەتوانێت زۆرترین ژمارەی خوێندکاران فێربکات لە ماوەیەکی دیاریکراودا، هەندێجار ژمارەی خوێندکارانی پۆلێك دەگاتە نزیکەی سی خوێندکار، زۆرجاریش ئەم ژمارەیە لە زانکۆکاندا دەگاتە نزیکەی سەد کەس.

٤- ڕەخساندنی کەشێکی هێمنو ڕێکخراو لە وانەوتنەوە: سروشتی ئەم ڕێگایە لە وانەوتنەوە بێدەنگیو هێمنی ناوپۆل دەخوازێت، هەرئەمەش وادەکات کە ماموٚستا زۆربایەخ بەم لایەنە بدات، ئەمەش وادەکات پۆلێکی ئارامو گوێگر دێتە ئاراوە.

پەسەندیو جێبەجێکردنی ئەم ڕێگەیە لەلایەن هەندێك لە پەروەردەناسانو ماموٚستایانەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە ئیتر ئەم ڕێگەیە بێکەمو کورتی نییە، لێرەشدا هەندێ لە کەموکورتییەکانی ئەم ڕێگەیە دەخەینەڕوو:

١- ڕێگەی وتنەوە خوێندکار دەخاتە حاڵەتێکی سلبییەوە بە هۆی ئەوەی پێویستییەکانی خوێندکار لە ڕووی چالاکیو بەشداری ناوپۆلەوە تێرناکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار تەنها لە ڕێگەی تیۆرییەوە فێری شتەکان ببن.

٢- زۆرکات پەیڕەوکردنی ئەم ڕێگەیە دەبێتە ئاسانکارییەك بۆ بڵاوەپێکردنی بیروهزری خوێندکار لە کاتی وانەوتنەوەدا، چونکە زۆرقسەکردنی ماموٚستاو بێدەنگبوونی خوێندکار دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار لە ناو پۆلدا خەوبیباتەوە، یان خەیاڵی بەشوێنێکدا بڕوات، کە ئەمەش هەڵهاتنە لەوانەکە لە ئەنجامیشدا خوێندکار لە تێگەیشتنی ئەو وانەیە بێبەش دەبێت.

٣- لە گرنگییەکانی ئەم ڕێگەیەدا باسی کەمی ئامادەکارییەکانی وانەوتنەوەمان کرد، لەم ڕێگەیە لە ڕووی ئامرازە فێرکارییەکانەوە، بەڵام بەکارنەهێنانی ئامرازە فێرکارییەکان زیانو خراپەشی هەیە، چونکە هەتاوەکو زیاد لە هەستەوەرێکی خوێندکار لە وانەیەکدا بەشداری پێبکەی، ئەوا باشتر ئەو خوێندکارە لە ناوەڕۆکی ئەو وانەیە تێدەگاتو بەپێچەوانەشەوە.

٤- یەکێك لە کەموکورتییەکانی تری ئەم ڕێگەیە ئەوەیە کە زیاتر پشت بە توانای تەرکیز خستنەسەر دەبەستێتو هەریەکە لە پرۆسە عەقڵییەکانو لایەنی ویژدانیو جەستەییو لێهاتویی خوێندکار فەرامۆش دەکات.

دووەم: ڕێگەی مشتومڕو گفتوگۆ:

دووڕای جیاواز دەربارەی ناونیشانی ئەم ڕێگەیە لە نێوان ماموٚستایاندا هەیە، هەندێ لە ماموٚستایان پێیانوایە کە مەبەست لە (مشتومڕو گفتوگۆ) گفتوگۆی نێوان ماموٚستایانو خوێندکاران دەگرێتەوە لە بەرامبەردا هەندێکی تر لە ماموٚستایان پێیانوایە کە مەبەست لەم ڕێگەیە پرسیارو وەڵامی نێوان ماموٚستاو خوێندکارانو خوێندکاران خۆیان دەربارەی بابەتی وانەکە دەگرێتەوە. بە هەرحاڵ لە بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە شێوازی گفتوگۆی زارەکی زاڵە بەسەر وانەوتنەوەدا، دەشتوانین پێناسەی ئەم ڕێگەیە بەمجۆرە بکەین: (ڕێگەی گفتوگۆ، یان مشتومڕ بریتییە لە یەکێك لە گرنگترین ڕێگەکانی وانەوتنەوەی گشتی کە تێیدا گفتوگۆیەکی کراوە لە نێوان ماموٚستاو خوێندکاراندا دروست دەبێت، دوای ئەوەی ماموٚستا لە هەر وانەیەکدا هەڵدەستێت بە دروستکردنی تەوەرێکی گفتوگۆو پرسیارو وەڵام بە ئامانجی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وانەوتنەوە).

دیارترین ئەو لایەنە باشانەی ئەم ڕێگەیە لە خۆی دەگرێت، لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

١- تواناکانی خوێندکار پەرەپێدەدات بە هۆی بەشداری پێکردنی خوێندکاران لە تەوەری گفتوگۆی تایبەت بەوانەکە.

٢- ئاستی شارەزاییو لێهاتوویی خوێندکاران لە بەشداری کردنی کۆمەڵایەتی گەشەدەکات لە چوارچێوەی بەشداریکردنی خوێندکارو ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی جیاوازی ناوپۆلدا.

٣- خوێندکاران هەوڵدەدەن گەشە بە تواناکانی خۆیان بدەنو بە دوای زانیاریدا بگەڕێن، بۆئەوەی بتوانن وەڵامی زیاتری پرسیارەکان بدەنەوەو بەشداری زیاتری گفتوگۆ بکەن.

٤- کەمی تێچونی ئامێرو ئامرازە فێرکارییەکان لە پەیڕەوکردنی ئەم ڕێگەیە لە وانەوتنەوەدا.

وێڕای سیفاتە باشەکانی، ئەم ڕێگەیەش کەموکورتی تایبەت بەخۆی هەیە، لەوانەش:

١- پەیڕەوکردنی ڕێگەی گفتوگۆ پێویستی بە ماموٚستای لێهاتوو، ئاست بەرزە لە زانیاریو گەیاندنو کۆنترۆڵکردنی پۆلدا، دەبێت ماموٚستا هۆشیارو بە ئاگابێت لە ڕووداوەکانی ناوپۆل، یان هەندێ لەو هەڵسوکەوتە نەشیاوانەی خوێندکاران دەینوێنن، هەروەها ئامادەیی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خوێندکارانی هەبێت. بۆیە هەندێجار لاوازی ئاستی ماموٚستا لە دروستکردنی پرسیارو نەتوانینی کۆنترۆڵکردنی ژاوەژاوی ناوپۆلو لەبەرچاونەگرتنی جیاوازییە تاکەکەسیەکانی نێوان خوێندکارانو کێشە ڕۆتینیەکانی تری ناوپۆل دەبێتە گرفت لە بەردەم بەدیهاتنی ئامانجەکانی وانەوتنەوە.

٢- ئەم ڕێگەیە زیاتر پشت بە گفتوگۆی زارەکی دەبەستێت لە جیاتی بەشداری پێکردنی هەستەوەری زیاتری خوێندکارانو بەکارهێنانی ئامێرو ئامرازەکانی فێرکردن.

٣- لە زۆربەی کاتدا ئاراستەی گفتوگۆی ناوپۆل دەگۆڕێت بۆ گفتوگۆیەکی هەڕەمەکیو ڕۆتینی دوور لە گفتوگۆی زانستیو وروژاندنو ... هتد. زۆرجار ئەمەش بە هۆی ئەوەوە دەبێت کە ماموٚستا پێشتر بابەتی ئەو وانەیە وەکو ئەرکی ماڵەوە دەدات بە خوێندکارانو پاشانیش لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی هەمان باسو دووبارەبوونەوەی هەمان ئەوەی لە ماڵەوە خوێندویانە وادەکات خوێندکاران لە وانەکە بێزاربنو هەوڵی هێنانە ئاراوەی گفتوگۆ دەربارەی بابەتێکی نوێ دەدەن.

ژیانت بگۆڕە.. تۆ شایەنی باشترینی!

تۆ شایەنی باشترینی:

دەرەنجامی ڕەخنەی ڕوخێنەری ڕابردوو، خەڵك خورافەیەكی تر، یان بڕوایەكی تر قبوڵ دەكەن، كە تواناكانیان سنوردار دەكات. ئەوەش بڕوای تەواوە بەوەی شایانی سەركەوتن نین، یان شایانی ئەوەنین لە سەركەوتوان بن. ئەم هەستە ناوەكییە شاراوەیە، لەناو ئەو كەسانەدا زۆرباوە كە ژیانیان لە سفرەوە دەست پێكردووە، یان ئەوانەی لەناو خێزانێكی زۆر هەژاردا گەورەبوون. دەكرێت ئەو هەستە لەوەشەوە سەرچاوە بگرێت كە لە سەرەتای تەمەنماندا پێمان دەڵێن: هەژاری گەورەییو پاكییەو دەوڵەمەندی خراپەو شتی باشی بەدواوە نییە.

گەر لەسەر هەستی بەدەست نەهێنانی شتە باشەكان گەورەبویت، ئیتر لەبەر هەر هۆكارێك بێت، لە پاشدا لە بوارێكدا سەركەوتوو بویت، ڕەنگە بە ئەزمونی بەناو (دیاردەی دەرخستن بیت)، هەست دەكەیت خۆت وەك كەسێكی تر دەردەخەیت لەم سەركەوتنەتدا، ڕۆژێك دێت ئەو ڕاستییە ئاشكرا دەبێت. جا بەچاو پۆشین لەو سەركەوتنەی بە دەستتهێناوە لە دەرەنجامی ماندووبونت، بەردەوام ئەو ترسە پڕوكێنەرەت هەیە كە ئەو سەركەوتنەت لە چنگ دەردێنن.

ئەگەر هەستدەكەیت تۆ وەك كەسێكی سەركەوتوی تر خۆت دەردەخەیت، ئەوا بە زۆری هەست بە تاوان دەكەیت، كاتێك سەركەوتنی گەورەتر لەوانی تر بەدەستدەهێنی. بۆ دەربازبونیش لە هەست بەو تاوانە هەندێك كەس دەچنە تەوەرەی خود لەناو بردنەوە. بۆ نمونە دەستدەكەن بە زۆر خۆری، یان مەی خواردنەوە، یان بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان، یان گرنگی نادەن بە خێزانەكانیان، یان بە جۆرێك ڕەفتار دەكەن كەس چاوەڕوانی ڕەفتاری وا لەوان ناكات، زۆرینەی كاتیش سەروەتو سامانیان بە هەدەر دەدەن لە كاری سەركێشانەدا. ئەمانە لە قوڵایی ناخیانەوە هەستدەكەن ئەوان شایانی سەركەوتن نین. دەرەنجامی ئەوەش سەركەوتنەكەیان لەناو دەبەن.

* خۆت تەرخان بكە بۆ خزمەتی خەڵك:

ڕاستیو حەقیش ئەوەیە تۆ شایانی ئەوەیت بە ڕێگایەكی دروست ببیتە خاوەنی هەموو سەركەوتنێكو هەموو دەستكەوتێك لە ڕێی هەوڵو كۆششت لە كارەكەتدا، تۆ بە كارەكەت خزمەت بە خەڵكانێك دەكەیت كە ڕەنگە لەو ڕێیەوە ژیانیان باشتر بێت، بە دڵسۆزی تۆ لە كارەكەتدا وادەكەیت متمانە بگەڕێنیتەوە بۆ نیشتیمان، چونكە خەڵك زیرەكن وەشتەكانیش تاقی دەكەنەوە، ئەو شمەكانەش زیاتر دەكڕن كە خزمەتیان دەكات، بەم كارەت سەركەوتنی خۆت بۆ ماوەیەكی درێژ مسۆگەر دەكەیت، خزمەتەكەت باشترو چاكتر بێت ئەوەندە زیاتر بە دەست دەهێنیتو سەركەوتوو دەبیت..

* سەرەداوی وتووێژی ناوەكیت بگرە دەست:

هەروەك چۆن دەبیتە ئەوەی كە بیری لێدەكەیتەوە، تۆ ئەوەیت كە بە خۆتی دەڵێیت لە ڕاستیدا بەهێزترین ئەو وشانەی كە دەتوانیت بە خۆتی بڵێیتەوە بەتایبەتی ئەو كاتانەی هەست بەدڵەڕاوكەو بێزاری دەكەیت، لە بەرامبەر ڕووداوێك كە ڕەنگە ڕووبدات ئەوەیە: (من سەرسامم بەخۆم! من سەرسامم بەخۆم! من سەرسامم بەخۆم)!

چەندە بڵێیت: (من سەرسامم بەخۆم)، ئەوەندە ترسەكانت كەم دەبنەوەو ئازایەتیت زیاد دەبێت، دەستەواژەی (من سەرسامم بە خۆم)، هێزێكی كاریگەرو ئیجابی هەیە، ڕاستەوخۆ ژیری ناوەكیت وەك فرمانێك وەریدەگرێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ كاریگەری هەیە لەسەر بیر كردنەوەكانتو هەستەكانتو هەڵوێستە دەرونیەكانت. ڕاستەوخۆش ئاماژەكانی جەستەش باش دەبێتو خۆت ڕێك دەكەیتەوە، هەروەها تەعبیرەكانی دەموو چاویشت ئیجابیو خۆشی پێوە دەردەكەوێت، هێزی دەنگیشت بەهێزترو پڕماتمانە تر دەبێت. جاهەروەك چۆن هەستت بەرامبەر خۆت باش بووە، دەرەنجامی ئەوە مامەڵەیەكی گەرمو گوڕورترو پڕمتمانە تر دەكەیت لەگەڵ دەوروبەرتدا.

تۆ هەڵدەستیت بەكرداری گۆڕینی فیكرت وەگۆڕینی ژیانت لەڕێی كاركردن لەسەر وێنەی خودیت، واتە تۆ دەستت كردووە بەدروست كردنی وێنەیەكی نمونەیی پڕ لە ڕوونیو ئیجابی بوونو كاریگەرو پڕ لە هیوا، لەگەڵ باشترین كەسدا ڕێكدەكەوێت كە تۆ خەیاڵ بكەیت ببیت بەو و هاوشێوەی ئەو بیت. دەكرێت خودت سیمای ئیجابی بونی پێوە دیار بێت، لە ڕێی خەیالكردن بەخۆتەوە كە باشتری ئەدات هەیە لە هەموو ئەو كارانەی كە ئەنجامی دەدەیت. لە كۆتاییدا تۆ ئاستێكی زۆر بەرزو دامەزراو لە ڕێزی خودی بەدەستدەهێنی، لە ڕێی خۆشەویستیو قبولكردنی خۆتەوە بەبێ مەرجو وەك كەسێك كە شایەنی هەموو ڕێزو بەهایەكی بەرزە.

و: چیا عەبدولا

ئاسۆ حاجی

ئەرێ لە هەندەران هاتویتەوە؟!

کاتێك دەچیتە شوێنێکی گشتی، وەك نەخۆشخانەو قوتابخانەو... هتد، ئەگەر کلێنکسێك، یان پارچە کاغەزێکت بەدەستەوە بێتو فڕێی نەدەیت، تا دەگەیتە لای سەلەی زبڵ، پێت دەڵێن چییە دەڵێی لە هەندەران هاتویتەوە؟! یان ئەگەر لە چێشتخانە دەنکە زەیتونو پارچە ئێسکەکانی بەردەمت بخەیتە ناوکلێنکسێك بۆئەوەی پەرت نەبنو بۆ خزمەتکارەکان ئاسان کۆبکرێتەوە، پێت دەڵێن چییە دەڵێی لە هەندەران هاتویتەوە؟! یان ئەگەر لە ناو ئۆتۆمبێلەکەت بیبسییەك، یان ئاوێك، یان کێکێت خواردو کاغەزو قووتوەکەت فڕێنەدا لە ناو ئۆتۆمبێلەکە داتنا تا دادەبەزی پاشان خستە ناو سەلەو حاویەی زبڵدان، پێت دەڵێن چییە لە هەندەران هاتویتەوە؟! یان ئەگەر لە درەنگانی شەو بە ئۆتۆمبێلەکەت بگەیتە ترافیك لایتو گلۆپی سور داگیرسابێت، تۆش بوەستی، یان کاتێك ئۆتۆمبێل لێدەخوڕیو پشتێنی سەلامەتی دەبەستی، یان لە تاسەو ڕووداودا چواریی دادەگیرسێنیو لە کاتی پێچکردنەوەدا ئیشارەتی سوڕانەوە دادەگیرسێنیت، دەڵێن: ئەوەچییە دەڵێی لە هەندەران هاتویتەوە؟! ئەگەر لەناو پارکەکاندا لە کاتی خواردنی گوڵەبەڕۆژەو چەرەسات توێکڵەکانت فڕێنەداو خستە ناو زەرفێکەوە، پاشان بۆ ناو سەلەی زبڵ، یان لە دەرگای چوونە ژوورەوە بچیتو لە دەرگای هاتنە دەرەوە بێیتە دەرەوە!

ئەمجارەش دەڵێن: چییە لە هەندەران هاتویتەوە؟! لە ڕۆژانی گەشتو سەیرانیش بە تایبەتی لە وەرزی بەهاراندا کاتێك ئەو نانو چێشتەی دەیخۆیتو پاشماوەکەت دەخەیتە زەرفی تایبەتییەوە، یان توێکڵو ناوکی خواردنو میوەکان دوای خواردن دەخەیتە ناو زەرفێکەوە تا دەگەیتە شوێنی تایبەت بە پاشماوە، پاشان فڕێی بدەی، یان بیهێنیتەوەماڵو بیخەیتە ناو تەنەکەی زبڵەکەوە دەڵێن: لەو هەموو دەشتو دەرە زبڵی هێناوەتەوە ماڵو خستیە سەللەی زبڵەکەوە لە وێڕا لە خۆی بارکردبوو، چییە دەڵێی لە هەندەران هاتۆتەوە؟! توخوا جێبەجێکردنی ئەم کارانەو پاکڕاگرتنی نیشتمانو شارو شەقامو گەڕەکەکەتو ڕێك ڕۆیشتنو ڕێك هاتن، بە هاتنەوە لە هەندەران دەبەستییەوە، نازانم بۆچی خۆمانمان پێکەمە ئەگەر وابین، یان نابێت ئەگەر هاتوو لە هەندەرانیش بێینەوە سیفەتو ڕەوشتی باش فێربین، پاشان پاكوخاوێنی ڕێكوپێکی لە کارو سەرکاردا لوتکەی بەرزی ئاینەکەمانە، کەچی ئەم سیفەتو ئاکارانەیان لاسەیرە، ئەگەر جێبەجێبکرێن لە کاتێکدا دەبوو ئێمە سەرمەشقبینو هەندەرانییەکان لە ئێمەوە فێری پاكو خاوێنی بن، هەروەك فێربوون.

بەڵام ئێمە ئەگەر بۆخۆشمان چاومان فێربوونی ئەم ڕەوشتانە نابینێت، ئامادەنین لەوانیش ئەم ڕەوشتە باشانەو چەندانی تریش فێرببین، بەڵام گۆڕانی ڕواڵەتو مۆدەی جلو سەرمەستبوون، ئاساییە ئەگەر فێر ببین، هیچ دەربڕینێکی سەرسوڕمانو پرسیارکردنیشی ناوێت، ئەرێ لە هەندەران هاتویتەوە؟!

بە دوای سەركەوتنی ڕاستەقینەدا بگەڕێن

ئەم مۆمە پرشنگدارە، تكاتان لێدەكەم بە جوانی چاوەكانتان بەڕوویدا بكەنەوە، بەپێی ئەوەی ئێمە لە زەمانێكداین كە خەڵكی سەرسامن بە هەموو شتێك، كە ئاماژە بە بردنەوەو سەركەوتنو زاڵبوونو دەسكەوتە گەورەكان دەكات، گومانی تێدانییە كە مرۆڤایەتی پێویستیەكی زۆری بە ژمارەیەكی زۆر هەیە لە كەسەباڵاو سەركەوتووەكانو خاوەنی خواستە گەورەكان، ئەمەش بە هۆی ئەو لاوازییەوە كە دەناڵێنێت بە دەستییەوە لە ڕووی زانستیو پیشەسازیو ئابوری، ئەمەش پێویستیەكی بەڵگەنەویستە، چونكە ئێمە بە ڕاشكاوانە بدوێین، ناتوانین نەتەوەیەكی بە هێزدروست بكەین لە كەسانی لاواز، بەڵام ئازیزانم دەبێت شتێكی سەرەكیتان لەبیربێت، كە ئیسلام سەرنجێكی ورد دەداتە شێوازی گەیشتن بە ئامانجە گەورەكان، وەك چۆن تێڕوانینێكی وردی هەیە، بۆ خودی ئامانجەكان خۆیان، كە وابوو سەركەوتنی ڕاستەقینە كە پێویستە لە سەرمان هەموومان بە دوایدا بگەڕێین، دوو خاسییەتی سەرەكی هەیە:

١- دەبێت بە ڕێگەیەكی یاساییو بەرنامە بۆ داڕێژراو ئەنجام بدرێت.

٢- خاوەنەكەی لە خودای گەورە نزیك بكاتەوە، واتە سەركەوتنی دنیایی هانی خاوەنەكەی بدات لەسەر هەوڵدان لە ڕێگەی خوادا، خزمەتكردنی خەڵكیو بەشداریكردن لە بنیادنانی ئاسانكاری گشتیو هەڵساندنەوەی هاونیشتیمانیان..

ئەگەر یەكێك لە ئێوە توانی سەركەوتو بێت لە یەكێك لە بوارەكاندا، بەڵام بەرهەمی ئەو سەركەوتنەی بەكاربرد لە خۆشی تایبەتیو فراوانكردنی شتەڕێ پێدراوەكان، زیادكردنی ئاسودەیی خۆیدا، بەڕای من ئەو سەركەوتنە سەركەوتنی ڕاستەقینە نییە، بەڵكو سەركەوتنێكی كاتیو سنوردارە، مادام ژیانمان سنوردارە، تواناكانیشمان بۆ خۆشی لێ بینینی دیاریكراوە، كەواتە هەموو سەركەوتنە دنیاییەكان لە كۆتاییدا سنوردارەو تێدەپەڕێت.

ڕۆڵەكانم جۆرێكی تر لە سەركەوتن هەیە، بەڵام ناونانی بە سەركەوتن ناونانێكی دروستكراوە، چونكە ئەو جۆرە سەركەوتنە بە دەستدێت لە ڕێگەی درۆو فێڵكردنو بەرتیل دانو زۆر لێكردنو دەستدرێژی كردنە سەر مافی خەڵكیو دەرچوون لە یاساو ڕێسا باوەكان..

ئەم سەركەوتنە سەركەوتنێكی خەیاڵییەو بارێكی زۆرگرانە لەسەر خاوەنەكەی، بۆیە دەبێت لەم ڕووەوە بە چاوی سۆزو بەزەییەوە سەیری ئەو سەركەوتوانە بكەین، چونكە زۆر هەژارن ئەوەی بە سەركەوتنی دەزانن، بەڵایەكەو بەسەریان هاتووە.

ئەمە چی دەگەیەنێت لای كچو كوڕەكانم؟

ئەمانە دەگەیەنێت:

١- گرنگیدان بە هەر توانایەكی سەركەوتنو بردنەوە، چونكە ئەوە پێویستە بۆ ئاسودەییو دڵخۆشی خۆتانو دڵخۆشی خزمو كەسوكارتانو سوودی وڵاتەكەتان.

٢- مەهێڵن گەورەترین خەم كە باڵتان بەسەر دەكێشێت تەنها بەدەستهێنانی بڕوانامەو كارو خاوەندارێتی شتانێكی دەروونی بێت، بەڵكو بیر بكەنەوە لە چۆنیەتی بەكاربردنی ئەو شتانەی بەدەستتان هێناوە لە شتانێكدا كە قورسایی چاكەكانتان زیاد بكات.

٣- با دروستی ئەوەی دەتانەوێت بەدەستیبهێنن، ئەو مەرجە بێت كە قابیلی گفتوگۆو خەملاندن نییە.

٤- پشت بە خودای گەورە ببەستنو داوای پشتیوانیو پارێزگاری لێ بكەن لە هەموو شتێك كە بەرەو ڕووی دەڕۆن.

ئەم وتەیەتان لەبیر بێت:

إذا لم يكن عون من الله للفتى - فأول مايقضى عليه اجتهاده

ئەگەر یارمەتی خودانەبێت بۆ لاو- ئەوا یەكەم شت كە دادگایی دەكات هەوڵەكانییەتی

بۆ كوڕو كیچە لاوەكانم

ئ: د. عبدالكريم بكار- و: ئاسیا صەلاح

خەم شادی

ئیلهام گەردی

خەمو شادی دوو دیاردەی سروشتی مرۆڤن، هیچ کاتێك ناتوانرێت لە فەرهەنگی ژیانی مرۆڤایەتی جیابکرێنەوە.

شادی: بریتییە لە بەدەستهێنانی ئەو شتانەی کە خواستو ویستی دڵن.

خەم: بریتیە لە لەدەستدانی ئەو شتانەی کە پەیوەستە بە دڵ.

شادی: ڕەزامەندی هەواو ئارەزووی (نفس) لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بەڵام خەم وەکو ئاگادارکردنەوەی هەواو ئارەزووی (نفس) وایە، چونکە ئەو شتانەی کە نەفس پێی خۆشە دەیانبات.

شادی: ژیانت لە لا شیرین دەکاتو دونیات لا خۆشتر دەکات، بەڵام خەم ئامرازێکە بۆ دەرخستنی بێ نرخی دونیا.

خەمو شادی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ، لە منداڵەوە بۆ گەورە، لە ژنەوە بۆ پیاو، لە فامدارەوە بۆ کاڵ فام، یان لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، جیاوازی هەیە... هتد.

شادیو خەم، دوو دیاردەی دەروونین پێداویستی سەرەکی ژیانی مرۆڤن، هەمیشە لەگەڵ یەکدا دێن (فأن مع العسر يسرا)، هیچ مرۆڤێك بێبەش نییە لە هەردوو دیاردەکە لە هەمان کاتدا، بەڵام دیارە بە ڕێژەی جیاواز، بەڵکو خەمە کە شادی بەهێز دەکات، یان شیرینی دەکات، هەروەك چۆن سەلامەتی بە لادانی نەخۆشی مانا پەیدا دەکات، یاخود ڕووناکی بە تاریکیو عەقڵ بە نەزانی، گەرما بە سەرما، دەوڵەمەندی بە هەژاری...

یاخود دەتوانین بڵێین ئەسڵەن دونیا جیهانی دژەکانە، هەروەك چۆن عەرەب دەڵێت: (وبضدها تعرف الأشياء) واتە: شتەکان بە دژەکانیانەوە دەناسرێنەوە، یاخود دەتوانین بە چەند نمونەیەك ئەم دژانە بە یەکتری ڕوون بکەینەوە:

١- کرانەوەی دەستو مشت کردنی، هەمیشە بە دوای یەکتریدا دێت، هیچ کەسێك ناتوانێت هەمیشە دەستکراوە بێت، لەبەرئەوەی لەو حاڵەتەدا ئەو کەسە ناتوانێ پەرداخێ ئاو بە دەستی خۆی بخواتەوە، یان سویچی سەیارەکەی هەڵگرێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر هەمیشە نوشتاوە بێت، ئەوا زۆرێك لە کارەکانی خۆی ناتوانێت ڕاپەڕێنێت.

٢- ئەگەر بە دروستی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ خەم کرد، دەتوانین زۆر سوودی لێوەرگرین، چونکە خەم وەك ئەو باخەوانە وایە کە لەسەر درەختی ژیانە، ئەو لقە شادیانە کەوا بەریان کەم بووە، دەیانبڕێت، تاکو شادی نوێ سەر هەڵبدەنەوە.

یان خەم وەکو پەڵە هەورێکی ڕەش وایە کە هەڵگری باران بێت، بە بارینی ماوەیەك پێش بە ڕووناکیو گەرمای ڕۆژو بێگەردی ئاسمان دەگرێتەوە، بەڵام دوای هەر ئەم هەورە کە دەبارێت بەها دەدات بە گەرمیو ڕۆشنایی ڕۆژ کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی گیاو گوڵ، یان دەرخستنی ئەو تۆوانەی کە لە ژێر زەوی شاردراونەتەوە.

دەتوانین بڵێین: خەم وەکو ئەوە وایە بچیتە سەر بەرزاییەك لەوێوە سەیری شار بکەیت، ئەو کاتە وێنەی تەواویو حەقیقەتی شارەکەت بۆ دەردەکەوێت.

جۆرەکانی خەم:

١- ئەو خەمانەی کە مرۆڤ نزم دەکەنەوە.

أ- دڵ بەستن بەو شتانەی دەوروبەری خۆت کە مێژووی بەسەرچوونیان دیاریکراوە، یان هەر لە بنەڕەتدا شتەکان بێ بەها بوون.

ب- خودپەسەندی هەموو کاتێك بەرژەوەندییەکانی خۆت پێش بەرژەوەندی گشتی بخەیت، هەروەك چۆن لە ماڵەوە ئەگەر باوکێك تەنها لە بیری خۆشیو شادییەکانی خۆی بێت چەند بێ ڕێز دەبێت.

ت- خۆی نەناسێ، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك ئامانجی لە کردارو گوفتاری تەنها ڕەزامەندی خەڵکی تر بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا خەڵك گوێیان بۆ دەگرت تووشی خەم دەبێت، بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدات بزانێت خەڵکی چۆن ڕازی دەبنو چییان دەوێت بۆیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر ڕەفتارو گوفتاری دەگۆڕێتو کەسایەتی خۆی لە دەست دەداتو خۆی لێ ون دەبێت.

پ- ترسان لە خەم گەورەترە لە خودی خەم.

هەروەکو باسمان کرد خەم دیاردەیەکە ناتوانیت لە مرۆڤی جیابکەیتەوە، بەشێکە لە پێکهاتەی مرۆڤ، بۆیە ئەگەر بە لاوەکی سەیری بکرێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی خەمێکی گەورەتر وەکو ئەوە وایە حازر بدەی بە قەرز.

٢- ئەو خەمانەی کە مرۆڤ بەرز دەکەنەوە.

أ- خەمی ڕازیکردنی خوای گەورە.

ب- خەمی کێشەو گرفتی خەڵکو خۆت.

ت- خەمی چۆنیەتی هاوکاریکردنی خەڵکانی تر بۆ کەمکردنەوەی ئێشو ئازارەکانیانو لادانی خەمەکانیان.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین: (خەمی گەورە، مرۆڤی گەورە دروستدەکات، خەمی بچوکیش، مرۆڤی بچوك دروست دەکات).

سایە سەرگەتی

دەمەوێت ببم بە دارتاش!

ڕووداوێکی خۆش نەبوو، بۆ من کە شارەکەم جێبهێڵم، بەڵام ئامادەم بۆ خزمەتکردن بچمە دوورترین شوێن، تەنانەت ئەگەر پێشتریش ناوم نەبیستبێت، چ بگا بەوەی من لە شوێنێك خزمەت بکەم کە یاخیبن لە ستەم وەبیرو ڕایان زۆر لە بیروڕای منەوە نزیك بێت.

ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژە لە ژیانی مامۆستایی من لە هەڵەبجەدا، پێشتر دەمانزانی کە هەڵەبجە زۆر دژی ڕژێمی (بەعس)ە، لەبەرئەوەشە کە زوو زوو بۆردوومان دەکرێ، بۆیە خێزانەکەم زۆر دوودڵبوون لە بوونی من لێرە، بەڵام من هەمیشە وەك مامۆستایەك بیرم لەم بابەتە دەکردەوە، هەمیشە وامدەزانی ئەگەر مەرگێك بوونی هەبێت، دەبێت بۆ منیش بێت نەك بە تەنیا بۆ قوتابییەکانم. وەك هەر مامۆستایەکی تر چوومە پۆلەوە، قوتابییەکان لەبەر من هەستان. سەرەڕای ئەوەی کە تەمەنیان زۆر کەم بوو، بەڵام زۆر بەڕێزەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد.

بە قوتابییەکانم گوت: من ناوم (قەیس)ە، هەندێ قسەم بۆ کردن، بەڵام دڵنیابووم کە ئەوان بە باشی لە قسەکانم تێناگەن، بەڵێ دڵنیام بە باشی لە عەرەبی تێناگەن، بەڵام من زۆر باش لە هەستی ئەوان تێدەگەیشتم، ئەوان ترسابوون لە شەڕ، لە دەنگی تۆپو تەیارە، ئەوان دەترسان لە باسی مردن.

وەك مامۆستایەك پێویست بوو ئومێدی داهاتوویەکی گەش بخەمە ناو ئەم دڵە بچوکانەوە، بۆیە لێم پرسین لە داهاتوودا دەتانەوێ ببن بەچی؟ باش بوو ئەمەیان زۆر بە باشی تێگەیشتن.

یەك یەك هەستانە سەر پێو ناوی خۆیان دەگوت، لەگەڵ ئەو پیشەیەی کە ئاواتیان بوو، زۆربەیان حەزیان دەکرد لە داهاتوودا ببنە پزیشك، یان ئەندازیار، یان مامۆستا، بەو شێوەیە هەموو قوتابییەکان ئاواتەکانیان بە من گوت، بە تەنها کۆتا قوتابی مابوو کە باسی ئاواتی خۆی بکات، هەستایە سەرپێو بە عەرەبی وتی: ناوم (محمد)ە لە داهاتوودا دەمەوێ ببمە دارتاش!

منیش زۆر سەرسام بووم، بە بزەیەکەوە پێم گوت: دارتاش، بۆچی دارتاش؟ محمدیش بە دەنگێکی نەرم وتی: مامۆستا گیان ئەگەر هەموویان ببنە دکتۆرو مامۆستاو ئەندازیار، ئەوا ئیتر کێ ئەمانە (بە دەستی ئاماژەی بۆ ئەو تەختەیە کرد کە لەسەری دانیشتبوو) دروست بکات؟ ئەی ئەگەر ئەمانە دروست نەکەین، ئیتر منداڵەکانی تر لەسەر چی دانیشنو بخوێنن. دوای قسەکەی محمد لە جێگەی خۆمدا وەستام، زۆر سەرسام بووم بیرم دەکردەوە ئاخۆ کەسێك هەبێ لەم ڕۆژە ڕەشانەی جەنگدا هێندە بە هیوا بێت، کە خەمی نەوەی دوای خۆی بێت، بۆیە بەدەنگێکی بەرز بە قوتابییەکانم گوت: (ئەگەر کورد خاوەنی ئەمجۆرە کەسانە بێت، ئەوا بێگومان پێش دەکەوێ). ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەکەوتمە ژێر کاریگەری وتەکانی محمد، هەمیشە چاودێریم دەکرد تا بزانم لە داهاتوودا دەبێ بەچی؟ هەرکەسێکم بدیبایەو بمزانیایە کە زانیاری لەبارەی (محمد)ەوە هەیە، هەواڵم دەپرسی، بەڵام بەداخەوە پاش ماوەیەك لە بری ئەوەی هەواڵی بەدیهاتنی خەونی محمدم پێبگات، هەواڵی مەرگی ئەوم پێگەیشت، پێیان گوتم» پێش مردنی زۆر نەخۆشبووە، بە هۆی شەڕەوە نەیان توانیوە بیگەیەننە نەخۆشخانە، سەرەنجام لە دێکەی خۆیان لە هەورامان گیانی لە دەستداوە. ئەم هەواڵە گەورەترین بێ هیوایی بوو بۆ من، چونکە (محمد) وەك ڕەمزی ئومێد بوو لە لای من، بۆیە وەك دەربڕینی هاوخەمییەك بۆ مردنی ئەم منداڵە هەست بەرزە، بڕیارم دا کە بچمە پرسەکەیو هاوخەمی خۆم دەرببڕم، لەبەرئەوەی ئەو کاتەش وەك هەمیشە شەڕو تۆپباران بوو، نەمتوانی بیسەلمێنم کە مامۆستایەکی بەوەفام، بەڵام لە بری ئەوە لە هەموو کاتو هەموو جێگەیەکدا باسی محمدو ئاواتەکەی دەکەم، هەمیشە ئومێدەوارم ڕۆژێك دابێت کە سەرجەم قوتابیان کاتێك نەخشەی داهاتوویان دەکێشن، ئامانجیان خزمەتکردن بێت، نەك بەدەستهێنانی پارەو ناوبانگ.

بچۆ ژوورەوە بۆ ناخە داهێنەرەکەت!

هەنگاو ئەنوەر ستار

لە نەریتی بیرە داهێنەرەکان ئەوەیە کە بە شێوەیەکی کتوپڕ دێن، کەسەکان بە تەنیا دێن، دوور لە کۆمەڵەو قەرەباڵغی.

عەقڵی داهێنەر بەرەو سستی دەڕوات، ئەگەر هەستی کرد بەوەی کە شتێك ڕووبەڕووی دەبێتەوەو بێزاری دەکات.

کاتێك تۆ لە ئۆفیسەکەی خۆتیو بە تەنیا سەرقاڵی کارکردنی، تەنها بە پێشبینی کردنی ئەوەی کە کەسێك دەرگا دەکاتەوە، یان زەنگت بۆ دێت... ئەمانە وات لێدەکەن کە هۆشمەندو بەئاگابیت.

ئێستا داوات لێدەکەم پرۆگرامسازی خۆت بکەیت، بۆ چوونە ژوورەوە بۆ ناخە داهێنەرە نوستووەکەت، کە تۆ بە ئاگای دەهێنیتەوە، ئەویش لە ڕێگەی ئەم بەرنامەڕێژییەی خوارەوە:

١- هەرگیز لە جیهانە داهێنەرەکەت دامەبڕێ، تەنانەت ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بێت، لەو کاتەی کە جیهانی داهێنەری خۆتت هەیە ئەوا تۆ لێپرسراویت هەیە، بەرامبەر ئەو جیهانە. لە هەمان کاتدا کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر کاروانی ژیانتو دوورکەوتنەوەت لەو جیهانە دەبێتە هۆی لە دەستدانی هاوسەنگیت بە شێوەیەك لە شێوەکان.

٢- هەست بەو ناسکیە بکە کە لە جیهانی هەستەکانتدا هەیە، ئەویش لە ڕێگەی فێربوونی چۆنییەتی ناسینەوەی ئەو بیرۆکە ناسكو بەسۆزانەی کە پێشکەشت دەکاتو متمانەیان پێبکە.

٣- لە کاتێکدا کە تەواو ماندوو دەبیت، بە هۆی زۆری دۆکۆمێنتو زانیارییەکانەوە، (بڕۆ گەشبینیانە دووربکەوەرەوەو دۆکۆمێنتەکان لاببەو کارێکی تازە ئەنجام بدە بە مێشکێکی سافەوەو کارەکەی ئێستا دوابخە بۆ دواترو لە مێشکی خۆتی دەربکە بۆ ڕۆژی دواتر، ئەو کات بە دیدێکی نوێوە لێی بڕوانە).

٤- کاتێك کێشەی کەمی زانیاریت هەیە، (هەموو ئەوانەی کە دەیزانیتو نایزانیت دەربارەی کێشەکە لە مێشکی خۆتدا دیاری بکەو دواتر کێشەکە لە مێشکی خۆت دەربکە، وریابەو هەست بەو ئیلهامانە بکە کە پێت دەگات، چونکە لە ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی ئاسانتر زانیارییەکانت دەستدەکەوێت، بیر لەو کەسە بکەرەوە کە دەتوانیت یارمەتیت بداتو پرسیار لە خۆت بکە دەربارەی ئەو زانیارییانەی کە دەتەوێتو لە توانادایە بە دەستی بهێنیت، دواتر پرسیاری ئەوە لە خۆت بکە کە ئەو گۆڕانکاریانە چین کە لەوانەیە ڕووبدەن لە بڕیارو دیدو بۆچونەکانتدا. چۆن لە بارودۆخەکە دەڕوانیت، بە دیدێکی جیاوازەوە.

٥- واز لە هەموو ئەو شتانە بهێنە کە لە مرۆڤەکاندایەو بێزارت دەکەن، ئەوە لە بیربکە کە ئەوان کێن، یان ئەو سیفەتانەی کە لەواندایەو تۆ حەزی پێ ناکەیتو لەگەڵ ئەمانەشدا لێیان دەبوریت، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەوان هەڵە نین.

٦- وا دابنێ کە تۆ لە سەردەمێکدا دەژیت زیاتر خۆشتدەوێت لە سەردەمی ڕابردو و داهاتووش، ئەمەش وەکو جۆرێك لە دڵدانەوەو یاریکردن لەگەڵ نەفسو تاقیکردنەوەی تا بزانیت چۆن مامەڵە دەکات.

٧- تا ئەو کاتەی خوای گەورە لە بیرو ویژدانو ڕازەکانتدا بوونی هەبێت، ئەوا تۆ داهێنەرو جیاوازی لە جیهانی ئاڵۆزی ئەوانی تر، ئەوەی پێویستە لەسەر تۆ، ئەوەیە کە بەشێوازێکی لێزانو لێهاتوانە بەڕێوەیبەریت.

قوتابییەکی زیرەك

ئالانی

ڕۆژێکیان مامۆستایەك لەبەردەمی قوتابییەکانی ڕاوەستاو پرسیارێکی زۆر سەیری ئاڕاستە کردن..

مامۆستا: ڕۆڵەکانم، ئایا ئێوە من دەبینن؟

قوتابییەکان: بەڵێ مامۆستا..

مامۆستا: کەواتە من بوونم هەیە، چونکە دەبینرێم..

قوتابییەکان: بەڵێ مامۆستا.

پاشان مامۆستا وتی: ئایا ئەم پێنوسە دەبینن؟

قوتابییەکان: بەڵێ مامۆستا!

مامۆستا: کەواتە ئەو پێنووسەش بوونی هەیە، چونکە دەبینرێت.

قوتابییەکان: بەڵێ مامۆستا!

دواتر پرسی: ئایا ئێوە خودا دەبینن؟

قوتابییەکان: نەخێر مامۆستا.

مامۆستا وتی: کەواتە خودا بوونی نییە، چونکە نابینرێت!

قوتابییەکان: زۆرسەرسام بوون، ماوەیەك بە بێدەنگیو سەرسامی دانیشتنو هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە..

لەناکاو قوتابییەکی زیرەك هەڵساو وتی: ئایا ئێوە ئەم پێنووسە دەبینن؟

هەموو وتیان بەڵێ..

پاشان پرسی: ئایا ئەم کتێبە دەبینن؟ دووبارە وتیان: بەڵێ دەیبینین..

دواتر پرسی: ئایا کەس لە ئێوە عەقڵی مامۆستا دەبینێت؟

هەموو وتیان: نەخێر!

قوتابییەکە وتی: ئەگەر شتێك نەبینرێت، مانای وابێت بوونی نەبێت، کەواتە مامۆستا عەقڵی نییە، واتە شێتە!

قوتابییەکان: بەم وەڵامە ژیرانەیە هەموو دەستیان کرد بە پێکەنینو زۆر خۆشحاڵبوون..

منداڵێك کە تەمەنی نەدەگەیشتە تەنها (١٢) ساڵ، سەلماندی بۆ مامۆستاکەی، کە خودا بوونی هەیە.. مرۆڤی ژیر لە هەموو گەردیلەیەکدا دەسەڵاتی خودا دەبینێ، چ جای وردبوونەوەو تێڕامان لە وردەکاریو گەورەیی ئاسمانەکانو زەویی، وردبوونەوە لە زیندەوەرانو چۆنیەتی ڕێکخستنی ژیانیان.. ئاڵۆزیو وردەکاری جەستەی مرۆڤ خۆی.. هاتنی شەوو ڕۆژ، ئەوانەو هەزارەها بەڵگەی دیکە، بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەم گەردوونە لە خۆیەوە دروست نەبووە، بەڵکو خودایەکی بە تواناو بە دەسەڵات، سەرجەمی ئەو شتانەی دروستکردووە!

پەروەردە



37

39



42

46

دوای تەواوبوونی چاپی یەکەمو
لەسەر داوای خوێنەرانی ئازیز،
کتێبی (ژیان فێری کردم)
لەبەرگێکی قەشەنگداو لە چاپی دووەمدا
دێتە بەردەستی ئێوەی خۆشەویست..



ژیان فێری کردم

ژیان فێری کردم

ئەگەر جیاوازی کەوتە نێوان دوو ستەمکارەوە، سەرەتا نهێنی کۆبوونەوەکانیان ئاشکرا دەکەن، پاشانیش لەیەك جیادەبنەوە، ئەو کاتەش بەرژەوەندی ستەملێکراوەکانە.. بۆ نموونە:

ڕۆژێك گورکێــکو کەمتیارێك لە ڕێگەدا بە یەك دەگەن، هەر یــەك لەوان ڕەخنە لەوی دیکەیان دەگرێــت، گورگ بە کەمتیاری گوت: تۆ ناتوانی ڕووبەڕووی ڕووناکی ببیتەوە، کەمتیارەکەش پێی گوت: تــۆش ناتوانی ڕووبەڕووی هێز ببیتــەوە، گورگەکەش وتی: تۆ ترســنۆکی تەنها لە تاریکیدا دەتوانی نێچیرەکەت ڕاو بکەیت.. کەمتیارەکــەش گوتــی: تۆ لاوازی، تەنها بەو مــەڕە دەوێریت، کە شوانەکەی لێی بێئاگایەو لە ڕانەکەی دابڕاوە..

لــە دوورەوە مەڕێــك خۆی حەشــاردابوو، گوێی لــە گفتوگۆی نێوانیان بوو، ئەوان نەیان دەبینی، وتی: خودایە ئەم دوو ستەمکارە بە خۆیانەوە سەرقاڵ بکەیت، تا ئێمە لەم نێوەندەدا سەلامەت بین..

ژیان فێری کردم

مرۆڤی ژیر، بەبێئەوەی چاوەڕوانی بەرامبەر بێت چاکەدەکات.. مەڕێکی لەڕو لاواز، لە خاوەنەکەی پرسی: بۆچی ئاڵفم پێدەدەیت؟ خاوەنەکــەی وتی: بەزەییم پێتا یەتــەوە.. مەڕەکە وتی: هەروەکو چۆن بەهێزەکان چاکە لەگەڵ بێهێزەکاندا دەکەن، ئایا ئەگەر منی بێهێــزو لاوازیش ئەوەنــدە لەڕو لاواز بووم، کە گۆشتەکەشــم بە کەڵکی خواردن نەیات، تۆ هەر خواردنم پێدەدەیت؟!!

ژیان فێری کردم

ئەگــەر کــۆك بینو پێکــەوە بیــن، هەرچەندە دوژمــن بەهێزبێت ناتوانێت بەسەرماندا سەربکەویت.. کۆمەڵێك مێرووله بینیان وا وشترێك بەرەوڕوویــان دێت، هەندێکیان وتیان: بڵاوبنەوە تــا بەقاچەکانی نەتان شێلێت، مێروولەیەکی دانا لە نێویاندا هاتە دەنگو وتی: ئەگەر هەموومان کۆببینەوەو یەکبگرین، دەتوانین بەسەریدا زاڵبینو لە ناوی بەرین..

ژیان فێری کردم

ئافرەت چەند جۆرێکە: دەردە، دەرمانە، نەخۆشییە، چارەسەرە:

- ئافرەتــی ژیرو خاوەن ئاکاری جوانو زەوقی جوان: دەرمانە بۆ هاوســەرەکەی، دەبێتە هۆی ڕەوینــەوەی خەمەکانی لە هەموو گرفتە دەروونیو مادديیەکان..

- ئافرەتی نەزانو گێل: دەردە بۆ خێزانەکەی، هەموو ئەندامانی خێزانەکەی، بە میکرۆبی دوودڵیو کێشەو ناکۆکی توش دەکات..

- ئافرەتی خۆبەلزانو لە خۆبایی: نەخۆشیە بۆ هاوسەرەکەی، چارەســەری تەنها جیابوونــەوە، یان هەوێدارییــە، هەر دوو ئەم کارەش سەختو دژوارە.

- ئافرەتــی چــاكو دامــەزراوو ژیرو خاوەن ئــاکاری جوان: چارەســەرە، شیفایە، نەك تەنها بۆ هاوسەرەکەی، بەڵکو بۆ هەموو ئەو دەردو بەڵایانەی دووچاری کۆمەڵگەکەی دەبن.

ژیان فێری کردم

ئەوینــی پــاكو ڕاســتەقینە، تەنهــا ئەوینــی دایکــە بــۆ جگەرگۆشــەکەی، جگــە لەم ئەوینــە هەمــوو ئەوینەکانی دیکە، تێکەڵاوە بە بەرژەوەندیو مەبەستو ئارەزووەکان..

ژیان فێری کردم

زۆربــەی خەڵکی ئەوەی کە دەیڵێن، جێبەجێی ناکەن، خەندە دەکەن بە ڕووی ئەو کەسانەدا کە سۆزیان پێنابەخشن، هاوڕێیەتی کەسانێك دەکەن کە متمانەیان پێناکەن، خزمەتی کەسانێك دەکەن کە ڕێزیان لێناگرن، ماستاو بۆ کەسانێك دەکەن کە خۆشیان ناوێن، شتگەلێك هەڵدەگرن کە بەکاری ناهێنن، چروکی دەکەن لەوەی کە هەیانە، بەخشــندەن لەو شتانەدا کە خاوەنی نین، حەز لە شتێك دەکەن کە زیانیان پێدەگەیەنێت، ڕقیان لەو شتانەیە کە سوودیان پێدەگەیەنێت، تەمەنیان لە شــتێکدا بەسەر دەبەن کە سوودی لێ نابینن.

گوڵان حەمە ئەمین

شەڕەنگێزی منداڵ

پەرچە کردارێکی دیکەی منداڵ کە دەرهاویشتەی بارێکی تایبەتی دەرونییە، گوزارشی ناخێکی تایبەت دەکات، بێگومان هۆکارو چارەسەری، تایبەتی هەیە، ئازیزان توڕەییو شەڕەنگێزی منداڵ خەمێکی گەورەو ترسێکی زۆری هەیە لای دایکانو باوکان، هۆکاری بێزاری تێکڕای پەروەرشیارانە، زۆرێك لە دایکانو باوکان بە شوێن چارەسەردا دەگەڕێن، بۆ کەمکردنەوەی ئاستی شەڕەنگێزی منداڵەکانیان.

لە ڕاستیدا شەڕەنگێزی منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ هۆکار گەلێکی زۆر، لە منداڵی کوڕدا زیاتر لە دوای دووساڵییەوە دەردەکەوێت، لە منداڵی کچیشدا لە دوای سێ ساڵییەوە دەردەکەوێت، بەشێك لە زانایانی بواری دەروونناسی پێیان وایە منداڵ لە دوای لە دایکبونیەوە تاتەمەنی هەرزەکاری "مراهق"ی دەگونجێ شەڕەنگێزی تیا دەربکەوێت، ئەمەش ڕێژەییە بەشێك لە منداڵ لە دوای لەدایکبونەوە شەڕەنگێزیو توڕەیی تیا بەدی دەکرێت، هەندێك منداڵ لە تەمەنێك لە تەمەنەکاندا بەشەڕەنگێزی مامەڵە دەکات، هەندێکی بۆماوەییە هەندێکی تری پەیوەستە بە ژینگەو مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

لە نێوەندی ئەم بۆچونەدا بۆ چونێکی تر هەیە، کە پێیان وایە، شەڕەنگێزی پەیوەستە بە هۆکاری جەستەیی ناوەکیەوە، ئەو بەشەی لە مێشکی مرۆڤدا بەرپرسە لە بڕیاردان لەسەر شەڕەنگێزی.

کۆمەڵێکی تر لە زانایان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە هۆکاری شەڕەنگێزی منداڵ، دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری جەستەیی وەك برسێتیو ماندویی، ئازار،...

لەگەڵ ئەم ڕا جیاوازانەشدا بەشێك لە پسپۆڕان ئەوە بەڕاست دەزانن کە: شەڕەنگێزی لە سروشتی مرۆڤدا هەیەو غەریزەیەکە بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی بەکاری دەهێنێت.

کام کردارو پەرچە کردارو هەڵسوکەوتانە بە شەڕەنگێزی ناو دەبرێت؟

ڤریشکەو هاواری زۆر، ڕشتنی خواردنو خواردنەوە، شکانو فرێدانی کەلو پەلەکان، لە خۆدان، ڤژڕاکێشان، دەم کێشان بە زەویدا، نەخواردن لە توڕەییدا، یاخود گازگرتن لە مەمکەکەی، هەندێك لەم کردارانە لە کاتی ئاساییدا منداڵ ئەنجامیان دەدات، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لە کاتی توڕەییدا بێت، درۆکردن بە مەبەستی شکانی هاوەڵەکانی، لە ناوبردنی کەلو پەلی ماڵ، یان هاوڕێکانی، ئەوە نا کە بێ ویستی خۆی شتێك دەشکێنێت، لێدانو پەلاماردانی هاوڕێو هەندێجار کەسانی لە خۆی گەورەتریش...

هۆکارە بۆماوەییەکان وەك بوونی توڕەیی زۆر، یاخود شێتی، جا لە دایكو باوکدا بێت، یان لە باوان، یاخود خاڵوانیدا بێت، کاریگەری دەبێت بۆ سەر مامەڵەی منداڵ.

هۆکارە ژینگەییەکان زۆرن لەوانە:

١- مامەڵەکردن لەگەڵیدا بە توندوتیژی، زبریو کەمی لێبوردنو زۆر سەرزەنشتکردنی.

٢- زۆر بەکارهێنانی "نا"هەرشتێك بکات بڵێی: نابێ وامەکە، وامەڕۆ، وامەخۆ، وایاری مەکە، دەنگ بەرز مەکەرەوە...

٣- بەراوردکردنی بە منداڵانی تر، یاخود وەسفکردنی منداڵی ترو شکاندنو بریندارکردنی هەستی.

٤- زیادەڕۆیی لە چاودێریکردنی منداڵ، بەوەی لە هەموو شتێك لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەیت، بە مەبەستی ئەوەی بتەوێت لە ژێر دەسەڵاتی تۆدابێت.

٥- نەبوونی شوێنی شیاو، نەبوونی ئازادی، نەبوونی گەشتو دەرنەبڕینی خۆشی، دابین نەکردنی پێویستییەکانی.

٦- هاتنە ناوەوەی منداڵی نوێ، بۆ خێزانو خانەوادە.

٧- کاتێك هەست بە دۆڕان بکات، بزانێت سەرکەوتوو نابێت.

٨- خۆپەرستی، کە زیاتر خێزان ئەنانی بوون بۆ منداڵ دروستدەکات.

٩- سەرکوتکردنی منداڵو گوێنەدان بە حەزو بەهرەکانی.

١٠- بینینی توندوتیژی، لە تەلەفزیۆن بێت، لە نێوخانەوادەو خوێندنگەکان بێت، یاخود بە هەرشێوازێکی تر...

چارەسەری شەڕەنگێزی، کام شەڕەنگێزییە جێی مەترسیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە ژمارەی داهاتودا دەخەینە خزمەت بەڕێزتان.

بەشی یەکەم

کلتوری بێدەنگکردن

خالید محەممەد

له مێژبوو له بڕیار دابڕابوم، بۆیه بڕیارمدا بابەتێك بنوسم، بیرم له بابەتێك کردەوه که هاوڕێیەکم وەك نوکته هەمیشه دەیگێڕێتەوەو دەڵێت: ئەو کاتەی ئێمه منداڵ بوین، به هێواشی دەرگای ژووری میوانمان دەکردەوەو دەمانویست کەمێك لەگەڵ باوکمان، یان براگەورەکەمان دابنیشین، بەڵام هەرئەوەندەمان خۆشیبوو پێیان بزانینایه، ڕاستەوخۆ وەدەریان دەنایەنو دەیانگوت بڕۆنەدەرەوه، خۆتان تێکەڵی کاری گەورەکان مەکەن، خۆئەگەر ڕێگەشیان پێدابایانایه دەبوو به بێدەنگ دابنیشینو گەر قسەیەکیشمان بکردایه، ئەوا دەیانگوت تۆشمان لێبوی بەشت!

هەروەك ئەو کەسەی که نەیدەتوانی له ناو کۆمەڵ به باشی بدوێ، کاتێك پرسیاری هۆکارەکەیان لێکرد وتی: کاتێك منداڵ بوم له شوێنێك قسەمکرد، یەکێك له دانیشتوان دوای قسەکەم وتی: ئەوەچییه تۆش فێری قسەبوی؟!!

ئیتر هەر کات دەمەوێت قسەبکەم، ئەو حاڵەتەم دێتەوه خەیاڵو ناتوانم قسه بکەم.

کاتێك ئەم بابەته دەهاته یادم وامدەزانی ئەوه له ماوەیەکی پێشوی ژیانی ئێمەدابووەو ئێسته دنیا گۆڕاوەو مرۆڤەکان پێشکەوتون، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کەوانییه، چۆن وانییه؟ ڕۆژێك شادی کچم که له قۆناغی پێنجی بنەڕەتییه له قوتابخانه گەڕایەوەو له کۆی ئەو دەنگوباسەی که بۆ دایکی دەگێڕایەوه وتی: دایکه مامۆستا وتویەتی: (ئەوەی زۆر قسەبکات زوو پیردەبێت!!) دیاره مامۆستا وەك شێوازێکی پەروەردەیی سەردەم بۆ بێدەنگکردنی قوتابییەکان ئەم توێژینەوه زانستییەی پێشکەشکردون، بەڵام گرفتەکه ئەوەیه که کەس نازانێت له چ زانکۆیەك ئەم توێژینەوەیه کراوه، له هەمانکاتیشدا سینای کوڕم که ئەو له قۆناغی یەکی بنەڕەتییه لەو کاتەدا لەسەر وانەی (وسبه) بون، ئەمەش ڕاست منداڵی خۆمی بیرهێنامەوه، کاتێك مامۆستا دەیگوت: کێ عاقڵ بێت زووتر دەینێرمەوه بۆ ماڵەوه، ئێمەش بۆ ئەوەی عاقڵی خۆمان بۆ مامۆستا بسەلمێنین، خۆمان ڕێکدەکردەوەو پەنجەیەکیشمان دەخسته سەر دەممان، وەك نیشانەیەك بۆ بێدەنگیو عاقڵبونەکەمان.

له کۆی هەموو ئەمانەو دوای چەندین تێڕامانو تێفکرینی تر، کۆمەڵێك شتی زۆر هاتەیادم لەوانەش: بۆچی ئێمه کۆمەڵگەیەکی کەمدوین؟ بۆچی ئێمه ناتوانین قسه بۆ ڕاگەیاندنەکان بکەینو له کامێرەکان هەڵدێین؟ بۆچی کاتێك دەدوێین سورهەڵدەگەڕێینو ئەرەق دەکەینەوه؟ بۆچی که قسەدەکەین تێکەڵی دەکەینو ناتوانین مەبەست به تەواوی بگەیەنین؟ بۆچی که قسەدەکەین پێویستیمان به کاتی زۆره تاکو ڕوونکردنەوه دەدەین؟ بگره بەداخەوەش دەڵێم که ئەوەی قسەدەکاتو بۆچونی خۆی دەردەبڕێت به زماندرێژو خۆبەزلزان له قەڵەم دەدرێت، ئەمانه کۆمەڵێك قسەی دەروون بون، تاکو خەمێك له نەوەکانی داهاتومان بخۆینو ئەو پێناسه هەڵانەی که پێشتر بۆ شتەکان کراون، بیانگۆڕینو پێناسه ڕاستەکان دابنێینەوه.



ئا: مەسعود حەمەمراد

گەنجانو ئارەزووی هاوسەرگیری..

زۆربەی ئەو گەنجانەی کە زگوردین، واتە نەچوونەتە نێو ژیانی هاوسەرییەوە، هەوڵدەدەن کە زووتر هاوسەرگیری بکەن، بەڵام لەم نێوەندەدا هەندێکی دیکە هەن کە حەزدەکەن بە زگوردی بمێننەوە، یان درەنگتر هاوسەرگیری بکەن، دەبێت ئاماژەیەك بدەینە ئەو کەسانەی کە درەنگتر هاوسەرگیری دەکەن، واتە کاتێك ئەم هەستە دروست بوو هاوسەرگیری دەکەن، ئێستا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، کە ئەم هەستو پێویستیە چۆن لە ناخماندا بدۆزینەوە تا هاوسەرگیری بکەین، ئایا ئەم جۆرە هەستە لە ناخماندا هەیە، یا نا؟ ئەم ئەزموونە بەم پرسیارانە وەڵام بدەرەوە بۆ ئەوەی بزانن، ئایا ئەم هەستە لە ناختاندا هەیە، یا هەر وجوودی نییە، دەتوانن وەڵامەکانتان بەمشێوە بێت، (بەڵێ)، یان (نەخێر)، یان (هەندێجار)..

پرسیارەکانی ئەزموون:

- کاتێك کە ژنو مێردێك لەگەڵ منداڵەکەیان دەبینی، توشی بەخیلیو حەسودی دەبیت؟
- ئەگەر ژنو مێردێکی گەنج ببینی، کە بەدەم یەکەوە پێدەکەنن، ئەوا خەم دەخۆیتو بێزار دەبیت؟
- هەروەکو پێشوتر، چێژو خۆشی لە کاتە تەنیاییەکانی خۆتان دەبینن؟
- کاتێك لە ناو هاوڕێ هاوسەردارەکانتدای، بە خۆت دەڵێی خۆزگە منیش هاوسەرگیریم بکردایە؟
- تا ئێستا کەسێك لە ڕەگەزی بەرامبەر کاریگەری هەبووە لە سەرتان؟
- بیرت لەم بابەتە کردۆتەوە کە ئیتر تەنیایی بەسە؟
- ئایا تا ئێستا ڕوویداوە کە خۆشییەکانتان بۆ یەکێك لە ڕەگەزی بەرامبەر باس بکەنو بگوازنەوە؟
- ئایا گوێ لە موزیکی نەرمو لە سەرخۆ دەگرن؟
- کاتێك لە پشت مێزی فرۆشگایەکدان، ئایا هەستت کردووە کە پێت خۆشە دیارییەك بۆ کەسێك بکڕیت؟
- ئایا ڕەنگی ژیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بۆتان؟
- بۆتان هاتۆتە پێشەوە لەم چەند مانگەی کۆتاییدا، پێکەنینی کەسێك بوبێتە زیندوکردنەوەی هیواو ئومێد لە دڵتانداو ڕوانینتان بۆ ژیان بگۆڕێت؟
- کاتێك کە دایکو باوکتان دەڵێن: کاتی ئەوە هاتووە کە هاوسەرگیری بکەی، تورە نابیتو بێزاری دەرنابڕی؟
- ئایا لەم دواییانەدا ڕێوڕەسمی خوازبێنی لە خەیاڵی خۆتدا بەرجەستە کردووەو باست کردووە؟
- هیچ کات ڕوویداوە کە حەزتان کردبێت لەگەڵ کەسێکدا هاوسەرگیری بکەیت، بەڵام لەبەر شەرمو حورمەت نەتتوانیوە پێی بڵێیتو بچیتە پێشەوە؟

وەڵامی ئەزموون:

ئەگەر لەم چواردە پرسیارانەی سەرەوە ١٠ هەڵبژاردنت بە بەڵێ وەڵامدایەوە، ئەوا بەم مانایە دێت کە پێویستی هاوسەرگیری لە ناختاندا هەستی پێ دەکرێت، ئەگەر ١٠ هەڵبژاردنت بە نەخێر وەڵامدایەوە، ئەوا هێشتا پێویستی هاوسەرگیری لە ناختاندا هەستی پێناکرێت، ئەگەر ٧ هەڵبژاردنت بە هەندێجار وەڵامدایەوە، ئەوا مانای وایە هێشتا خۆشت نازانی کە ئایا هاوسەرگیری بکەیت، یان هەروا بە زگوردی بمێنیتەوە.

منیش باوکی خۆم تا ئێرە ڕاکێشا!!

کەریم سمکۆ

هەر لەو ڕۆژەوە ناوەندی ڕۆشنبیری شار بانگەوازی سمینارەکەیان لە پەیجەکەیانو شوێنە گشتییەکان بڵاوکردەوە، سامان چرکە بە چرکە کاتەکانی دەژمارد تا ئەو ئێوارەیەی خۆیو هاوڕێکانی لە ڕیزی پێشەوەی هۆڵی ناوەندە ڕۆشنبیرییەکە دۆزییەوە.. بە ئەسپایی گوێیان لە پرۆفیسۆرەکە گرتبوو.. سامان کە لە هەرەتی لاوێتیدا بوو زۆر حەزی بە خوێندنەوەو بەشداریکردنی لە کۆڕو سمینارو ۆرك شۆپەکان دەکرد، بۆیە بە سەرنجەوە گوێی شل کردبوو.

سمینارگێڕەکە کە پرۆفیسۆری بواری پەرەپێدانی مرۆیی بوو، بە نەرمو نیانی دڵۆپە بارانی وشەکانی ناخی سامانی تەڕ دەکردو دەیگوت: زۆرجار مرۆڤەکان دەست بۆ کارێك دەبەن، بەڵام نازانن ئامانج لەو کارەیان چییە، بۆیە دەبێت تاکەکان ئامانجێکی دیاریکراو دەستنیشان بکەن، بەرلەوەی بیر لە بەرنامەو پلانێك بکەنەوە لە ژیاندا.

سامان لەگەڵ وتەکانی پرۆفیسۆرەکە لە بیری خۆیدا چەندەها ئامانجی لە مێشکی خۆی جێگیر دەکرد، دواتریش بەسەرلەقانێك خۆی دەخزاندە ئامانجێکی دیکە، پاشان لەگەڵ ئەم وتە کاریگەرە کە لە دەمی پرۆفیسۆرەکە گوێبیستی بوو، لە خەیاڵەکانیدا خەبەری بووەوە، ئەو کاتە شارەزاکەی بواری پەرەپێدانی مرۆیی دەیگوت: لە گوندێکی دوورە دەست جوتیارێك هەبوو، برنجی دەچاندو دواتریش دوای پێگەیشتنی بەرهەمەکەی هەڵدەگرتەوە، لە باخەکەشیدا لە داری هەنار بەرهەمی هەناری دەستدەکەوت، لەو پەنیرەی کە لە وەرزی هاوینان لە نێو پێستەی وڵاخ هەڵیدەگرتو زستانان دەری دەهێناو بۆ ڕۆژی تەنگانە کە ماستو سپیایی نەدەما دەیخوارد!!

سامان سەری لەمە سوڕمابوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: جا هەموو کەس ئەمە دەزانێت! کەواتە گەیشتن بەم پلەیە سەختیو نەهامەتی نییە، منیش ئامانجەکەی خۆم دۆزییەوەو دەبم بە پرۆفیسۆر!

کاتێك سمینارەکە تەواو بوو، لەگەڵ هاوڕێکانی بەرەو ماڵ گەڕایەوە، لە شەقامەکانی شاردا هەر بیری لە ئامانجی ژیانی دەکردەوە.. تا گەیشتەوە ماڵەوە، ئەمجۆرە بەسەرهاتانەو جۆرەها ئامانجی ئایندەی لە زهنی خۆیدا دەهێناو دەبرد.

لەگەڵ زرینگەی ژێرپیاڵەدا لە خەیاڵەکانی خەبەری بووەوە کە دایکی پیاڵە چایەکی لەسەر مێزەکەی دانا، بەڵام ئۆقرەی نەگرتو هەستا بالەکۆنەی ژوورەکەی کردەوەو هەوایەکی پڕ بە سینەی هەڵمژی، لە پڕ زەنگی دەرگا لێیدا.. سامان بە تاوەتاو خۆی گەیاندە دەرگاکە بە مەبەستی کردنەوەی دەرگاو پێشوازی لە میوانەکەی، باپیرە گەورەی کە ژیانی لە لادێیەکی دوورە دەست بەسەر دەبرد، لە بەردەم دەرگاکە وەستابوو، سامان لەگەڵ هاتنی باپیرە گەورەی زۆر دڵی خۆش بوو، باوەشی پێداکرد.

لەگەڵ خواردنەوەی چایو سەرنجدانی باپیرەی بە حەزەرەوە گوێی بۆ ڕادێرابوو، ئەو شەوە سامان هەر هەوڵی دەدا فرسەتێك وەرگرێتو بەسەرهاتەکە بۆ باپیرە گەورەی بگێڕێتەوە، دواتر لە بەردەم ئاگردانەکە بەسەرهاتی چیرۆکی سمینارەکەی ئەو ڕۆژەی بۆ گێڕایەوە، باپیرەی سامانیش لەگەڵ بێدەنگی ئەو شەوە بە ئەسپایی گوێی بۆ سامان گرتبوو، دەیزانی سامان چەندە تامەزرۆی گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانەیە.

بەدەم گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە سامان لە باپیرەی پرسی: باپیرە ئەو جۆرە جوتیارانە لە لادێیەکەی ئێوەش هەن؟ بەڵام ئایا جوتیار هەیە لە بری برنج گەنم بدورێتەوە؟ یاخود لە دار هەنار، سێو بەرهەم بهێنێت؟ ئاخر کەی ئەمە ڕەوایە! وەڵا باپیرە بیرم لەوە کردووەتەوە ببم بە پرۆفیسۆر! چونکە منیش ئەو قسانە دەزانمو بیرۆکەی جوانتریشم هەن! باپیرەش بە ڕیشێکی دانو ماشییەوە سەری بۆ نەوەکەی دەلەقاندو دەستی بەسەریدا دەهێنا.

باپیرە گەورە کە ئەزموونێکی زۆری لە ژیاندا هەبوو، کەسێکی دونیا دیدە بوو، چاوەکانی بە ئاڕاستەی چاوەکانی سامان هەڵێنانو کەمێك تێی ڕاماو گوتی: سامانی کوڕم.. ئەو ڕیشەم لەبەر هەتاو سپی نەکردووە، با من شتێکت بۆ بگێڕمەوە: جارێکیان لە دێیەکەی ئێمە پیاوێکی زۆر ئاکار خراپو بێڕەحم هەبوو، کەس لە گوندەکەمان هاوەڵی نەبوو، لەبەرئەوەی ئازاری بە خەڵكو دراوسێو خانەوادەکەی دەگەیاند، ئەو پیاوخراپە باوکێکی پیرو بەساڵاچووی هەبوو، هەمیشە سەرزەنشتی دەکرد، دەنگی بە کۆڵانەکاندا بڵاو دەبووەوە، کاتێك بەسەر ئەم پیرە پیاوە هاواری دەکرد.. شەوێکیان بەفرو کڕێوە بوو، زستانێکی زۆر سارد بوو، ئەم پیاوە خراپەش پیرە باوکەکەی لەسەر بەفر ڕادەکێشێت بۆئەوەی لە کۆڵی ببێتەوە، ڕایدەکێشێت بۆ دەرەوەی لادێکە دەیبات.. دەیبات.. تا دووری خاتەوە، زۆر دووری دەخاتەوە بۆئەوەی گورگەکانی ئەو ناوە پەلاماری بدەنو بەو شەوە ئەنگوستەچاوەش کەس دەنگی نەبیستێت، ئیدی لەگەڵ ڕاکێشانەکەدا دەگەنە ژێر دار مازوویەکی کۆن کە لەسەر ڕێگاکە بوو، پیاوە خراپەکە دەیەوێت شوێنێك دەستنیشانبکات تا پیرە باوکەکەی لەوێدا فڕێ بدات..

سامان مووی جەستەی داو داو بوونو کاتێك باپیرەی بێدەنگ بوو، تەنها دەنگی چرکەی کاتژمێری ژوورەکەی دەبیست، بە تامەزرۆییەوە داوای لە باپیرە گەورەی کرد کۆتاییەکەی تەواو بکات. ئینجا باپیرەی بە ئاهێکەوە درێژەی بە چیرۆکەکەی دایەوەو گوتی: ئینجا لە ژێر دار مازووەکە باوکە پیرەکە کڵاوە خورییەکەی لەسەر چاوەکانی لادەباتو بە دەنگێکی لەرزۆکەوە بە کوڕەکەی دەڵێت: بەسە کوڕەکەم بەسە.. منیش باوکی خۆم تا ئێرە ڕاکێشا!

سامان کە گوێی لەم بەسەرهاتە بوو، وەك ئاوێکی ساردی بە جەستەیدا بکەن لە شوێنی خۆی واقی وڕما، ئاهێکی سەردی هەڵکێشاو گوتی: باپیرە گیان ئێستا تێگەیشتم مەبەستی پرۆفیسۆر چی بوو، بۆیە منیش بڕیارمدا تاکو بیر لە قسەی خۆم نەکەمەوەو ئامانجێکی دیاریکراو دەستنیشان نەکەم، زوو بڕیار نەدەم، ئەها باپیرە گیان پێشینان ڕاستییان فەرمووە: چی بچێنیت، هەر ئەوە دەچنیتەوە!

(KidRex) بۆ پاراستنی منداڵەکەت لە نێت!

یەکێک لەو دیاردە زۆر باوانەی لە ئێستادا زۆر دیارن بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێتە، ڕۆژ بە ڕۆژ جیهانی گەورەو فراوان دێتە ناو ئامێرێکی بچووکەوەو هەر شتێک کە دەتەوێت لە ڕێیەوە دەتوانیت بەدەستی بهێنیت، بەکارهێنانی نێت بە جۆرێک فراوان بووە لە ئێستادا کاتێک سەردانی ماڵێک، یان خێزانێک دەکەیت سەرەتا داوای وشەی نهێنی ئەو تۆڕە دەکرێت!

هەموو دەزانین تەکنەلۆجیا چەندە سوود بەخشەو چەندەها زانیاریو پێداویستی کە جاران شارێک بۆ شارێک، یان وڵات بۆ وڵاتێکی تر گەڕاون تا شتێکیان دەستبکەوێ، لە ئێستادا تەنها ئەوەی دەتەوێت بینووسەو دەست بە دوگمەی بکەردا بنێ، زۆر زیاتر لەوەی پێویستە دێتە بەردەستت، ئەوەی لێرە مەبەستمانە ئەوەیە منداڵانیش ڕۆڵیان هەیە لەو نێوەندەداو بە زانین، یان نەزانین بێت، بە هۆی چاولێکەری، یان ناهۆشیاری باوانیەوە، بوونەتە نێچیری ئەو تۆڕە، بێگومان زۆربەیان زانیاری سەرەتاییان هەیە، بۆ نموونە لە پێگەی گۆگڵ بە دوای بابەتێکدا دەگەڕێت، بەڵام بێجگە لەوەی کە خۆی دەیەوێ زۆر بابەتی تر دەردەکەون، لەوانەیە سەرنجی ئەو ڕابکێشنو بیانکاتەوە، ئەوانەش نەک سوودیان نییە، بەڵکو دەیکاتە نێچیرێکی دەستەمۆو پاشان تووشی لادان، یاخود لەوانەیە لە ڕووی دەروونییەوە زیانی پێبگات، ئەگەر دایکو باوک ئاگاداری چۆنێتی بەکارهێنانی نەبن، ئەوا بێگومان وەک ئەوە وایە بۆمبێکی گەورەیان لە ماڵەوە حەشار دابێتو لە کۆتایشدا دەتەقێتەوە.

بۆیە دەتوانم بڵێم مژدەیەکی دڵخۆشکەرم بۆ باوان هەیە، ئەویش بەکارهێنانی پێگەیەکی تایبەت بە منداڵانە کاتێک بیانەوێ بۆ بابەت، یان هەر هۆکارێکی منداڵانەدا بگەڕێن، ئەو پێگەیەش تایبەتە بە گەڕان بە دوای ئەو پێویستیانەی کە بۆ خۆشی، یان کات بەسەربردن بێت، ئەویش پێگەی (www.KidRex.com)

کە بۆ منداڵانە، هاوشێوەی گۆگڵە، پێویستە ئەم پێگەیە لە کۆمپیوتەرەکانیان بکەنە پێگەی سەرەکی، بۆ ئەوەی هەرکاتێک بەکاریانهێنا، ترسیان نەبێت لەوەی لە بێ ئاگایی ئەواندا منداڵەکانیان گیرۆدەی پێگە زیانبەخشەکان ببن، هەربۆیە دەڵێم ئەگەر دەتەوێ منداڵەکەت پارێزراو بێت لە چەتەکانی نێت، ئەوا با ئەو پێگەیە بەکاربهێنن.

بێگەرد فارس

خانەی بەساڵاچووان..

ئەحمـەد منداڵێکـی تەمەن (١٠) سـاڵان بوو، لەگـەڵ باوكو دایـكو باپیرەیدا لـە ماڵێکی گەورەدا دەژیان، ژیانێکی خۆشـیان دەگوزەرانـد، ئەحمەد خێزانەکـەی واتە باپیرەو بابەو دایەی زۆر خۆشدەویسـت، زۆر هەوڵی دەدا تا لە خوێندن سـەرکەوتوو بێت، گوێڕایەڵی فەرمانی دایەو بابەو باپیرە بوو.. تەواوی نوێژەکانی لە کاتی خۆیدا دەکرد..

ئەحمـەد زۆر هۆگری باپیرەی بـوو، زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ ئـەودا بەسـەر دەبرد، باپیرەی قسـەی خۆشـی بۆ دەکـردو بە پێکەنینو شادی کاتەکانیان بەسەر دەبرد..

ڕۆژێکیان دوای تەواوبوونی ئەرکەکانی قوتابخانە، وەکو نەریتی هەمیشـەیی خۆی ڕۆیشـت بۆ ژووری باپیرەیو سڵاوی لێکردو لە تەنیشتییەوە دانیشت، کاروباری قوتابخانەی بۆ دەگێڕایەوە..

لـەو کاتەدا باوکی ئەحمەد هاتە ژوورەوەو سـڵاوی لە باوکیو کوڕە بچکۆلانەکەی کردو لە سوچێکی ژوورەکەدا دانیشت، ماوەیەك بێدەنـگ بـوو، وەك ئـەوەی بیەوێت شـتێك بڵێت، بـەڵام ڕووی نەیات دەریبڕێت.. باپیرە گوتی: کوڕم چی هزرو مێشـکی سەرقاڵ کردووی؟ دەتەوێت شتێکمان پێ بڵێی؟

کوڕەکـەی وەڵامی دایـەوەو وتی: بابەگیان ڕاسـتییەکەی من دەبینـم تـۆ بـە درێژایـی ڕۆژ، بە تەنهـا لە ژوورەکـەی خۆتدا دانیشتووی، دەترسم ئەم تەنهاییەت ببێتە هۆی دابڕانو دووچاری خەمۆکیو بێتاقەتی ببیت.. بۆچی هەوڵ نادەیت هەندێك هاوڕێو هاوتەمەن بۆ خۆت پەیدا بکەیت؟

ئەحمەدو باپیرە، ئەم پرسـیارەیان زۆر لاسـەیر بوو، چونکە ئەوە یەکەم جاربوو ئەو پێشنیارە ببیستن!

باپیـرە وتی: چـۆن هەوڵبـدەم بۆئەوەی چەنـد هاوڕێیەکی هاوتەمەنم هەبێت؟

باوکـی ئەحمـەد گوتـی: هاوڕێکانم پێیـان ڕاگەیانـدم، کە خانەیەك هەیە کەسـانێکی زۆری تێدایە لە تەمەنی تۆدا، پێکەوە ژیان دەگوزەرێننو کاتەکانیان بەخۆشـیو شـادی بەسـەردەبەن، دەڵێی چی ئەگەر سبەینێ بڕۆین بۆ ئەو خانەیە؟

سـەرەتا منداڵەکە زۆر سەری سـوڕما لە پێشنیارەکەی باوکی، کەوتە گومانەوە، چونکە ئەو پێشتر ناوی ئەو خانەیەی نەبیستبوو، باپیرەی بە خۆشحاڵییەوە پێشنیارەکەی پەسەند کردو بڕیاری دا کە سـبەینێ پێکەوە بچن بۆ ئەو خانەیە.. کوڕەکەی زەردەخەنەیەکی کردو گوتی: زۆرباشە سبەی بەیانی دەڕۆین بۆ ئەو خانەیە..

بەڵام ئەحمەد هێشتا لەو نهێنییە تێنەگەیشتبوو، بۆیە زۆر بە گومانەوە بیری لە پێشنیارەکەی باوکی دەکردەوە..

هەربۆیە گوتی: بابە ڕێگە دەدەن من هاوڕێیەتیتان بکەم؟

باوکی بـە توڕەییەوە وەڵامی دایەوە: نەخێر نابێت تۆ لەگەڵ ئێمەدا بێیت، باشتر وایە تۆ گرنگی بە وانەکانت بدەیت.. باپیرەی قسـەکەی پێ بڕیو وتی: ئەگەر زوو لـە ئەرکەکانی قوتابخانەت تەواو بوویت، ئەوا دەتوانی لەگەڵ ئێمەدا بێیت!

بۆ ڕۆژی دواتر هەر زوو ئەحمەد لە خەو هەڵسـاو دەستیکرد بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی قوتابخانەی، کاتی ڕۆیشـتن بۆ خانەکە هاتـە پێش، ئەحمەد زۆر سـوربوو لەسـەر ئەوەی ئـەم نهێنییە بزانێتو مەبەستی باوکی ئاشکرا بکات..

هـەر سـێکیان چوونە نێـو ئۆتۆمبێلەکەوەو بـەرەو خانەکە بەڕێکەوتـن، باپیـرەی کـە نەیدەزانـی مەبەسـتەکە چییە، زۆر دڵخۆشبوو، ئەحمەد بەردەوام بیری لە نهێنی بابەتەکە دەکردەوە، باوکی زۆری پێناخۆشبوو کە منداڵەکەی ئاگاداری ئەو بابەتە بێت، بەڵام نەیدەویست بە ئاشـکرا قسەی باوکی بشکێنێت، هەرچەندە ڕێگەکە زۆر دوور بوو، بەڵام لە کۆتاییدا گەیشتنە شوێنی مەبەست، منداڵەکە ئەو خانەیەی بینی کە باوکی باسـی دەکرد، کەسـانێکی زۆری لە کەسـانی بەسـاڵاچوو تێدابوو، باپیرەی زۆر بە خێراییو بە خۆشـحاڵییەوە چووە ناویانو کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا.. منداڵەکـە تابلۆیکی گـەورەی بە دەرگای خانەکـەوە بینی کە بە خەتێکی ڕەش لەسەری نوسرابوو، (خانەی پیرو پەککەوتەکان)!

منداڵەکـە بـە بینینی تابلۆکە سەرسـام بوو، لـە دڵی خۆیدا وتـی: ئایا دەبێت باوکم مەبەسـتی ئەوە بووبێت کە ڕزگاری بێت لـە باپیرەم؟ باشـە بۆچی دەبێـت کوڕ بیەوێـت باوکی لە خۆی دووربخاتەوە، لە کاتێکدا کە پێشـتر هەرگیز ئەم بیرۆکەیەی باس نەکردووە..



بەرزان ئەبوبەکر

پرسیارگەلێکی زۆر بیروهۆشی ئەحمەدیان هەژاند، زۆر دوودڵو نیگەران بوو، بیری باپیرە هەژارەکەی تەواوی هزری داگیر کردبوو، بەڵام باوکی منداڵەکە کاتێك بینی باوکی ئەوا لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا کەوتۆتە گفتوگۆو لە شوێنی خۆی دامەزراوە، بە خۆشحاڵییەوە دەستی ئەحمەدی گرتو خانەکەیان بەجێهێشت!

ئەحمەد زانی کە باوکی دەیەوێت لە دەستی باپیرەی ڕزگاری بێت، بە خێرایی بیری لە بیرۆکەیەك کردەوە بۆ ڕزگارکردنی باپیرەیی‌و گەڕانەوەی بۆ ماڵی خۆیان!

بەڵام کات زۆر کەم بوو، گەیشتنە نێو ئۆتۆمبێلەکەو بەرەو ماڵ بە ڕێکەوتن..

ئەحمەد لە باوکی پرسی: باپیرەم لە کوێیە؟

باوکی: لە خانەکە جێمان هێشت..

ئەحمەد: بۆچی؟

- چونکە ئەوێ خانەی بەساڵاچووانە..

ئەحمەد کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی: بابە، ناوی ئەم شەقامە چییە؟

- بە بێزارییەوە وتی: شەقامی (بەختەوەری)!

ئەحمەد: ئەی ئەم گەڕەکە ناوی چییە؟

- گەڕەکی شەهیدان..

ئەحمەد: ویستی پرسیارێکی دیکە بکات.. بەڵام باوکی قسەکەی پێبڕی‌و بە بێزاری‌و توڕەییەوە هاواری بەسەردا کردو وتی: کۆتایی بەم پرسیارە بێ مانایانە بهێنە، بۆچی دەربارەی ئەم شتانە دەپرسیت؟

ئەحمەد بە ئارامی‌و هێمنییەوە وتی: دەمەوێت ناونیشانی ئەم خانەیە بە تەواوی بزانم، بۆئەوەی ئەو کاتەی تۆ بەساڵاچوویت، منیش تۆ بهێنم بۆ ئەم خانەیە، هەروەك چۆن تۆ باپیرەمت هێنا بۆ ئەم خانەیە! مەگەر تۆ ناڵێی ئێرە شوێنی بەساڵاچووانە؟

باوکی بە وەڵامی منداڵەکەی بەشێوەیەك تاسا کە نەیتوانی چیدی ئۆتۆمبێلەکەی لێبخوڕێت.. لە لێواری شەقامەکە ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت، بەسەرسامییەوە بۆ منداڵەکەی ڕوانی‌و بە چاوی پڕ لە ئەسرین‌و زمانێکی ئاڵۆزەوە قسەی بۆ دەکرد، بەشێوەیەك کە منداڵەکەی لێی تێنەدەگەیشت، ئەحمەد زانی باوکی بە وەڵامەکەی زۆر بێتاقەت بووە، بە توندی باوەشی پێدا کردو وتی: بابەگیان بمبورە!

ئەحمەد بە گریانی باوکی زۆر بێتاقەت بوو، بەڵام دەیزانی ئەوە گریانی پەشیمانییە، هەربۆیە بە باوکی گوت: بابەگیان تکا دەکەم با بگەڕێینەوە بە شوێن باپیرەداو لەگەڵ خۆماندا بیبەینەوە بۆ ماڵەوە، تا هەموومان پێکەوە بژین، باوکی لە بەرامبەر ئەو دڵەپاکەی ئەحمەدو ئەو سۆزو خۆشەویستیەی بۆ باپیرەی‌و ئەو ئامۆژگارییە بێ وێنەیەی، جگە لە گەڕانەوە بە دوای باوکیدا چارەیەکی نەبوو..

پێکەوە گەڕانەوە بۆ خانەی بەساڵاچووان‌و بە گریان‌و پەشیمانییەوە دەستی باوکی ماچ کرد، هەرچەندە باپیرە نەیدەزانی هۆکاری ئەم پەشیمانییەی چییە! هەروەك چۆن هاتبوون ئاواش گەڕانەوە بۆ ماڵ..

ئەحمەدی زیرەك‌و لێهاتوو، تەنها باوکی بە ئاگانەهێنایەوە، بەڵکو ئەوە پەندو ئامۆژگارییە بۆ هەر یەك لە ئێمە!

چۆن بین لەگەڵ دایك‌و باوکماندا، سبەی ڕۆڵەکانمان بە هەمان شێوە دەبن لەگەڵماندا.

ئازاد محێدین

گوێز و کولەکە

ئەگێڕنەوە کە باخەوانێك
ئەچێتە ناو باخ، لە بۆ فرمانێك
لە بن دارگوێزێ بۆ خۆی ئەکەوێ
کولەکەیەکی بەرچاو ئەکەوێ
کولەکەو دارگوێز بەراورد ئەکا
هەیکەل‌و سەمەر ئەدا بەیەکا
دارگوێزی بەرزو پەل‌و پۆ قەوی
ڕووناکی خۆری بڕیوە لە زەوی
خۆ ئەگەر بێتو لار ببێتەوە
سەدانی وەك من ئەشارێتەوە
کەچی بەریشی هێندە لاوازە
ددان ئەیهاڕێ بەبێ ئەندازە
بەری کولەکەش چۆن ئەبێ وابێ؟
سەد دەستە گوێز هاوسەنگی نابێ
هەڵسایە سەرپێ کەویستی بڕوا
گوێزێ کەوتە خوار بە ویستی خوا
بەر سەری کەوتو ئێشی پێگەیاند
خودا بەو گوێزە، خێرا تێی گەیاند
وتی خوداوەند، هەرخۆت ئەزانی
هەرخۆت ڕەحیمی هەرخۆت ڕەحمانی
ئەگەر بەری گوێز کولەکە بوایە!
ئەبوایە سەرم وە گڵ چوایە!
بەرگی نا دانی نە کەیتە بەرت
باتۆش هەناری نەدا لەسەرت!

نەکەی برۆی!

سروە گەرمیانی

تۆ ئیتر بەرامبەر بە فرمێسکەکانی من بەرپرسیاری، چونکە من ئیتر ئاوێزانی ئەوینێکم ناتوانم چرکەیەك بێ ئەو بژیم!!

ئیتر بوخچەی هەموو خۆزگەو ئاواتەکانم داوەتە دەستت، من ماندووی ڕێگایەکی دوورم، چەندین ساڵە بە دووی تۆدا وێڵبووم!

هێندەم چاوەڕوان کردی، خەریکبوو وەکو نێرگزەکەی نالی سۆمای چاوم سپی بێت!

هێند مونتەزیری بوو، هەتا چاوی سپی بوو
نێرگز کە لەسەر یەك قەدەمو دیدە چەقی بوو!

ئەوەی من دەیبینم، هەموو کەس نایبینێت، ئاساییە ئەگەر بە شێتم بزانن، لە وشەکانم تێنەگەن!

من بە شوێن سیمای مرۆڤەکاندا ناگەڕێم، شەیدای ڕووکەشەکان نیم، بە تەنیا ڕووخسارە جوانەکان سەرنجم ڕاناکێشن!!

من لەو ڕۆژەوە دەگەڕێم کە لە مانای مرۆڤ گەیشتوم، سەیرە، خەڵکینە، خۆ هەموو مرۆڤەکان لە گڵ دروستکراون، بەڵام ئەو گڵەی من بۆنم کردبوو چەند بۆی دەگەڕام، پێی نەدەگەیشتم!!

بەڵام من کۆڵم نەدا، بڕوام وایە کە دەبێت هەمیشە وێڵی شتە بەنرخەکان بین! ئەوسا بە دەستیان دەهێنین!

من لە نێو ئەم هەموو ئاپۆڕای مرۆڤەدا، هەستم بە تەنیایی‌و غوربەت دەکرد، شوێنێکم بۆ پشووی ڕۆحم دەستنەدەکەوت، دەمویست لە دەست مرۆڤەکان هەڵێم!

مرۆڤەکانم دەبینی تەنها بە شوێن جوانی ڕووخسارەکاندا سەرگەردان بوون!

ئای لەو هەموو جوانییەی بونەوەر... مرۆڤ چەند مەحرومیت!

بەڵام تیشکی جوانی نوری دڵەکان، خەندەی ئەفسوناوی لێوی مرۆڤە فریشتە ئاساکان، کەس لێی نەدەپرسی!

ئەو کاتەی کە دەمبینی مامەڵەی مرۆڤەکان تەنها لەگەڵ جەستەدایە، من وێڵ‌و سەرگەردانی ئەو کەسە بووم کە مامەڵە لەگەڵ ڕۆحمدا دەکات، وەکو خۆت گوتت: ئەو کەسەی دەست لە ڕۆحم دەدات، پێش ئەوەی دەست لە جەستەم بدات!!

من سوتاوی ئەو گڕەم کە لە ناخمەوە سەری هەڵداوە، من شەیدای نوورم، ئەوەی شەیدای نووربێت، دەبێت باکی سوتانی نەبێت!

من عەودالی جوانێك نەبووم، من بە شوێن کەسێکدا دەگەڕام هەموو دونیام بۆ بڕازێنێتەوە!

چی قەدەرێکی سەیر بوو، لە یەکەم دیداردا پەراوی ڕۆحت خوێندمەوە، وەکو لێم بپرسی تۆ لە کامیانی، طالیبی ڕوو، یا طالیبی ڕوح؟!

ژووانـی شـەمو پەروانـە، چ کـەم خایـەن‌و کورتە
ئـەو کاتـێ لە خـەو ڕادەبـێ، ئیـدی ئەمەسـوتێ!
(کوردۆ)

لـە بیرتە گوتـت هەندێك بە چاوو هەندێك بە گوێ شـەیدا دەبن!

من هیچیان نەبووم، نە بە چاوو نە بە گوێ، بەڵکو بە ڕۆح!

تەنهـا مرۆڤـە گەورەکانن کـە نرخی هەموو شـتێك دەزانن، هەموو وشـەیەك، هەمـوو نیگایەك، هەموو چرپەیـەك، هەموو هەستێکی پاك.

ئەوانن دەزانن خوداوەند چ بەهرەیەکی پێداون، چۆن خەڵاتی کـردوون، هەربۆیە ئەگەر هاودەمی ڕۆحی خۆیان دۆزییەوە، ئیتر هەرگیز فەرامۆشـی ناکەن، بۆ سـاتێك لە یادی غافڵ نابن، وەکو مەحوی دەڵێ:

شوکور تۆ لە فکرم ناچی، ئەگەر چی من لە فکرت چووم
لە من غایب نەبی تۆ، بەسمە، با من بم لە تۆ غایب!

لـەم ژیانەدا مرۆڤ چۆن دەتوانێت دوور لە کەسـێك بژی کە هاودەمی هەناسـەکانێتی، لە دژواری ئەم زەمەنە سەختەدا بەرەو کەنـاری دڵنیایی دەسـتی دەگرێـت، ڕۆژانە ڕۆحـی دەدوێنێ‌و لە باوەشی گەرمی وتەی شیرینی‌و هەستی پەپولە ئاسادا خەونەکانی چرۆ دەکەن!

لـەم زەمەنی مادده پەرسـتی‌و سـاختەکاری‌و مرۆڤانی هەزار ڕوودا، چرایەك ببێتە هاودەمت، بەهەشتێك ببێتە ژوانت، باوەشێك ببێتە هێلانـەت، فەرهەنگێك پەیڤی جوان ببێتە پەیامت، دڵێکی سپی، نیگایەکی شـەرمن، خەندەیەکی ئەرخەوانی، هەمیشە وەکو پروشەی بارانێکی نەرم، سـۆزو ئەوینت بەسەردا ببارێنێت، ئیتر دەبێت سەعادەت لەمە گەورەتر چی بێت؟!

ئای خوداوەندی گەورە، تۆ چەند میهرەبانیت، من ناتوانم بێ لوتفی تۆ ئەو ژیانە وێنا بکەم!

ئای ئەگەر لوتفی تۆ نەبا، لە چی دۆزەخێکدا دەبووم!!

ئێسـتا دەزانم ژیان بێ سۆزو میهرو ئەوین، ژیان بێ ئامانجی بەرز، بێ هەوڵ‌و ماندووبوون.

بێ هاودەم‌و هاو ڕۆح، بێ دڵسۆزی‌و ڕاستی‌و پاکی، واتە دۆزەخ!!

شـەو درەنگـە، چراکـەم هێـدی هێـدی وەنـەوز دەدات، پەروانەکانیش دەمێکە سوتاون.....

چەند ساتێکی کەمەو ئەم چرایەی بەردەستم خامۆش دەبێت، بەڵام تکات لێدەکەم ئەو چرایەی کە تۆ لە نێو دڵمدا هەڵتکردووە، نەهێڵی خامۆش بێت..

من ئیتر شـەیداو عاشـقی ئـەو چرایەم، ڕۆحم وابەسـتەی پەیامـە زیوینەکانی تۆیە، شـەپۆلی نیگای پڕ میهرو سـۆزی تۆ بـۆ من خۆری هەمـوو ئاواتو خۆزگەکانمـە، هەرگیز لەو چرایە مەحرووممم نەکەیت..

نەکەی بە تەنیا لە تاریکستاندا بەجێمبهێڵی..

نەکەی دەسـتم بەردەی‌و لە نێوەڕاسـتی ڕێگادا، ماڵاواییم لێ بکەی..

تکادەکەم هاوڕێم بە، تا دواساتەکانی تەمەن، تا نێو باخەکانی بەهەشت..

لەم سەفەرە موبارەکەدا هاودەم‌و هاوڕازم بە..

شـەو درەنگە چاوەڕوانی بەرەبەیانێکی نوێـم، لە چاوەڕوانی تـۆدا، بـە ئاواتی ڕۆژێکی نوێ، ڕووەو ئاسـۆ بێـدارم، من دەزانم خۆشەویسـتەکانمان هەرگیـز دڵیـان نایات بەجێمـان بێڵن.. من دەزانم تۆ هەرگیز من جێناهێڵی..

من‌و لاشەی پەپوولە ماینەوە بەس
شەوی دووری شەمیش تواوە لە کۆڕا.

(هێمن)

نامەی پازدەیەم

نامە نوریەکان

ئازیــزم لــەم نامەیەم بــەدوا حەزدەکــەم لە گوڵــزاری ژینی پێشــینان، چەپکە گوڵی ڕازاوەت بکەمە دیاری، تا هەمیشە مەستی بۆنی میسکو عەنبەری کردارو گوفتاری جوانی ئەوان بیت.

دڵەســپییەکەت بــە شــەونمی وتــە جوانەکانیــان خاوێنتــر بکەیتەوەو لە جیهانێکی پاکو بێگەردو فریشــتە ئاسادا ساتەکانی ژیانت بەسەربەریت!

ئــەوان بە نــوری ئیمــان شــەقامی هیدایەتیان بــۆ ڕووناك بووبووەوە، دەیانزانی چی دەکەنو بەرەو کوێ دەچن.

ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم دەڵێت:

دارنا أمامنا، وحياتنا بعد وفاتنا ـ فإما الى الجنة وإما إلى النار.

واتە: مەنزڵمان لە پێشمانەوەیە، ژیانمان دوای مردنمانە، لەوە دواش، یا بۆ بەهەشت، یا بۆ دۆزەخ!

هەربۆیــە هەمیشــە ڕێبــواری ئــەو ڕێگایــە بوون، بــۆ ئەو مەبەســتەش ســەرەتا لە دڵی خۆیانەوە دەســتیان پێکردووە، زۆر ئــاگاداری بــوون، چونکە ئەوان دەزانن کــە دڵ وەکو چۆلەکەیەك وایە، ڕۆژانە دەیانجار ئەم چڵو ئەو چڵ دەکات!

دڵ، وزەو توانای سەفەرە بەرەو خودا، پێشینان دەڵێن: بیابانی دونیا بە پێیان دەبڕین، بەڵام بیابانی بەرەو ئاخیرەت بە دڵ!

سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت: ئەگەر یادی مردن ساتێك دڵم جێبهێڵێ، ئەوا دڵم وێران دەبێتو تێکدەچێت!

ئەوان هەمیشە دڵیان بە خەمی ڕۆژی دوایی ئاوەدان کردبۆوە، مالیکــی کوڕی دینار دەڵێت: دڵ ئەگەر خەمی تێدا نەبێت، وێران دەبێت، هەروەکو چۆن ماڵێك کەسی تێدا نەبێت وێران دەبێت!

حاتــەم دەڵێت: دڵان دەســوڕێنەوە وەکو پەروانە، یا لە دەوری عەرشن، یا لە دەوری زبڵدانی شاوەتو ئارەزووەکان.

دڵ پاشای هەموو ئەندامەکانی لاشەیە، ئەگەر ئەو پاشایە باش بێت، ئەوا هەموو ئەندامەکان ســەربازی ئەونو گوێڕایەڵی دەکەن، دڵ کانگای تەقواو عبودیەتو ملکەچ بوونو کانگای خۆشەویستیو ئەوینی خودابییە.

کارەکانی دڵ بناغەی هەموو کارێکن، دڵە سەرچاوەی تەوەکوللو ترســی خوداو هیوا بــە خوداو ئیخلاسو ئارامگرتــنو ڕازیبوونو خۆشەویستی لەبەر خوداو ملکەچ بوونو تەسلیم بوونی تەواو!!

هەرکاتێــك دڵەکان پاکبوونەوە ئەوا چاوەکانمان، زمانەکانمان، هەستو نەستو خۆشەویستیمان هەموو پاك دەبن!

گرنگیدان بە دڵ کاری پیاوچاکانی ژیرە..

ئــەوان دەیانزانی کە دڵ تەنها بە یادی خودا ئارام دەبێت، بە خۆشەویستی خودا ئاسودە دەبێت..

﴿ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾ ﴾ الرعد.

دەیانزانی کە تەنها دڵە سپیو بێگەردەکانە لە ڕۆژی دواییدا ڕزگاریان دەبێت، ئەو دڵانەی لە هەموو گومانو ئارەزووییەکی خراپ بێگەردن: ﴿ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾ الشعراء.

گەورەترین بەڵاو نەخۆشیش دەردی دڵانە، کاتێك دڵەکان نەخۆش دەکەون بە دەردی حەسودیو ڕقو کینەو تاوانو گوناەو زوڵمو ستەم، کرمیَ دەبن!

ئیتر دەبنە تاریکستانی ئەنگوستە چاوو تاریکایی تاوان دایاندەپۆشێو نەخۆیان تامی ئاسودەیی دەکەنو نەکەسیش چاوەڕوانی خێریان لێدەکات!

ئەو کەسەی دەیەوێت خودا خۆشەویستی خۆی پێ ببەخشێت، با دڵی پاك بکاتەوە، خودا خۆشەویستی خۆی تەنها بە دڵە پاكو بێگەردەکان دەبەخشێت. ئەو دڵانەی سپین وەکو بەفر، پاکن وەکو گوڵ، ڕووناکن وەکو مانگە شەو، ئەو دڵانەی کانگای سۆزو ئەوینو میهرەبانین!

سەلمانی فارسی بە ئافرەتێکی گوت: شوێنێکی پاکم دەوێت بۆ نوێژ، پێی گوت: دڵت پاك بکەرەوە، هەموو شوێنێك پاکە!!

کەواتە با پێش پاککردنەوەی لاشەو جلوبەرگو جێگەو ڕێگامان، دڵەکانمان خاوێن بکەینەوە!

با لە نەخۆشییەکان بیانپارێزین، سەرەتا لە یەکەمینو خراپترین نەخۆشی ئەویش، تەکەببور.

یەکەمین تاوان لە مێژوودا تاوانی دوژمنی گەورەمان «ئیبلیس».

ئێمە زۆر سەیرین، بۆچی لەخۆمان بایی دەبین، لە کاتێکدا لە «دڵۆپێك ئاو خولقاوین»، سەرەتامان خۆڵە، گرانبەهاترین بەرگمان بەرهەمی کرمە کە « ئاوریشمە»!

شیرینترین خواردنمان کە هەنگوینە، بەرهەمی «هەنگە»!

دوا مەنزڵگاشمان چاڵێکی تەنگە لە ژێر گڵدا.

لە گڵەوە بۆ گڵ!!

دوای چەند سائێك لە مردنمان، خۆشەویستانمان لێمان بێزاردەبن، خۆئەگەر دوای چەند ڕۆژێك لە گۆڕدا بمانبینن، بێزیان نایەت تەماشامان بکەن!!

کەواتە شەرمەزارییە بۆ مرۆ فیزو تەکەببوری هەبێت، ئەمە نەخۆشییە، بەڵایە، خاوەنەکەی موبتەلای دەردێکی کوشندەیە!

دووەم نەخۆشیش لە مێژوودا حەسودیو ئیرەیی!

قابیل بۆچی هابیلی کوشت؟!

دەتەوێت: شادمانو ئاسودەو ئارام بژیت؟

حەسودی بە کەس مەبە، دڵت بە حەسودی بۆگەن مەکە، ئەسمەعی دەڵێت: کابرایەکم بینی تەمەنی (١٢٠)ساڵ بوو، پێم گوت: تەمەنت چەند درێژە! گوتی: وازم لە حەسودی هێناوە، بۆیە ماوم!!

نەخۆشییەکانی تر بەجێدەهێڵم بۆ خۆت، بەڵام هەوڵدە دڵت بە سپێتی بپارێزی، تا هەموو شتێکت لا سپی بێت، لەو دڵە سپییەی تۆشەوە تیشکی زیوین بەرەو دڵەکان هەنگاو بنێنو ڕووناکیان بکەنەوە.

ع. ش. شێرکۆ

له یادتان ناکه‌ین!!

لە یادی ڕاپەڕینو کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١دا

کاتێ دەریا لەرز دەیگرێ
خۆر دەتاسێ
ئاسمان ڕقی دەبێتەوە
عەشقی ئێوە لە دڵمدا کانییەکەو
سەرلەنوێ دەتەقێتەوە
ئەو کاتەی با
لانەی باڵندە تێکدەدا
ئەو کاتەی "چیا" بەفر بەرۆکی بەردەدا
ئەو کاتەی کە لالۆی شوان
گەرووی پاراوی وشکە بێ
پەنجەی لەسەر کونی شمشاڵێ بەردەبێ
من ناوتانم هەر لە ناو دڵما داناوە
وێنەتانم هەموو دەمێ
لەبەرچاوە
ئێوە هەنیسکی گریانێکن
بۆ ئەو ساڵەی
بەهاری بەخۆیەوە نەدی!

ع. ش. شێرکۆ / ئۆردوگای کامیاران
١٩٩١/٥/٢

ئەدەبی کوردی ١٩

لەگەڵ صابری شاعیردا

تەماشاکە دڵی تەنگم مەقاڵەی ئاتەشینێکە
مەچۆ نێوی وەرە سەرچاوەکانم شانشینێکە
بترسە ئاگری ئاهم بگاتە خەرمەنی حوسنت
ئەگەر چی خۆر لە خورشیدی جەماڵت خۆشە چینێکە
مەحاڵە عەندەلیبی دڵ بکا تەرکی گوڵی حوسنت
چ دەربەستە نیهایەت مەرتەبەی هەر سەربرینێکە
بریندارانی ئەترافت پەنایان بردە ئینسافت
بە حەقی ڕوومەتی سافت تەماشایی برینێکە
دەبێ کەی دەرکەوێ ڕووخساری شیرینت بکەم شورای
بە عالەمدا بڵێن ئەڵبەت ئەمیش فەرهادی چینێکە
دەڵێن ڕەحمو وەفاداری نەتیجەی حوسنی ئەخلاقە
لە کن دەورانی چاوی تۆ، وەفا قاتە، چ دینێکە؟

ئەم قەصیدەیە یەکێکە لە شاکارەکانی "صابری" شاعیر، کە ناوی شێخ نجم الدینی کوڕی شێخ عبدالرحمنی شۆریجەیە.

"صابری" لە ساداتی بەرزنجەیەو ساڵی ١٨٨١ لە گوندی شۆریجەی قەرەحەسەن لە دایکبووەو ساڵی ١٩٤٤ کۆچی دوایی کردووەو هەر لە گوندی شۆریجە بە خاك سپێردراوە.

"صابری" شاعیرێکی ناوازەیەو شیعرەکانی لە لوتکەدان، بەڵام بەداخەوە یەکێکە لە شاعیرە نەناسراوەکانو تا ئێستا زۆرێك لە ئەدەبدۆستان پێی ئاشنا نین.

هەرکەسێ تەماشای چەند دێڕە شیعرێکی "صابری" بکات، دەزانێت خاوەنی چ شیعرو قافیەیەکی بەرزە!!

بە چاوی قەسدی ڕۆحی من دەکا، دائیم لە پارێزە
خودا یارم لە فیتنەو من لە چاوی ئەو بپارێزە!

یاخود دەڵێت:

لەبەر ئێشی برینی دڵ دەکەم فەریادی بێ حاسڵ
بە شێتم ناودەبەن خەڵکی، زەمانێ پێم دەڵێن گێژە
ئەمامی قەدی تۆ، بەڵکو هەمیشە تازەو تەڕبێ
وەرە جانا، لەسەر ئەم دیدەیی پاراوە بینێژە

یاخو دەڵێت:

ئەو کەسە وا زوڵفی خۆیو عومری ئێمەی دا بە باد
هاتەوە خزمینە با ئێمەش بخوێنین "إن یکاد"

یاخود دەڵێت:

پرتەوی خورشیدە ئەم شەو، یا جەماڵی دولبەرە
بۆنی باغی جەننەتی ڕووی یارە، یاخو عەمبەرە
"صابری" گەر تالیبی یاری بزانە موختەسەر
ناگەیە مەتلوبی جانی، تا نەبووری لەو سەرە

لە قەصیدەیەکی جوانیشدا زیرەکیو شارەزاییو بەرزی فەلسەفەی شیعری "صابری" دەردەکەوێت کە دەڵێت:

عاشقان دڵیان بە دائیم پڕ خەیاڵو پڕ مەلال
بۆیە ڕۆژو شەو دەکەن باسی جەماڵو زوڵفو خاڵ
عاشقو عاقڵ، ئەگەر چی ڕەنگو سورەتیان یەکە
هەریەکی تامێکی تێدایە تورنجو پرتەقاڵ
عاشقان ناڵانو بێ سەبرو قەرارو گفتوگۆ
عاقڵان دڵشادو خوررەم، نیکتەدانو خۆش مەقاڵ
عاشقان مەجنونی دەوری لەیلو بیمارو زەعیف
عاقڵان ساغو سەلیمو شادو مەستی خەتو خاڵ
عاشقان پەروانە ئاسا سەرف ئەکەن جانو وجود
عاقڵان "صابر" گەلێ کۆشش ئەکەن بۆ جەمعی ماڵ

شێخانی